ماوەیەک بوو ڕژێمی عێراق هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتانی دەدا تا ڕەبییەی لێدرووست بکات بە مەبەستی پاراستنی وێستگەی کارەباو شارۆچکەی دووکان.

هێزێکی زۆری مغاویر و جاش بە پاڵپشتی دەیان دەبابەو ناقیلەو تۆپی قورس و ڕاجیمە لە کاتژمێر ٩ی شەوی ١٩٨٧/١/٩/٨ لە سێ لاوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیپی ٩٣ی کۆیەیدا.

قۆڵی یەکەم: لە ناحیەی خەلەکانەوە بەڕێگەی قەڵات و قامیشە و شێخ حاجی و کانی مازو کانی وەتمانەوە بەرەو بەرزاییەکانی پاڵەوانان و توژەڵەو هەر دوو شەیتان و حاجی قەڵا.

قۆڵی دووەم: لە قەزای دووکانەوە بەڕێگەی کەڵکە سماقدا بەرەو کەلی کەڵکە سماق و کەلی سارکەوکانی تووە.

قۆڵی سێیەم: بە بناری هەیبەت سوڵتاندا بۆ دێیەکانی حاجی قەڵاو سۆرەڵەو شیوەشان و قازبەگیان و داوداواو بۆگد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١) و کەرتی (٣) ی تیپی ٩٣ی کۆیە لێیاندان و شەڕێکی گەورەیان لە گەڵدا کردن تا کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٩ شەڕ بەردەوام بوو.

دوژمن بە زیانێکی زۆرەوە توانی هەندێک لە بەرزاییەکان بگرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگە لێنەگەڕان ئەو لوتکە و قوتە و بەرزاییانە بە پۆستاڵی ڕەشیان پیس بێت، بە نەخشەو پلانی ووردوو لە شەوی ١٩٨٧/١/١١/١٠ لە دوو لاوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی دوژمن.

قۆڵی یەکەم: هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی ٢١ی کەرکوک، ٢٥ی خاڵخاڵان، لە کاتژمێر ١٠:٤٥ دەقیقەی شەوی ١٩٨٧/١/١١/١٠ هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی (٥٠) جاش و بارەگای سریەو ڕەبییەکانی نێوان کەلی کەڵکەسماق و کەلی سارتکە لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەرداگرتن کە ١٥ ڕەبییەو بارەگای فەوج و دوو بارەگای سریە بوون، دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆر بوو.

دەستکەوتی ئەم قۆڵە:

٢ ئاربیجی ١١
١٣ کلاشینکۆف
٢ دکتاریوف
١ برنەو
٢ جیهازی (١٠٥)
٢ جیهازی P.R.C
٢ دەمانچەی تەنویر
دەیان گوللە هاوەن و ئاربیجی

هەزاران فیشەکی کلاشینکۆف و R.K.L
١ ئیڤا
٢ تویوتا
١ جیپی لاندرۆڤەر
٢ ئۆتۆمبیلی بەڕازیلی
سووتاندن و شکاندنی (٣) ئیڤا، ١٥ ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر
گرتنی (١) دەبابەی (٣٠٥٥)
سووتاندنی زیاتر لە (٢٥) خێمە

قۆڵی دووەم:

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە و ٨٧ی قەرەچوخ و دەستەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە کاتژمێر ١٠:٤٥ دەقیقەی شەوی ١٩٨٧/١/١١/١٠ هێرشیانکردە سەر ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن لە شاخی شەیتان باژێرو قوتەی ئیللەڵا کە زیاتر لە ١٠ ڕەبییەی دوژمنی لێبوو لە ماوەی کاتژمێرێکدا دەستیان بە سەر ڕەبییەکاندا گرت، لەو هەڵمەتەدا زیاتر لە ٤٠ مغاویرو جاش کوژران ئەوانیتریش هەڵاتن، لاشەی ١٦ مغاویر لە بەر دەستی پێشمەرگەدا بوو.

دەستکەوت:

٣ ئاربیجی
٢ قەننا‌س
٥ کلاشینکۆف
٢ هاوەنی ٦٠ ملم
٣ جیهازی ١٠٥
١ قناغی غاز
١ پاتری جیهاز
کۆی دەستکەوتەکان:

١٨ کلاشینکۆف
٥ ئاربیجی ١١ و دەیان گوللە
٢ قەنناس
٢ دکتاریوف
٢ هاوەنی ٦٠ ملم
یەک بڕنەو
٥ جیهازی ١٠٥
١ جیهازی P.R.C

لە گەڵ ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و کەلوپەل، قوربانی ئەم داستانە شەهید بوونی (٤) پێشمەرگە بوو.

١/ شەهید ئاراس مەمەند کەرتی (٣) تیپی ٩٣ی کۆیە
٢/ شەهید دکتۆر حەمید محەمەد ئەمین جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان
٣/ شەهید ئیسماعیل حەمید کەرتی (٣) تیپی ٢١ی کەرکوک
٤/ شەهید دەریا کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوک

ساڵی ١٩٨٧ ڕەهبەری سەید برایم لە تیپی ٩٣ کۆیە گواستراییەوە مامۆستا بەکر مستەفا کرایە فەرماندەی تیپی کۆیە

- مامۆستا بەکر فەرماندەی تیپ
- ئەحمەد کوردە جێگری تیپ

فەرماندە کەرتەکان

- جەعفەر حەمەدەمین فەرماندەی کەرت
- مامۆستا زیرەک فەرماندەی کەرت
- دارا عەبدولوەهاب فەرماندەی کەرت
- ئاشتی سابیر میرە فەرماندەی کەرت
- فریاد قەسرۆکی فەرماندەی کەرت

لە دوای ئەنفال:

- جەعفەر حەمەدەمین فەرماندەی تیپ
- مامۆستا زیرەک جێگری تیپ
- سەباح بەکر مەلا فەرماندەی کەرت
- کامەران ئەحمەد فەرماندەی کەرت

لێدانی ڕەبیبە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٢)ە و کەرتی تیپی٢١ کەرکوک و کەرتی تیپی ٩٣ی کۆیە لە کاتژمێر ١٠,٣٠ دەقیقەی شەوی ٣-١٩٨٧/٦/٤ هێرشیانکردە سەر ڕەبیبەیەکی دوژمن و زیانی زۆریان پێگەیاندن.

دەستکەوت ١ ڕەشاشی ئاربی کەی ، ٢ کلاشنکۆف، ٥ قناعی غاز

گرتنی سێ ڕەبیبە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١و٣) تیپی ٩٣ کۆیە و کەرتی (١و٢) ی تیپی ٩٩ بتوێن لەشەوی ١٨-١٩٨٧/٧/١٩ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبیبە لەسەر جادەی دووکان خەلەکان .

دوای گرتنی دوو ڕبیبەکە هێرشیانکردە سەر ڕەبیبەی ئەوبەریش و گرتیان.

زیانی دوژمن کوژرانی ١ جاش و بەدیلگرتنی ١٣ جاشیتر

دەستکەوت ٤ کلاشنکۆف و ١٦ مەخزەن

شـــەهید شـــەهرەی کـــــۆیە
1987/10/16

شەهرە لە وولاتی کۆیە ناوێکە هەرگیز لە یادو بیرەوەریدا کاڵ نابێتەوە، شەهریار ناوێکە دۆست و دوژمن دەیناسن و پێی ئاشنان.

شەهریار سالح موفتی ناسراو بە شەهرە لە ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٧ بووەتە پێشمەرگە لە ڕیزی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی (ی ن ک) لە ساڵی ١٩٧٩ لە داستانی قوڕە بەرازە بریندار بووە بەشداری و فەرماندەیی دەیان داستان و نەبەردی پێشمەرگانەی کردووە دژی دوژمنی داگیرکەر.

ساڵی ١٩٨٢ لە نزیک گۆپتەپە بۆسەیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا کاروانە سەربازییەکە کەوتە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانی کۆیە و ٧٥ سەرباز کوژران.

ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/١٦ لە کانی وەتمان هێزێک بە فەرماندەیی شەهریار لە کاروانی سەربازی فیرقەی چوار قوڕنەیاندا، لەو کاتەدا هێزێکی سەربازی لە پیرەمەگرونەوە هاتن و بە سەر شەڕەکەدا کەوتن، دوای شەڕێکی قورس شەهریار فیشەکێک بەر سەری کەوت و بە بریندای دەستگیر کرا.

دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر گوللەبارانکراو لە ڕۆژی ١٩٨٧/١١/٣ لە چوارقوڕنە لە کۆپتەر فڕێدرایە خوارەوە.

شەهریار یەکێک لە فەرماندە کەرتە ئازاو دلێرەکانی تیپی ٩٣ی کۆیەو دەشتی کۆیە بوو شەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ (ی ن ک) و خەڵکی ناوچەکە.

هەوالنامەی کتێب

تـــــیپی مـــــەڵبەندی ســـــێ
هـــەشت

تـــیپی مـــەڵبەندی ســـێ

لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان بەشدار بوو، ماوەی سێ مانگ لەو شەڕانەدا مانەوە، محەمەدی کاک هەمزە یەکێک لە فەرماندە کەرتە ئازاکان بوو ڕۆڵی دیاری هەبوو لە شەڕەکانی هێزی پشتیواندا، مامجەلال داوایکرد بوو لە کاتی گەڕانەوەیدا بە لای مندا بگەڕێتەوە.

دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیان لە کاتی گەڕانەوەدا محەمەدی کاک هەمزە چووە لای مامجەلال دوای هەواڵپرسین مامجەلال بە محەمەدی کاک هەمزەی ووت لە ئێستاوە تۆ فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (٣)یت.

سەید مەجید لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) بوو محەمەدی کاک هەمزە وەکو فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (٣) دەستبەکار بوو.

تـــیپی مـــەڵبەند

- محەمەدی کاک هەمزە فەرماندەی تیپ
- سمایل وەرتی جێگری فەرماندەی تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

- حاجی ئاغای ئێنێ فەرماندەی کەرت
- ڕەحمان حاجی خدر وەرتی فەرماندەی کەرت
- محەمەدی ئەحمەد مەولود فەرماندەی کەرت
- حارس ئاغا
- حاجی ئاغای لێوژێ
- ئەرسەلان کاک هەمزە

بارەگای تیپی مەڵبەند لە وەرتێ بوو، ئەرکی پاراستنی مەڵبەندی (٣) و سنوورەکە بە گشتی لە سەر شانی تیپی مەڵبەند بوو لە زنجیرەی کاروخ و زینی وەرتێ تا بەرزاییەکانی دیکەی ناوچەکە تیپی مەڵبەند بنکەو پێگەیان هەبوو.

شـــــەڕی نـــــاوخۆ
ئـــــــایاری 1983

تیپی مەڵبەندی (٣) لە زینی وەرتێ بوون مەڵبەند داوای لێکردن بێنە خوارەوە، حزبی سۆسیالیستی کوردستان پەلاماری ناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی کۆیەو هەولێریان دابوو هەتا گۆڕە شێر دەستیان بە سەردا گرتبوو، لە لایەکی دیکەوە هێزیان هێنابووە ئێزی، لێوژێ، بۆکریسکان.

لەو پەلامارانەدا حزبی سۆسیالیست تەنها نەبوو هێزی پارتی، حزبی شیوعی، پاسۆک تێکڕا بەرەی جود ئەو بەرەیەی دژی یەکێتی دروستیانکردبوو بەشدار بوون.

تیپی مەڵبەندی (٣) هاوشانی هێزەکانیتری یەکێتی دەستیانکرد بە ڕامالێنی هێزە پەلامارەرەکەی بەرەی جود.

تیپی مەڵبەندی (٣) لە (وەرتێ)وە چوونە زارگەلی هێزێکی حزبی شیوعی لە بۆکریسکان بوو تیپی مەڵبەند لەوێوە دەستیانکرد بە ڕامالێنی ئەو هێزانە.

هێزێک بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان لە مۆڵی ڕەش و پشتی قەڕناقا و پشت ئاشان هێرشیان دەستپێکرد، قادر خەبات لە دۆڵی باڵەییانەوە دەستیپێکرد، تیپی مەڵبەند چوونە خوار بۆڵێ بەو جۆرە هێزەکانی جود دەرپەڕێندران.

شـــــەڕی شـــــاخی ژارە

شێخ جەعفەر ناردی بە دوای تیپی مەڵبەندی (٣) بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە بچنە مەلەکان، تیپی کارۆخ و باڵەکیش لەوێ بوون، بەرنامەی گرتنی چەند شوێنێک داڕێژرا.

- تیپی مەڵبەند و کارۆخ و باڵەک گرتنی ڕەبییەکانی شاخی ژارەو زنجیرە چیای ماکۆکیان پێ سپێردرا.
- ڕەبییەی تاتی سماقێ بۆ تیپی ١٢ی سۆران دانرابوو
- تیپی کۆڕەک گرتنی سەیتەرەی شکارتەیان پێسپێردرا لە گەڵ ڕەبییەی کەندی بێریان

• ڕەشۆڵی کوێخا ڕەسوڵ گرتنی ڕەبییەی کلکەی شاخی (دواوێ)ی پێسپێردرا، وابڕیار بوو هەر تیپەی شوێنی خۆیگرت جێبێنەهێڵێت

کاتژمێر (١٠)ی شەو دانرا بۆ لێدانی ڕەبییەکان لە سەر شاخی ژارە شەش ڕەبییەی لێبوو تا کڵاوی دێوانە، تیپی مەڵبەند و باڵەک و کارۆخ بەرەو ڕەبییەکانی شاخی ژارە بەڕێکەوتن دوو مەفرەزەیان نارده خوار.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی ئەحمەد بە دیوی هەرتەلدا، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حسێن بە شان بە دیوێکیتردا.

کاتژمێر ١٠ی شەو چوار ئاربیجی ئاماده بوون لە کاتی خۆیدا گەیشتنە شوێن ڕەبییەی یەکەم بە چوار ئاربیجی لە ڕەبییەکەیانداو دووبارە بە ئاربیجی لێیاندایەوەو هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکە و گرتیان.

لە هەر دوو بەری شاخەکە (٥) ڕەبییەی تری لێبوو هەڵمەتیان بردە سەریان و هەر (٥) ڕەبییەکەی تریان گرت و چوونە کڵاوی دێوانە، لە ناو کڵاوی دێوانە چەکدارێک مابوو تەقەی دەکرد، محەمەدی کاک هەمزە ووتی لێیگەڕێن کڵاوی دێوانە مەگرن سبەی دەبێتە نیشانەی تۆپخانەکانی دوژمن کەسمان دەرناچێت بەڵام لەمدیواو دیودا دەتوانین شەڕ بکەین.

عەزیز داودو ڕەحمان سەیده و برایم کوێخا لە گەڵ گرتنی ڕەبییەکاندا دوو وولاخیان نارد بۆ خواردن و فیشەک بەڵام نەگەڕانەوە بۆ ڕۆژی دواتر دوو وولاخی تریان بە دوو کەسەوە نارد ئەوانیش نەگەڕانەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی تۆپخانە و کۆپتەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا، لە تیپی مەڵبەند پۆڵا شەهید بوو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

ڕەبییەی تاتی سماقێ تیپی ١٢ی سۆران گرتیان دوای گرتنی ڕەبییەی سماقێ تیپی ١٢ کشانەوە.

هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد تەنها چەند پێشمەرگەیەک مابوون محەمەدی کاک هەمزە، ڕەحمان حاجی خدر وەرتی، محەمەدی حاجی ئەحمەد، عەبدوڵڵا تاڵە، ڕەحمان سەیدەو دوو پێشمەرگەیتر محەمەدی کاک هەمزە بە ڕەحمانی حاجی

خدری ووت برۆ تۆ زۆر قورسیت بریندار بیت پێم هەڵناگیرێیت برۆ، ئەویش ووتی من ناڕۆم تۆ برۆ تۆش بریندار بیت هەڵتناگرم بشکوژرێیت هەڵتناگرم ئەگەر دێیت هەستە پێکەوە برۆین، هەستان ڕۆیشتن ڕەحمان سەیدەو دوو پێشمەرگەیتریش هاتن بریندارێکیان پێبوو هاتنە خوارێ بۆ گوڵان گەیشتنە سەر کانییەک ئاویان خواردەوە.

شـــــەهید بوونی حـــــەسەن وەڵـــــزی

حەسەن وەڵزی بریندار بوو لە ناو بەتانییەکدا هەڵیانگرتبوو نەیانزانی کە پارچەیەک چووەتە ناو سکی، گەیشتنە سەر جادەی گوڵان حاجی برای عەلی نەبی هات وولاخێکی پێبوو بریندارەکەیان سوارکرد بەڵام لە سەر پشتی وڵاخەکە شەهید بوو.

چـــــوار قوڕنە - چـــــالاکی

لەشەوی ١٥-١٩٨٥/٢/١٦ مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەندی (٣) لە سەیتەرەی چوارقوڕنەیاندا و نائیب زابطێک و سێ سەرباز کوژران ، لاشەی یەکێکیان کەوتە دەست پێشمەرگە .

گـــــرتی 7 ڕەبـــــیە

لەکاتژمێر (١٠) شەوی ٦-١٩٨٥/٥/٧ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣) هێرشیانکردە سەر حەوت ڕەبیەی دوژمن لە چیای ماکۆک لە ماوەی دوو کاتژمێردا دەستیان بەسەرداگرتن لەو هەڵمەتەدا ژمارەیەک لە دوژمن کوژران .

دەستکەوت ١ هاوەن٦٠ ملم ، ٥٠ گوللەی ئار بی جی، ١ کلاشنکۆف، ٣ سندوق فیشەکی بی کەی سی، ١ جیهازی کۆڵە پشت.

گـــــۆڕانکاری بـــــەردەوام
1988-1986

تیپی مەڵبەندی یەک بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوو لە دوای ساڵی ١٩٨٦ەوە چەندین گۆڕانکاری لە فەرماندە کەرت و تیپەکان بە سەرداهات لە سەرەتای دروست

بوونی تیپەکەوە تا شەڕەکانی سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٨٨ چەندین فەرماندە تیپ و کەرتی بە خۆیەوە بینیوە.

- محەمەدی کاک هەمزە یەکەم فەرماندەی تیپ
- عوسمان بچکۆل فەرماندەی تیپ
- سمایل وەرتی فەرماندەی تیپ
- محەمەد شینە فەرماندەی تیپ
- جارێکیتر سمایل وەرتی فەرماندەی تیپ دوای شەهید بوونی محەمەد شینە
- مامۆستا سەیفەدین ڕێبەری سیاسی تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

- ساڵح هەولێری فەرماندەی کەرت
- بورهان بلەیی فەرماندەی کەرت
- دڵشاد باویانی فەرماندەی کەرت
- بەهرامی ڕەسوڵ خۆشناو
- مام هێمن کەرتی مەشجەب
- سەنگەر
- خاڵە فاروق
- مامۆ مەلەکی
- قادری فەقێ عەولا

تیپی مەڵبەندی (٣) بە تیپی تۆپخانەش ناودەبرا چوونکە خاوەن چەکی قورس بوو لە دۆشکا و هاوەن و چەکیتر.

تـــۆپبارانی مۆڵگەی دوژمـــن

کاتژمێر داوانزە تا دووی نیوەی شـەوی٢٢-١٩٨٧/٢/٢٣ تۆپخانەی شۆڕش بە تۆپ و کاتیوشاو بە پاڵپشتی پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران و هێزی پشتگیری ناوچەکە تۆپبارانی بنەکانی ڕژێمیانکرد لەهەردوو شاری ڕەواندزو دیانە بەمجۆرە.

١- بنکەی مقەڕ فەوجی (٥) قەزای صدیق
٢- بنکەی لیوای (٢٣) و هەموو بنکە سەربازییەکانی قەزای صدیق (سۆران)
٣- حاویەی ڕەواندز
٤- دائیرەی ئەمن و مونەزەمەی دوژمن لە ڕەواندز
٥- مۆڵگەی جاشەکان
٦- بارەگای فەوجی سپیلک و ڕەبییەکانی دەوروپشتی

گوللە تۆپەکان بەچاکی شوێنی مەبەستەکانیان پێکا، دوژمن زیانی زۆری مادی و مالّی لێکەوت، پیاوانی بەعس بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە هەڵدەهاتن، بەردەوام ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە سەرقالّی گواستنەوەی ئاگرەکان بوون.

گـــــرتنی جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) لەشەوی ١١-١٩٨٧/٣/١٢ چوونە ناو شاری شەقلاوە و پێنج جاشیان دەستگیرکرد.
دەستکەوت ١ کلاّشنکۆف، ٨ مەخزەن

تـــــۆپبارانی مـــــۆڵگەی دوژمـــــن

کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢١ تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) بە تۆپ و کاتیۆشا تۆپبارانی ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە حەسەن بەگ و ڕەبییەکانی دەوروبەری، گوللە تۆپ و کاتیۆشاکان ئاگریان لە چەند مۆڵگەیەکی دوژمن بەرداو دەبابەیەکیان لە قوتەی حەسەن بەگ تێکشکاند.

مـــــــەڵبەندی (3)

کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ مەفرەزەیەکی قارەمانی بارەگای مەڵبەندی (٣) بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی هەریر شەقلاوە نزیک گوندی مامە جەلکە داناو ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگە قارەمانەکان لێیی هاتنە دەست و ئاگربارانیانکرد.

زیانی دوژمن:

(٣) سەرباز تەرمەکانیان سووتا

تێکشکاندن و سووتاندنی ئیڤاکە

دەستکەوت:

١ ئاربیجی بە کۆڵە پشتەوە

٣ کلاشینکۆف

هەمان مەفرەزە شەوی ٢٣/٢٤/٥بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی خەلیفان شەقلاوە دانا لە سەعات ٩ی شەو کاروانێکی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان گوللەبارانیانکردن.

لە ئەنجامدا (٥) جێبی قیادە تێکشکێندراو ژمارەیەک سەرباز کوژران و بریندار بوون.

شـــــەڕی ســـــماقوڵی

بروسکەیەکی کاک کۆسرەت بۆ تیپی مەڵبەندی (٣) هات مامۆستا سەیفەدین بە هاوەن و گوللە تۆپەوە بنێرن بۆ سماقوڵی.

هاوەن و گوللە تۆپەکانیان لە چەند وولاخێک بارکرد گەیشتنە شەڕگەکە، کاک کۆسرەت مامۆستا سەیفەدینی نارد قۆڵی هیران.

هێزەکان لە کەپکی گەروەتە بوون ئەو بەری کەپکی شیلانە بوو هێزی دوژمنی لێبوو بەڵام دۆڵێکی گەورە لە نێوانیاندا بوو، سوورکەکانی هیران هێزی پێشمەرگەی لێبوو تا دەگەیشتە فریز لە دامێنی چیای هەورێ.

مامۆستا سەیفەدین لە بەرزاییەکان هاوەنەکەی دامەزراند بە پشتی وولاخ گوللەیان بۆ دەچوو بۆیە ناچار هاتنە خوارەوە تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمن دەستیپێکرد.

هاوەنەکە لە دوو شوێن دانرا بوو سەرەتا بردیانە کەپکی گەروەتە لە سەر کەپکەکە دایانبەست دوژمن لە شەقلاوەوە هێرشی هێنا هاوەنەکەیان گواستەوە جێگەیەکی دەشتایی تا گوللە تۆپیان بە ئاسانی پێبگات، کەپکی گەروەتە و سۆرکەکانی هیرانیان تۆپباران دەکرد.

هاوەنەکە لە خوار دێی فریز بوو دەبابەیەک هات بە هاوەنەکە لێیاندا گوللەکە لە پەنا دەبابەکە کەوت سەفینی مەلا قەرە بە بێتەل قسەی لە گەڵ مامۆستا سەیفەدین کرد ووتی دەبابەکە ڕاوەستاوە ئەو جاشانەی لە گەڵیدان بەرەو کونە پردەکە دەڕۆن مامۆستا سەیفەدین گوللەیەکیتری پێوەنا دەبابەکە کشایەوە.

هاوەنی (١٢٠) لە تۆپخانەدا لە چالاکەکانە ڕاجیمە یان مینی کاتیوشا دەنگی ترسناکەو دوانزە گوللە بەیەکەوە لە زەوی دەدات بەڵام زۆر سەلامەتە، بەڵام هاوەنی (١٢٠) پارچەی زۆرە هەر چۆنێک بیهاوێژی زەرەر دەدات.

لە شەڕی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی دوو هاوەنی (١٢٠) بەشدار بوون، تەلعەت خدر لە دۆڵی سماقوڵی مامۆستا سەیفەدین لە دۆڵی هیران بە دوو هاوەن ئەو شەڕگە گەورەیەیان تۆپبارانەکرد.

تۆپخانەی شۆڕش لە کوری تەنگ هێزەکەی ڕژێمیان ڕاوەستاند، لە دۆڵی باڵیسانیشەوە بە هاوەن بەشداریانکرد.

شەوی کۆتایی شەڕەکە دوژمن تۆپبارانی سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیکرد دواتر زانرا هێزەکە یان پاشەکشە پێدەکەن و دەیانەوێت گوللە تۆپەکان لە سنگی چیاو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا خاڵی بکەنەوە.

بۆ بەیانی تۆپباران و پەلاماری دوژمن نەما دوژمن هێزەکەی کشاندەوە، ئەو پەلامارانە بە سەرپەرشتی (تەلح خەلیل دوری) بوو.

کۆپتەرێک لە خوار سولاوکێ نیشتەوە مەدای هاوەنەکەی نەدەگەیشتێ حەشوەیەکی زیادیان لێدا لەو شوێنەی کۆپتەرەکەی لێنیشتبووەوە تەپوتۆز هەستا.

هاوەنەکە قائیدەکی لێبووەوە ڕەکیزەکەی شکا، هەتا چوون قائیدەیتر بێنن کۆپتەرەکە هەستا.

کاک کۆسرەت دەستخۆشی لێکردن چوونکە لە ناو کۆپتەرەکەدا تالح خەلیل دوری تیابوو ئەفسەرێکیش بریندار بوو.

بەشی میکانیک و صیانەی دوژمن هاتبوون بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێل و ئیڤا پەککەوتووەکان نەیانزانیبوو هێزەکەیان پاشەکشەی کردووە کەوتنە ناو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣) و دەستگیرکران.

شـــــەهیدبوونی ســـــێ پـــــێشمەرگە
1988/2/5

شەوی ١٩٨٨/٢/٥ سێ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی مەڵبەندی (٣) بەدەستی غەدرو خیانەت بە دەستی ئەحمەد ناوێک کە بە بڕیاری ئیستخباراتی عێراقی هاتبووە ناو ڕیزەکانی شۆڕشەوە شەهیدکران و سێ پێشمەرگەیتریش بریندار بوون.

کەرتی (٢)ی تیپی مەڵبەندی ٣ لە گەڵ کەرتەکانیتر بە نۆرە دەچوونە چیای بەنی هەریر و ئەرکی پێشمەرگانەیان جێبەجێدەکرد.

شەوی ١٩٨٨/٢/٥ مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەند لە چیای بەنی هەریر کەپکی حەمەداغا لە ئەرکدا بوون ئەحمەدی خۆفرۆش لە کاتی خەوتنی پێشمەرگەکاندا زەفەری هێنا نارنجۆکێکی هەڵدایە ناویان و سێ پێشمەرگە شەهید بوون بەم ناوانە:

١/ شەهید قادر عەبدوڵڵا نەبی ناسراو بە قادر هەولێری فەرماندەی مەفرەزە

٢/ شەهید فواد تاقی خەڵکی کۆڕێ

٣/ شەهید زیاد حسێن خەڵکی فاتاوەی نزیک سیساوە

سێ پێشمەرگەی تریش بریندار بوون، ئەو کاتەی ئەحمەدی خۆفرۆش نارنجۆکەکەی هەڵدایە ناو پێشمەرگەکان قادر هەولێری فەرماندەی مەفرەزەکە هاواریکرد نەهێڵن ئەو خۆفرۆشە دەرچێت بەڵام ئەحمەدی خۆفرۆش ڕزگاری بوو گەڕایەوە باوەشی دوژمن.

پـــــــەلاماری دوژمـــــن
1988/2/26

زستانی ساڵی ١٩٨٨ لە خوار مێرگە سەر هێزێکی دوژمن پەلاماری ناوچەکەیدا، مامۆستا سەیفەدین هاوەنە سەدو بیستەکەی (١٢٠) لە بێراوا دانابوو کە هاوەنەکەیان دابەست بەفر بوو ئاوی لە بەر دەڕۆیی پێش ئەوەی دایبەستن دەیانزانی لە گەڵ یەکەم گوللە قائیدەکەی ڕۆ دەچێتە خوارەوە هەندێک داریان بڕی و ئامادەیانکرد تا لە گەڵ چوونە خوارەوەی هاوەنەکە داری لە بن دانێن و قوڕی بە سەرداکەن بۆ ئەوەی چیتر ڕۆنەچێ و نەچێتە خوارێ.

لە گەڵ تەقاندنی گوللەی یەکەم و دووەم ناچار بوون هاوەنەکە هەڵوەشێنن قائیدەکەی پڕدارو قورِو خۆڵ بکەن بۆ ئەوەی ڕۆنەچێ چوونکە بە تەقاندنی ٣ گوللە لولەکەی بەرز دەبوو.

تۆپبارانی هاوەنەکە ڕۆڵی زۆری هەبوو لە شەڕەکەدا پێشمەرگەکان لە ڕێگەی بێتەلەوە زۆر فشاریان دەکرد و دەیانووت حەشوەی زیاتری لێبدە پشتی ئێرە بکوتە، دوو سێ حەشوەی زیادیان لێداو چەند گوللەیەکیان تەقاند قائیدەی بنی هاوەنەکە درِا بستێکی هاوەنەکە لە سەرەوە مابوو ئەوەیتر چووە بن زەوی، بێتەلەکان فشاریان دەکرد بۆچی گوللە ناتەقێنن مامۆستا سەیفەدین دەیووت پشوو دەدەین ئەوانیش دەیانووت کەی وەختی پشووە، نەدەکرا مامۆستا سەیفەدین لە ڕێگەی بێتەلەوە بڵێت هاوەنەکە کار ناکات چوونکە بێتەلەکان کراوە بوون.

لە شێخ وەسان قائیدەیەکی تریان بە پشتی ووڵاخ هێنا هاوەنیان دابەستەوە لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندییان بە بێتەلی محەمەد شینەوەکرد ووتیان ئێمە ئامادەین بۆ بۆردوومان خەلێکی بچووک هەبوو چارەسەرمانکرد فەرموون کوێ بکوتین.

لە جیاتی محەمەد شینە پێشمەرگەیەک وەڵامی دایەوە ووتی مامۆستا هێزەکە شکاوە لە مەدای هاوەن چووینەتە دەرەوە، پێشمەرگەکە ووتی محەمەد شینە بریندارە مامۆستا سەیفەدین ووتی ئۆتۆمبیلتان بۆ دەنێرین بیگەیەننە نەخۆشخانە لە باڵیسان، پێشمەرگەکە بە گریانەوە ووتی نامەوێت درۆت لە گەڵ بکەم محەمەد شینەو عەبدوڵڵا ڕانیەیی بە دوا گوللە تۆپی دوژمن شەهید بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٦ محەمەد شینەو عەبدوڵڵا ڕانیەیی شەهید بوون، دوای شەهید بوونی محەمەد شینە، سمایل وەرتی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

ڕۆکێتی تۆڵە

ڕۆکێتی تۆڵە بریتی بوو لە چەکێک ناوی گراد بوو بەشێک لەو چەکانە لە ئێران وەرگیرابوو، گراد وەکو کاتیۆشا نەبوو.

کاتیۆشا هەبوو، هاوەنی ١٢٠ هەبوو، مینی کاتیۆشا و گراد هەبوون، ڕۆکێتی تۆڵە ساروخێکی لە سەر تەشکیل دەکرا سێ مەتر درێژ دەبوو هەتا ٢٥ کیلۆ مەتر زیاتر دەڕۆیشت.

وشیارە سوور لە سەر ڕۆکێتەکە بوو یان ڕۆکێتەکەی بەکاردەهێنا لە خوار دێی توتمەی بالیسان دابەسترا بوو کەڵەکینیان پێ بۆردومانەدەکرد.

سەربازگەکانی دەشتی هەریریان پێ بۆردومانەدەکرد، لە دۆڵی مەلەکان دیانەیان پێ دەکوتا، لە هیزۆپەوە سەربازگەی ڕانیەیان پێدەکوتا، ئەو شوێنانەی کە هاوەن و مینی کاتیۆشا نەیدەگەیشتێ بە ڕۆکێتی تۆڵە لێیاندەدان.

هاوەنی (١٢٠)، ٦ کیلۆمەترو ٣٠٠ مەتر دەڕۆیشت، کاتیۆشا١٢ کیلۆمەتر بۆ دوانزە کیلۆمەترو نیو دەڕۆیشت، بەڵام ڕۆکێتی تۆڵە لە سەرو (٢٥) کیلۆمەترەوە دەڕۆیشت.

گراد لە یەک دەبەستترا بادەدرا کە دەهات بە سێ پارچە دەهات، سێ پایەکی هەبوو لە سەر پشتی سێپایەکە شوێنێکی هەبوو لێی دەبەستترا، سیستەمی ڕەمی کردنەکەی سیستەمی کاتیۆشا بوو ئاگرێک دەریدەپەڕاند شۆرتی پێدەکرا پاش ئەوەی کە لە لولەکەوە دەردەچوو حەشوەیەکیتر گڕیدەگرت پێیاندەوت (حەشوە طائرە) کوێی مەبەست بووایە تا ئەوێ دەڕۆیشت، بە پێی ئەو مەدایەی دەیدرایە لە موەجەهەکەی جێگیر دەکرا بە پێی ئەو زاویەی دەویسترا بۆ کوێی بهاوێژێت.

ئەوەی گوللەکەی دەردەپەڕاند حەشوەیەک بوو ئەوەی دەیفڕاند حەشوەیەکیتر بوو، ڕاجیمەش هەمان شێوەیە ئەوەی لە لولەکە دەریدەپەڕێنێ حەشوەیەکە کە دەگاتە مەدایەکیتر، حەشوەیەکیتر گڕ دەگرێ پێیدەڵێن (حەشوە طائرە).

بەڵام سیستەمی هاوەن وانییە بنی هاوەنەکە بەستراوە دەرزییەکی لە بنەوە تێدایە دەرزییەکە لە بنی گوللەکە دەدات حەشوەیەکی تێدایە یەکسەر ئاگردەگرێت.

وەکو چۆن فیشەکێکی کلاشینکۆف دەتەقێنی دەرزییەکە دەیدات لە قونی فیشەکەکە، گوللەیەک سێ پارچە بوو بە پشتی ولاخ دەهات گواستنەوەی زەحمەت بوو بۆ مەعنەویاتی خەڵک ناویاننا بوو ڕۆکێتی تۆڵە سەر بە تیپی تایبەتی مەڵبەند بوو.

چەکەکانی تیپی تایبەت پێکهاتبوو لە:

١/ گراد

٢/ ڕۆکێتی تۆڵە

٣/ هاوەنی ١٢٠
٤/ دۆشکای ١٢,٥ ملم
٥/ کاتیۆشا
٦/ ڕاجیمەی ٦-١٢
٧/ ئەڵغامی دەبابە
ئەوە جگە لە ئاربیجی، بیکەیسی

لـــێدانی ســـــیساوا
1988

بلە قەرەج کاتیۆشایەکی پێبوو لە نێوان هەرووتە کۆن و شارسێنە بوو ، دوژمن بە نیازی ڕووخاندنی سیساوا بوو کاتیۆشاکە ٣٦ گوللەی لە گەڵ بوو.

مامۆستا سەیفەدین لە سەر شاخی بەنی هەریر بوو هێزی دوژمن هاتە ناو سیساوا دەستی بە تێکدانی ماڵەکانکرد.

مامۆستا سەیفەدین لە بەنی هەریرەوە داوای لە برایم کرد گوللەیەک بە تەنیا بهاوێژە بزانین شوێن مەبەست دەپێکێ، گوللەکە بە لای هەریردا ڕاستەیکرد، گوللەی دووەم لە سیساوایدا خاڵەکان تۆمارکران.

لە گەڵ لێدانی گوللەکان لە سیساوا تەپوتۆزی شۆفڵ نەما هێزەکەی دوژمن بەرەو هەریر هەڵاتن، دوو گوللەیتریان لە پشتی هێزەکەی دوژمندا، هێزەکەی دوژمن گەڕانەوە پەلاماری سیساوایان دایەوە ١٢ گوللەی کاتیۆشایان لە ناو سیساوادا لە تەپوتۆزی هەڵکێشا.

مامۆستا سەیفەدین داوایکرد ١٢ گوللەی تری لێدات، هێزەکەی دوژمن هەر لە ناو سیساوادا بوون، جاری سێیەم ١٢ گوللەی تریان لێدایەوە تێکڕا ٣٦ بۆ ٣٨ گوللەیان لێدا.

مامۆستا سەیفەدین پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی لە لابوو پێیووت باشە ئێمە شێت نین ئەوە جاشەو دێت دێی خۆی تێکدەدات ئێمە بڵێین چی.

هەوالنامەی کتێب

تـــــیپی 74ی بـــــاڵەك نـــۆ

تـــــیپی 74ی بـــــاڵەك

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و گۆڕینی بە تیپ لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) تیپی ٧٤ی باڵەک پێکهات.

تێکۆشەرەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک قاڵبووی خەباتی سیاسی چەکداری بوون لە سەرەتای دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ پێشمەرگە بوون لە دروست بوونی تیپەکانیشدا بوونە هەوێنی سەرکەوتن.

دەســـــتەی تـــیپی 74ی بـــاڵەك

- قادر خەبات فەرماندەی تیپ
- حەسەن کوێستانی لێپرسراوی سیاسی
- ڕەحمان سەیدە فەرماندەی کەرتی (١)
- کەمالی حاجی ئاغا فەرماندەی کەرتی (٢)
- برایم کوێخا فەرماندەی کەرتی (٣)
- عەلی کۆیلەیی فەرماندەی کەرتی (٤)
- حاجی برای حەسەن کوێستانی فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە
- مستەفا ناو پردانی فەرماندەی کەرت
- سۆران سالّی ١٩٨٣ بووە فەرماندەی کەرت

تیپی ٧٤ی باڵەک هەتا بەری گەڵاڵە و خۆشناوەتی چالاکییاندەکرد، بەرەی جود دەهاتنە ناوچەکانی باڵەکایەتی پێشمەرگەکانی (یەکێتی)یان غافڵگیر دەکرد، شەهید و بریندارییان دەکردن.

بە بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) هێزێک بە فەرماندەیی سەید کەریم، حەسەن کوێستانی، قادر خەبات، برایم کوێخا، مستەفا ناوپردانی پێکهات، هەر کەرتەی بەشێکی چووە ناوچەی خۆشناوەتی ناوچەی خۆشناوەتییان لە بەرەی جود پاککردەوە.

هـــــاوینی 1982
فـــــەوجی هـــــۆمەراوێ

عەقید سامی فەرماندەی فەوجی هۆمەراوێ بوو خەڵکی زۆر ئازار دەدا، بەردێکی گەورە لە سەروی فەوجەکە بوو، ئیسماعیل سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو هاتە لای برایم کوێخاو ووتی بەردێک لە سەرووی فەوجەکەیە ئەگەر بتەقێندرێتەوە چالاکی گەورە دەبێت.

هێزێکی تیپی ٧٤ی باڵەک بە فەرماندەیی برایم کوێخا شەوێک چوونە پشتی فەوجەکە ١٠ کیلۆ (T.N.T) یان لە گەڵ خۆیاندا برد لە گەڵ وایەرێکی زۆردا، (T.N.T) یان لە بەردە گەورەکە بەست، دوورکەوتنەوەو تەقاندیانەوە بەردە گەورەکە بە سەر فەوجەکەدا کەوتە خوارەوەو ١٥ سەرباز کوژران.

ســـــەر مێرگان

تیپی ٧٤ی باڵەک لە ساڵی ١٩٨٣ چوونە سەر مێرگان محەمەد سیاسی سەرپەرشتی هێزەکەی باڵەکایەتی دەکرد.

قیادە موەقەتە لە پشتیانەوە بوون ئێران تۆپبارانی سەنگەرەکانی سەر مێرگانی دەکرد تیپەکانی گەرمیان لە سەر مێرگان بوون لە گەڵ تیپی باڵەک و هێزەکانیتر یەکتریان دەگۆڕی.

ڕاگـــــواستنی چـــــۆمان
1983

چۆمان ناوچەیەکی سنوورییە نزیکی حاجی هۆمەران لە گەڵ شاری خانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاوسنوورە.

ڕژێمی عێراق لە چوارچێوەی پیلانی چۆڵکردن و ڕاگواستنی شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستاندا شارۆچکەی چۆمانی ڕاگواست و خەڵکەکەیان بردە چوارقورنە.

لە چوارقوڕنە ئۆردوگایەک بۆ حزبی دیموکرات درووستکرابوو خەڵکی شارۆچکەی چۆمانیان بردە ئەوێ نیشتەجێیانکردن، ئۆردوگاکەش ناوی ئۆردوگای چۆمانی بە سەردابڕا.

پێشتریش لە ١٩٨١/٨/٨ شارۆچکەی گەڵاڵە ڕاگوێزراو لە قەزای سدیق نیشتەجێکران.

تـــــێکچوونەوەی گـــــفتوگۆ

دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆ تیپی ٧٤ی باڵەک کلاوی دێوانەو سەر بێتواتەیان دەست بە سەردا گرت.

دوای گرتنی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣ و لە دەمەی گفتوگۆدا هێزەکانی دوژمن هاتبوونەوە هەندێک شوێن ڕەبیەیان لێدانابوو، تیپی باڵەک هێرشیان کردە سەریان و شوێنەکانیان گرتەوەو ڕەبیەیان لێدانا.

قـــەسرێ – چـــالاکی

مەفرەزەیەکی تیپی (٧٤) باڵەک لەشەوی ٢٨-١٩٨٥/٣/٢٩ بە ئیشوکاری شۆڕش چوونە ناوچەی قەسرێ پێشمەرگەکانی باڵەک تووشی ئۆتۆمبێلێکی وازی سەربازی بوون دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن .

ئەوەی لە جێبەکەدابوو کوژرا تەرمی نائب عەریفێک کەوتە دەستی پێشمەرگە.

قـــــەسرێ – چـــــۆمان

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتەکانی (٣،٥،٦)ی تیپی (٧٤) باڵەک کاتژمێر (٩)ی شەوی ٤-١٩٨٥/٩/٥ لەسەر جادەی گشتی قەسری چۆمان بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی جاش کەوتە بۆسەکەوە بە ئاربی جی و چەکیتر لێیاندا.

زیانی دوژمن کوژرانی دوو جاش و گرتنی (٥) جاش کەیەکێکیان ئامر سربە بوو لەبەر سەختی برینەکەی ئازادکرا

دەستکەوت ٦ کلاشنکۆف، ١ پەڕەشووت، ٦٦ مەخزەن

دۆڵـــــی خـــــانەقا

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٥ هێزەکانی دوژمن پەلاماری دۆڵی خانەقایاندا، هێزەکانی دوژمن لە قەسرێ، ماویلان، حافیز، کورتەک، دۆڵە ڕەقەوە پەلاماری دۆڵی خانەقایانداو دەستیان بە سەردا گرت.

تیپی ٧٤ی باڵەک پەڕینەوە باڵەییان و بارەگای تیپ چووە گۆڕە شێر، برایم کوێخا کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک.

دەســـــتەی نوێی تیپی ٧٤ی بـــــاڵەک

- برایم کوێخا فەرماندەی تیپ
- عوسمان بچکۆل جێگری فەرماندەی تیپ
- ڕەسوڵ حاجی خدر فەرماندەی کەرت
- فەقێی بوران فەرماندەی کەرت
- عەلی مام ڕەسوڵ فەرماندەی کەرت
- ڕەسوڵ مامە سوورە فەرماندەی کەرت
- برایم ڕەبەن فەرماندەی کەرت

برایم ڕەبەن بارەگای لە ئاشقۆڵکە بوو، عەلی مام ڕەسوڵ لە سوورە دێ بوو ڕەسوڵ مامە سوور دوای ڕۆیشتنی عەلی مام ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی کەرت بارەگای لە پشت ئاشان و قەرناقا بوو.

سنووری تیپی ٧٤ی باڵەک سنووریکی گرنگ بوو پێشمەرگە لە سەرکردایەتییەوە هەتا دەشتی هەولێر بەوێوە بەسترابووەوە، ڕێگەی هامووشۆی پێشمەرگە و گواستنەوەی بریندارو هێنانی چەک و تەقەمەنی و دۆستەکانی یەکێتی بوو لە ئۆپۆزسیۆنی عێراق و حزبە کوردستانییەکان

تیپی ٧٤ی باڵەکان سەنگەرەکانیان جێگیر بوون بۆ پاڕێزگاری لە ڕێگە سەرەکییەکانی هامووشۆی پێشمەرگە لە گەڵ ئەوەشدا لە شەڕو داستانە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشداری بەرچاویان هەبوو، هەر کاتێک سەرکردایەتی بۆ هەر ئەرکێک پێویستی بە تیپی باڵەک بووایە ئەوان ئامادە و هەمیشە پیاوی سەنگەر بوون.

بـــــەرگەڵو- دۆڵ مـــــازەڵە
ســـــاڵی 1986

هێزێکی تیپی ٧٤ی باڵەک بە فەرماندەیی برایم کوێخا و کەمال حاجی ئاغا فەرماندەی کەرت چوونە بەرگەڵو لەوێشەوە بۆ دۆڵ مازەڵە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە دۆڵ مازەڵە مانەوەو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

شـــــــەهید بوونی بـــــرایم کـــــوێخا
1986/10/7

قۆپی ئەستێرێی باڵەییان لە ژێر دەسەڵاتی تیپی باڵەکدا بوو هێزی دوژمن لە شەگەورێ هاتنە خوارەوە خەڵکی باڵەییان ناوچەکەیان چۆڵکرد.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٧ هێزێکی گەورەی داگیرکەر کە لە سەدان سەربازو قوات خاسە پێکهاتبوون بە پشتیوانی تۆپی دوورهاوێژ و کۆپتەری جەنگی پەلاماری قۆپی ئەستێرێی باڵەیانیاندا کە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەکی لێ دامەزرابوون.

جگە لە هێزی پیادەو کۆپتەر تۆپخانەکانی دوژمن لە سەربازگەکانی چۆمان و ڕێزان و قەسرێ تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد.

تیپی ٧٤ی باڵەک لە قۆپی ئەستێرێی باڵەییان بە فەرماندەیی برایم کوێخا ڕووبەڕووی هێزەکانی دوژمن بوونەوەو گورزی کوشندەیان لێوەشاندن، هێزی پشتگیری قارەمان شان بە شانی هێزی پێشمەرگە دەجەنگان تیپی ٧٤ی باڵەک گزرە مەیتی دوژمنیان لە سەنگەرەکانی قۆپی ئەستێرێی باڵەییان بۆ دوژمن دەناردەوە کە تیایدا (٧٠) قوات خاسە و سەربازی دوژمن کوژران و سەریان لە تاشە بەردە دوژمن شکێنەکانی باڵەییاندا.

حـــــاجی مـــــەحموودی ســـــووڕەبان

قـوات خاسەو سەرباز گەیشتبوونە بێک هـەوراز، هێزەکانی دوژمـن حاجی مەحموودی سووڕەبانیان بە زۆر هێنابوو تا چاوساغیان بۆ بکات، حاجی مەحموود

ڕێگەی لە هێزەکەی دوژمن هەڵە کرد، تا هێزەکەی دوژمن گەیشتن هێزی پێشمەرگە سەرکەوتن و سەنگەریانگرت، ئەگەر حاجی مەحموود ڕێگەی لە هێزەکەی دوژمن هەڵە نەکردایە زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی باڵەک شەهید دەبوون ئەم هەڵوێستەی حاجی مەحموود بە گیانی خۆی کۆتایی هات.

شەڕی ئەستێرێی باڵەییان بە تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن کۆتایی هات، بەراتی ئەم سەرکەوتنەش خوێنی گەشی چوار پێشمەرگە و دوو هاوڕێتی بوو لە ناویاندا برایم کوێخای فەرماندەی تیپی باڵەک.

شەهیدەکان:

١/ شەهید برایم حاجی کوێخا ناسراو بە برایم کوێخا فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک

٢/ شەهید محەمەد بیکەیسی فەرماندەی مەفرەزە

٣/ شەهید محەمەد مینە (نوری)

٤/ شەهید ڕەسوڵ حەمەدەمین

دوو هاوڕێتی:

١/ شەهید حاجی مەحموودی سوورەبان

٢/ شەهید زوڵیخا زرار عەولا

دەستکەوت:

لەم داستانەدا ژمارەیەک ئاربیجی، قەناس، بیکەیسی، هاوەنی ٦٠ ملم، کلاشینکۆف، گرینۆف، دکتاریۆف کەوتنە دەست پێشمەرگە.

لە داستانی قۆپی ئەستێرێی باڵەییان مەڕدار و جووتیاری ناوچەکە ڕۆڵی دیاریان بینی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی دوژمندا، مام ڕەشید حەمشین، ستار، بەکر، محەمەد حەسەن لە هێزی پشتگیری ڕۆڵی دیاریان بینی.

دوای شەهید بوونی برایم کوێخا فەرماندەی قارەمانی تیپی ٧٤ی باڵەک لە سەر فەرمانی مەڵبەند سمایل وەرتی کرایە فەرماندەی تیپی باڵەک.

دوای سێ مانگ مانەوەی لە تیپی باڵەک سمایل وەرتی گواستراییەوەو ڕەسوڵ حاجی کوێخا برای شەهید برایم کوێخا کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک.

شـــــەهید بوونی مـــــستەفا مـینە
بەهاری 1987

هێزێکی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٧٤ی باڵەکیاندا لە باڵەیان بۆ ماوەی چوار کاتژمێر گەمارۆی پێشمەرگەکانیاندا دوای شەڕێکی قارەمانانە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک گەمارۆکەی دوژمنیان شکاند.

لەو شەڕەدا مستەفا مینە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٤ی باڵەک شەهید بوو، لوقمان برایم کوێخا بریندار بوو.

گـــــرتنی دۆشـــــکەیەک

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی شەهیدان و بنکەی تیپی (٧٤)ی باڵەک و هێزی پشتگیری ناوچەکە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١١ دوای بڕینی دوو مەتر بەفری باریوی شکەوری و قۆپی شێخ ناسر دەستیانگرت بەسەر دۆشکەیەکی دوانزە و نیو

لەگەڵ (٢٢٦٧) فیشەک لەکاتی گواستنەوەی دۆشکەکەدا بلدۆزەرێکی یابانی ژمارە (٢٣٠٧) خەریکی پاکردنەوەی ڕێگەی ڕەبیەکان بوو، پێشمەرگەکان خۆیان لە بۆسەنا هەتا نزیک بوەوە، کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بلدۆزەرەکەیان فڕێدایە خوارەوە و وردو خاش بوو.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەمانڕۆژ پێشمەرگەکانی باڵەک دوو جبەخانەی تەقەمەنیان تەقاندەوە .

دەستکەوت (١٢٣٢) فیشەکی ڕوسی و ١٠ گوللە ئاربی جی و ٥٠ نارنجۆک.

ڕێـــــگای کـــــەڵەک، کـــــونە کۆتر
مـــــانگی 1987/3

ڕژێمی عێراق ڕێگایەکی لە کەڵەکی باڵەیانەوە لێدا بۆ کونە کۆتر لە نێوان زارگەڵی و پردە شاڵی تا بە سەر دۆڵی باڵەیاندا زاڵ بێت.

تیپی باڵەک چەند جارێک چوونە سەر هێزەکەی دوژمن کە ڕێگەیان لێدەدا خەڵکی باڵەییان نەیاندەهێشت لێیانبدەن دەیانووت ئێمە ئازار دەدەن.

لە گەڵ لێدانی ڕێگاکە ڕەبییەیەکیان لە سەر گردی بەرازی جێگیر کرد، تیپی باڵەک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکەو دەستیان بە سەرداگرت، ڕەبییەکە بتڵە غازێکی تیادا تەقییەوە.

زیانی دوژمن:

کوژران و سووتاندنی ٦ جاش

دەستکەوت:

ژمارەیەک کلاشینکۆف و ئاربیجی

قوربانی تیپی باڵەک شەهید بوونی حاجی خدر ماویانی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٤ی باڵەک.

گـــرتنی دوو ڕەبـــــییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ باڵەک و هێزی پشتگیری ناوچەکە شەوی ٢-١٩٨٧/٤/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی گرد بەراز و لەماوەیەکی کورت دا دەستیانگرت بەسەر دوو ڕەبییەدا .

زیانی دوژمن کوژرانی ٦ چەکدار

دەستکەوت ٣ ئاربی جی ، ٧ کلاشنکۆف و ١٢ مەخزەن، یەک ئاربی کەی، یەک پەڕەشووت، یەک دەمانچە، ٥٠٠ فیشەک، سووتاندنی ٢ جیهازی ١٠٥.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو .

شـــــەڕی گـــــــەماسوور
زنـــــجیرەی قـــۆپی ئـــەستێران
مـــانگی 1987/7

هەواڵ گەیشتە تیپی ٧٤ی باڵەک جاش دێنە سنوورەکە، چەند پێشمەرگەیەک لە سەر قۆپی ئەستێران دانران، ڕژێم ڕەبییەکانی زیادکردبوو لە گەرووی ئەسحابە و گۆڕەبۆتێ ڕەبییەی دانابوو.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ڕەسوڵ حاجی کوێخا بۆسەیەکیان بۆ سەربازی ڕەبییەکان دانا چەند سەربازێک کەوتنە بۆسەکەوەو دوو سەربازیان کوژران.

پێشمەرگەکانی تیپی باڵەک لە گەڵ بیستنی دەنگی تەقە بەرەو گەما سوور ڕۆیشتن شەڕ لە نێوان تیپی باڵەک و دوژمن دامەزرا شەڕەکە ماوەی سێ هەفتەی خایاند، دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەداو تێکدەشکا، لە ماوەی سێ هەفتە شەڕدا چەندین پەلاماری دوژمن شکا.

دوو کەرتی تیپی ٧٨ی کارۆخ بەشداری شەڕەکەیانکرد ڕۆڵی قارەمانانەیان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا، مەفرەزەیەکی پارتی بە فەرماندەیی حسێنی حاجی ئاغای کۆسرەتان بەشداری شەڕەکەیانکرد.

دەبابەکانی دوژمن لە شێخ ناسرەوە هاتن بۆ شەگەوری بەرانبەر سێکانیان، ڕاجیمەیەکی چلی لە سەری مامە ڕووت دانرابوو، فەوجێکی جاش هاتبوونە دیوی ئینزێ، تۆپخانەکانی دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکێڵا.

تەرمی دوو سەربازی دوژمن لە دەست پێشمەرگەکانی باڵەک بوون، هێزی پێشمەرگە و ڕژێم ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی دوو تەرمەکە بدەنەوەو شەڕەکە کۆتایی هات.

شـــــەهید بوونی ڕەســـــوڵ حـــاجی کـــــوێخا

شەگەور بە مین چێندرا بوو، تیپی باڵەک ڕێگەیان بە سەر شەگەورەوە بوو دەیانوویست مینەکان هەڵگرنەوە، ڕەسوڵی حاجی کوێخا چەند پێشمەرگەیەکی بردبوو تا مینەکان هەڵگرێتەوە، مینێکی پیادا تەقیەوەو شەهید بوو.

ڕەسوڵی حاجی کوێخا فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک بوو، کوڕی حاجی کوێخای کۆیلە بوو، بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەکە بوون برای شەهید برایم کوێخا بوو کە لە ١٩٨٦/١٠/٧ لە قۆپی ئەستێرێی باڵەییان شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی ڕەسوڵی حاجی کوێخا خاڵ موراد حاجی کوێخا سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد.

لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٨ تیپی ٧٤ی باڵەک ڕۆڵی گرنگیان بینی لە پەڕاندنەوەی هێزی پێشمەرگەدا.

تیپی ٧٤ی باڵەک تا مانگی ١٩٨٨/١١ لە باڵەییان مانەوە دواتر کشانەوە بۆ دۆڵە کۆگە- گوێزێ.

لە شەڕی (٤٠) ڕۆژەی سادردا لە ساڵی ١٩٨٩ ڕۆڵی دیاریان بینی لە گەڵ تیپەکانی تردا، تا ساڵی ١٩٩١ بارەگایان لە زەڵێ بوو، لە کاتی ڕاپەڕیندا لە گەڵ بەتالیۆنی (٤) هاتنە خوارەوە بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕیندا.

هەوالنامەی کتێب

تـــیپی 78ی کـــــاروخ
دە

تـــیپی 78ی کـــــاروخ

لـه سالّی ١٩٨٢ هـەرێـم و قـوەتـەکـان هـەڵـوەشـانـەوەو لـه جێگەیاندا تیپەکان دروستکران، قووەتی کاروخ که ئەحمەد مەولود فەرماندەی بوو هەمان شێوەی قووەت و هێزەکانیتر هەڵوەشایەوەو له جێگەیدا تیپی ٧٨ی کاروخ دروست کراو ئەحمەد مەولود کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـــــتەی تـــیپ

- ئەحمەد مەولود فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ
- برایم حەمەد حسێن جێگری فەرماندەی تیپی کاروخ

فـــــەرمانده کـــــەرتەکان

- شێخ ئیسماعیل فەرماندەی کەرت
- عەزیز داود فەرماندەی کەرت
- حسێن بندایزانی فەرماندەی کەرت
- حاجی وەسمان ڕەسوڵ (حاجی ماونی) فەرماندەی کەرت
- حاجی ئاغای حامید فەرماندەی کەرت
- زرار حاجی سەعید فەرماندەی کەرت
- سەڵاح خوشکانی ڕێبەری سیاسی تیپ

تیپی ٧٨ی کـاروخ له گـورز وەشـاندن له دوژمـن چـالاک و چەلەنگ بـوو، له سەر ڕێگەی ڕەبیيە سەربازییەکان (مین)یان دادەنا بۆسەیان بۆ دوژمن دەنایەوە، هێرشیاندەکردە سەر ڕەبیيەکانی دوژمن.

له چوارچێوەی جوڵەو چالاکییەکانیاندا له جوندیان ئۆتۆمبێلێکی سەربازییان سووتاندو چوار کلاشینکۆف دەستکەوت بوو.

دوای چالاکی جوندیان به چیای سەرکەشی (هەندرێن)دا گەڕانەوە ڕێگەی سەختی هەندرێن و تینوویەتی شەکەتی کردبوون.

شـــــەڕی کـــــونەکۆتر قـــــەندیل
شـــــەڕی دووەمـــــی جـــــود
1983/9/1

هێزەکانی بەرەی جود کە پێکهاتبوون لە پارتی، حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیست، پاسۆک هاتبوونە ناوچە سنووریەکانی قەندیل لە قەڵاتوکانەوە تا دۆڵی باڵەیان بڵاوبوونەوە.

تیپەکانی ٧٤ی باڵەک، ٧٨ی کاروخ هەرێمی ١٤ی ئاکۆ لە دۆڵی خانەقا پەڕینەوە دەستیانگرت بە سەر چیاو لوتکە بەرزەکانی مامە ڕووت لە دۆڵی خانەقاو کەڵەکی باڵەیان لە دۆڵی باڵەیان.

هاوکات لە گەڵ هاتنی هێزەکانی بەرەی جود هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانی (یەکێتی)دا هێزەکانی یەکێتی پاشەکشەیانکرد هێزەکانی عێراق کشانەوە هێزەکانی بەرەی جود بە فرسەتیان زانی و هاتنە شوێنی هێزەکانی یەکێتی کە لێی کشابوونەوە.

ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٣ هێزەکانی (ی ن ک) بە فەرماندەیی ملازم سەید کەریم و عەلی بچکۆل هێرشیانکردە سەر هێزەکانی جودو کەڵەکی باڵەیان و چەند شوێنێکی گرنگیان دەست بە سەردا گرت.

هێزەکانی پارتی لە بەر مەیدان بوون لە زنجیرە شاخی بییە، لەوێوە پەلاماری هێزەکانی یەکێتیاندا لەو شەڕەدا حاجی گەڵاڵی فەرماندەی دێرینی (ی ن ک) شەهید بوو، حاجی گەڵاڵی بۆ حەسەن کوێستانی بوو، بەڵام حەسەن کوێستانی لە شەڕگەکە دانەبەزی بۆ پرسەی براکەی هەتا پەلامارەکەی پارتییان وردو خاشکرد.

شـــــەڕی کـــــۆتایی

نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی شەڕەکەی دەکرد کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد، هێزەکەی کرد بە هەشت بەشەوە، بۆ هەر بەشێک لێپرسراوی یەکەم و دووەم و سێیەمی دانا بۆ کاتی هێرش کردنە سەر بەرەی جود.

دوو ڕۆژ پێش لێدانی بەرەی جود نەوشیروان مستەفا بە پێشمەرگەکانی ووت دوو سبەی دەیکەمە پەڕکەو[١٠]

شەوی ١٩٨٣/٨/٣١ کە بۆ بەیانییەکەی هێرشدەکرایە سەر بەرەی جود نەوشیروان مستەفا بۆ دواجار و دوا شەو کۆبوونەوەی لە گەڵ فەرماندەی هێزەکان کرد ڕێنمایی کردن، گرنگی شەڕەکەو دەرپەڕاندنی بەرەی جودی بۆ ڕووبەڕووبونەوە شەڕەکە کرا بە سێ قۆڵەوە .

کاتژمێر ١٠ی شەو هێزی یەکەم بەڕێکەوت حەوت هێزەکەیتر بە دوایدا کاتژمێر ٤:٢٠ دەقیقەی بەیانی شەڕ دەستپێکرد لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکانی بەرەی جود لە قەندیل کران بەو دیوداو کۆتاییان پێهات.

لەو شەڕەدا دوو فەرماندەی قارەمانی یەکێتی، ئەحمەد مەولود فەرماندەی تیپی کاروخ و نازمی حەمەی سلێمان فەرماندەی تیپی سورداش شەهید بوون.

لە شەڕی قەندیل کونە کۆتر شەڕی دووەمی بەرەی جود ئەحمەد مەولود هەڵۆی بەرزە فڕی قەندیل و فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ شەهید بوو، ئەحمەد مەولود یەکێک لە فەرماندە هەرە قارەمان و دلێرەکانی شۆڕشی نوێ و ناوچەی باڵەکایەتی و کوردستان بوو شەهید بوونی داخ و کەسەریکی گەورە بوو، تیپی ٧٨ی کاروخ و باڵەکایەتی فەرماندەیەکی دلێرو ئازایان لە دەست چوو.

دوای شەهید بوونی ئەحمەد مەولود هاوڕێکانی نەیانهێشت تفەنگەکەی بکەوێتە زەوی و سوێند خۆری درێژە پێدانی ڕێگاکەی بوون.

دوای شەهید بوونی ئەحمەد مەولود برایم محەمەد حسێن جێگری تیپی کاروخ کرایە فەرماندەی تیپەکە ڕەسوڵ مەولود برای ئەحمەد مەولود کرایە جێگری تیپ، تیپی ٧٨ی کاروخ بارەگای لە زارگەلی بوو لە کاتی گفتوگۆدا تیپی کاروخ هاتە وەرتێ.

❊

١٠ کە لە سەر بەفر کەو هەڵدەفڕێندرێ و دەکەوێتە سەر بەفرەکە و دەیگرن بەوە دەوترێت پەڕکەو.

کـــــەرتی ڕێـــکخستنی چـــۆمان

کەرتی ڕێکخستنی چۆمان لە سەرەتای دروستبوونییەوە جەبار فەرمان کرایە لێپرسراوی، دوای کاک جەبار کاکە عەبە کرایە لێپرسراوی کەرتەکە.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٣ بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانسی (٣) و هەڵبژاردنی کەرتەکانی ڕێکخستن کۆنفرانسی ناوچەیی لە گوڵان بەڕێوەچوو هەمان کات کەرتی ڕێکخستنی چۆمان هەڵبژاردنی بۆکرا.

قادری حاجی عەلی، ئازاد هەورامی، ڕێکەوت سەرپەرشتی هەڵبژاردنی کەرتەکەیان دەکرد هەڵبژاردنی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان بەمجۆرە بوو:

- ئازاد جوندیانی لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان
- محەمەد سەیدە ئەندام کەرت
- مام هێدی ئەندام کەرت
- عەلی زراعە ئەندام کەرت

سنووری چالاکی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان لە زینی وەرتێ، زارگەلی، دۆڵی شەهیدان، قەڵاتووکان بوو.

دەســـــتەی نوێی تـــیپی کـــــاروخ

دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٥، تیپی ٧٨ی کاروخ گۆڕانکاری بە سەرداهات، ژمارەی کەرتەکانی زیادیانکرد.

دەســـــتەو پـــــێکهاتەی تـــیپی کـــاروخ

- ڕەحمان سەیدە فەرماندەی تیپ
- ڕەسوڵ مەولود جێگری فەرماندەی تیپ
- مامۆستا ڕێبوار لێپرسراوی سیاسی
- ڕەسوڵ قەندە فەرماندەی کەرتی (١)
- شێخ ئیسماعیل فەرماندەی کەرتی (٢)
- ڕەحمان حاجی خدر فەرماندەی کەرتی (٣)

- مەلای مەحموود فەرماندەی کەرتی (٤)
- جەلال حاجی فەرماندەی کەرتی (٥)
- عەبدوڵڵا تەها فەرماندەی کەرتی (٦)
- حارس ئاغای وەرتێ فەرماندەی کەرتی (٧)

ئازاد جوندیانی لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان بوو، پێش ئازاد جوندیانی، جەبار فەرمان، کاکە عەبە لێپرسراوی کەرتەکە بوون.

بارەگای تیپی ٧٨ی کاروخ لە ناو وەرتێ بوو

کەرتی (١) لە بەڕۆژی بوو

کەرتی (٢،٤) لە سەر ڕێی سوڵتە بوو

کەرتی (٥) لە کەڵێتە بوو

کەرتی (٧،٣) لە سوڵی و زینی وەرتێ بوو

عەزیز داود سەرەتا لە قوەتی کاروخ بوو دواتر گواستراییەوە بۆ تیپی ٨٣ی هەورێ، دواتریش لە ساڵی ١٩٨٧ گەڕاییەوە تیپ و فەرماندەی کەرت بوو.

سەلاح دیلمانی سەرەتا جێگری کەرتی (١) بوو دواتر کرایە فەرماندەی کەرت.

تیپی ٧٨ی کاروخ پارێزگارییان لە ناوچەی وەرتێ لوتکەو چیا بڵندەکانی ناوچەکە دەکرد، شوێن و جێگەی تیپی ٧٨ی کاروخ گرنگی زۆری هەبوو بۆ هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش، ڕێگەی هاتووچۆی هێزی پێشمەرگە بوو ڕێڕەوو ڕێگەی تیپەکانی شۆڕش بوو چەق و ناوەندی چەندین ناوچەی گرنگ بوو، هەمووانی بەیەکەوە گرێدەدا، جگە لـەوەش لە تێکڕای شـەڕو داستانە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشدار بوون و جێگە دەستیان نەخشاوە.

جگە لە چالاکی و جەولە تیپی ٧٨ی کاروخ لە لوتکە و بەرزاییەکانی هەڵەموند، زینی وەرتێ، دەرە داسن، دڕەبی، گۆڕە بۆت، کەڵێتە، پشتی دەرگەڵە ئەرکیان پێ سپێردرا.

تـــیپی بـــاڵەك- كـــاروخ

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک و تیپی ٧٨ی کاروخ و تیپی مەڵبەندی (٣) لە شەوی ١٩٨٥/٥/٧/٦ کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی شەو هەڵمەتیان بردە سەر حەوت ڕەبییەی دوژمن لە چیای ماکۆک لە ماوەی دوو کاتژمێردا توانییان دەست بە سەر ڕەبییەکاندا بگرن، دوژمن زیانی زۆری لێکەوت لە ناویاندا ٣ جاش کوژران.

دەستکەوت:

١ هاوەنی ٦٠ ملم
١ ئاربیجی ژمارە ١٠
١ کلاشینکۆف
٣ سندوق فیشەکی بیکەیسی
١ جیهازی کۆڵە پشت (بێتەل)
٣ هێسترو تەلەفونێک و هەندێک کەلوپەلیتر
قوربانی پێشمەرگە چوار شەهیدبوو
١/ شەهید قادر عەریف ئەحمەد جێگری کەرتی (١) تیپی ٧٨ی کاروخ
٢/ شەهید ئەنوەر ڕەسوڵ فەرماندەی مەفرەزە کەرتی (٥) تیپی ٧٨ی کاروخ
٣/ شەهید حەسەن ئەحمەد خەلیفە تیپی ٧٤ی باڵەک
٤/ شەهید حەسەن تیپی مەڵبەندی (٣)

كـــاروخ و بـــاڵەك

ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٥ پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و ٧٤ی باڵەک لە چیای بێرمکە ڕووبەڕووی گەلە جاشێکی خۆفرۆش بوونەوە دوژمن، زیانی زۆریان لێکەوت و هەڵاتن، زیانی دوژمن کوژرانی ٧ جاش، لە نێویاندا ئامر سریەیەک هەبوو.

لـــێدانی ڕەبییە کاروخ- بـــاڵەك

لەشەی ١٩٨٥/٦/٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی کاروخ و باڵەک هێرشیانکردە سەر سێ ڕەبییەی جاش لەنێوان بێرمکە و کێوە ڕەش بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕەبییەکەیان بۆردومانکرد.

جاشەکان توانای بەرگرییان نەبوو تاکو ناوپیرانە ڕەش و بنزیریان هەڵاتن.

گـــرتنی (7) ڕەبییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (٧٨) کاروخ و (٧٤) باڵەک و تیپی مەڵبەند لەکاتژمێر یانزەو نیوی شەوی ١٩٨٥/٧/٦ هێرشیانکردە سەر حەوت ڕەبییەی دوژمن لەچیای ماکۆک، لەماوەی دوو کاتژمێر شەڕدا دەستیان بەسەرداگرتن لەوشەڕەدا دوژمن کوژراوی زۆری هەبوو.

دەستکەوت

١ هاوەن

١ ئاربی جی

١٢ کلاشنکۆف

٥٠ گوللەی هاوەن ٦٠ ملم

٣ سندوق فیشەکی بی کەی سی

١ جیهازی کۆڵەپشت

٣ هێستر

١ تەلەفون.

قوربانی شەهیدبوونی چوار پێشمەرگە بوو

*شەهید قادر عەریف ئەحمەد

*شەهید حەسەن ئەحمەد خەلیفە کەرتی (٣) تیپی٧٤

*شەهید ئەنوەر ڕەسوڵ فەرماندەی مەفرەزە

*شەهید حەسەن پۆلا تیپی مەڵبەند

هەوالنامەی کتێب

پـــــەلاماری دوژمـــــن

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ گەلە جاشێک بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە و ناقیلە پەلاماری ناوچەکانی قۆپی پەسیوان و گردی ساون و دۆڵی پڵنگانیاندا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی (٣،٤) لێیان هاتنە دەست و شەڕ تا کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆ بەردەوام بوو هێزی پێشمەرگە پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاندو ڕاویاننان، دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٩ سێ هەزار جاش و سەرباز بە پاڵپشتی تۆپ و فڕۆکە پەلاماری بۆڵێ و ئەستێرۆکانیاندا پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ هێرشێکی خێرایان کردە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن و شەڕێکی گەورە بەرپا بوو.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی کاروخ سێ پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند و ناوچەکەیان پێچۆڵکردن، زیانی دوژمن کوژرانی (٢) جاش بوو.

1985

شـــــەڕی هـــــەڵەموند

ساڵی ١٩٨٥ شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا لە هەڵەموند دروست بوو تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی ناوچەکەی دەستپێکرد، شەڕ تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام بوو لەو شەڕەدا محەمەد حەسەن پێشمەرگەی دلێری کاروخ شەهید بوو.

زارگـــــەڵی
ســـــاڵی 1985

هێزێکی گـەورەی دوژمـن هێرشی هێنایە سـەر زارگـەلـی، مـاڵ و بـارەگای پێشمەرگەیان سووتاند، هێزەکان نابەرابەرو لاسەنگ بوون دوای پەلاماری زارگەلی تیپی ٧٨ کاروخ ناوچەکەیان چۆڵکردوو لە وەرتێ گیرسانەوە.

کـــەمپی ئـــــیشغال

مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی، تیپی ٧٨ی کاروخ لە شەوی ١٩٨٥/٧/١٠/٩ هێرشیانکردە سەر کەمپی ئەشغالی سەرجادەی قەسرێ شێخ ناسرو کەمپەکەیان سووتاند.

زیانی دوژمن:

سووتاندنی (٢) شۆفڵ

سووتاندنی ١ گرێدەر

سووتاندنی هەموو کەلوپەلی کەمپەکە

بەدیل گرتنی (٥) شۆفێر

بـــۆڵێ- ئـــــەستێرۆکان

سێ هەزار جاش و سەربازی دوژمن بە پشتیوانی فڕۆکە و تۆپخانەی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٩ پەلاماری بۆڵێ و ئەستیرۆکانیاندا، پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ هێرشیانکردە سەر هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن شەڕی گەورەیان لە گەڵدا کردن.

هێزی دوژمن (٣) جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا هەر سێ جارەکە تێکشکان، لەو شەڕەدا دوژمن زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوت دوو جاش کوژران و ژمارەیەکیان بریندار بوون.

گـــــرتنی ڕەبـــــیە

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ کاروخ لەشەوی ١٣-١٩٨٥/١١/١٤ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی دووی قائیدەی حەسری قاطع نەینەوا کە دەکەوتە سەر چەقەنە شاخێک

زیانی دوژمن کوژرانی ١٢ جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت یەک ڕەشاشی بی کە سی، دوو قەناس، هەشت کلاشنکۆف و پەڕەشوتێک

زیـــنوی ئـــۆمەراوێ
کـــۆتایی مـــانگی 1985/12

کەرتی (٦)، کەرتی (٤)ی تیپی ٧٨ی کاروخ بە هاوبەشی هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەی زینی ئۆمەراوێ و دەستیان بە سەردا گرت، ١١ پارچە چەک کەوتە دەست پێشمەرگە لە ناویاندا دوو قەننناس و «بیکەیسی» یەک هەبوو لە گەڵ جیهازێکی کۆڵە پشت، لەو شەڕەدا دکتۆر ئەحمەد پێشمەرگەی تیپی ٧٨ی کاروخ بریندار بوو.

ئەو سەردەمە گرتنی بیکەیسی گرنگ بوو، پێشمەرگەکان «بیکەیسی» یەکەیان لە بەردەم بارەگا دانابوو خەڵک دەهاتن سەیریاندەکرد.

بـــۆسە لە شـــێخ نـــاسر 1986/3/21
تـــیپی کـــاروخ

زانیاری هەبوو مەفرەزەیەکی سەربازی دێن ئاو دەبەن بۆ ڕەبییەکان «بیکەیسی» یەکیان پێیە، ڕێگەی هاتنی سەربازەکان دەستنیشانکرا، بۆسەیەکیان بۆ دانان، (٧) سەرباز هاتن دوو هێستریان پێبوو پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ لێیاندان، ٦ سەرباز کوژران ئەویتریان بە بریندارى ڕایکرد.

دوو کلاشینکۆف و جیهازێکی کۆڵە پشت دەستکەوت بوون دوای چالاکییەکە دوژمن ناوچەکەی تۆپبارانکرد دوو تۆپی لە کارەگەلی مام سەعید داو (٤٠) کار کوژران.

مام سەعید گلەیی لە پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ کرد ووتی شوێن نەما بوو لەوێ چالاکی بکەن.

بـــۆسە - دەرگـــەڵە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کاروخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی دەرگەڵە- حافیز نزیک دێی ڕەژیکەیان دانا، دوو جاش کەوتنە بۆسەکەوەو دەستگیرکران.

دەسکەوت دوو کلاشنکۆف.

ڕەبییە ژمارە 3

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٧٨ کاروخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٩ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی ژمارە (٣)ی فەوجی (٣٣) لەئەنجامدا چەکدارەکانی ناو ڕەبییەکە هەڵاتن چەکداریکیش بەدیل گیرا

دەستکەوت

١ ئاربی جی

١ ڕەشاشی ئاربی کەی

١ کلاشنکۆف

١ جیهازی بێتەلی کۆڵە پشت

٩ نارنجۆک.

ســـێ چـــالاکی

شـەوی ١٩-١٩٨٦/٥/٢٠ تیپی (٧٨)ی کـاروخ هێرشیانکردە سەر چەند ماڵە خۆفرۆشێک لە ئەنجامدا (٣) چەکدار بەدیلگیران

دەستکەوت ٢ کلاشینکۆف ، ١ بڕنەو

دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی تیپی (٧٨)ی کاروخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢ دوو چەکداری دوژمنیان دەستگیرکرد.

دەستکەوت

٢ کلاشینکۆف و ١٢مەخزەن

هەمان ڕۆژ (٣) چەکداری دوژمنیان لە شاخی بنەساری دەستگیرکرد

دەستەکەوت ٣ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن

گـــــرتنی 8 ڕەبییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٧٨)ی کاروخ و ١٢ سۆران و دەستیەکی تیپی مەڵمەندی (٣) لەکاتژمێر ١٢,٣٠ شەوی ٣٠-١٩٨٦/٥/٣١ هێرشیانکردە سەر هەموو ڕەبییەکانی نێوان خانەقاو دووڕیانی دەرگەڵە کە ژمارەیان (٨) ڕەبییە

بوو، پێشمەرگە دلێرەکانی کاروخ و سۆران لە دوای هەڵمەتی بروسەکە ئاسایان دەستیانگرت بەسەر هەموو ڕەبییەکاندا .

زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ کەس و بیرندارببوونی ژمارەیەکیتر لەگەڵ ٦ دیل

دەستکەوت

٢ ئاربی جی ١١ بە ٦٢ گوللەوە

١ ڕەشاشی ئاربی کەی بە ٤ مەخزەنەوە

١٧ کلاشینکۆف ٥٢ مەخزەن

١ پەڕەشووت و ١٤٠٠ فیشەک

٨٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف

١جیهازی ١٠٥

١ دەمانچەی تەنویر

١ تەفەلون

٤٠ نارنجۆکی دەستی

کەلوپەلێکی زۆر دواتر ڕەبییەکان ئاگریان تێبەردرا

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەڵاڵەی تیپی ٧٨ کاروخ ئیبراهیم ڕەسوڵ ناسراو بە (بلە) بوو.

گرتنی ڕەبییەی شاوڕ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٤) ی تیپی ٧٨ کاروخ لەشەوی ١٩٨٧/٦/١٨/١٧ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی گردی شاوڕ و دەستیان بەسەرداگرت، ٩ کەسیان لەناو ڕەبییەکەدا بەدیلگرت.

دەستکەوت ١ ئاربی جی، ٩ کلاشنکۆف و ٥٠ مەخزەن ، ١ هێستر و کەلوپەلی ناو ڕەبییەکە.

چـــالاکی – هـــەریر

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (٨٣) ی هەورێ و تیپی ٧٨ کاروخ و لیژنەی ناوچەی شەقڵاوەی پارتی شەوی ١٦-١٩٨٧/٧/١٧ چوونە ناو ئۆردوگای هەریر و ٤ جاشیان دەستگیرکرد

دەستکەوت

٨ کڵاشینکۆف

١ پەڕەشووت

١٦ مەخزەنی کڵاشینکۆف و دوو ڕەخت گوللە

گـــرتنی مقەڕ فەوج و (10) ڕەبـــییە

هێزێکی هـاوبـەش لـە پێشمەرگەی تیپەکانی (١٢)ی سـۆران، ٧٨ کـاروخ و دەستەیەکی تیپی ١٩ی کۆڕەک و بارەگای مەڵبەندی (٣) و ڕێکخراوی (٢) لە شەوی ٧-١٩٨٧/٩/٨هێرشیانکردە سەر مقەڕ فەوجێک و (١٠) ڕەبییە لە دۆڵی خانەقا و لۆفەکانی گۆجارِ تا گردی سەلیم، لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەرداگرت .

زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٧٥ کەس لاشەی ٥٢ کەسیان کەوتە دەست پێشمەرگە لە ناویاندا مستەشارێک هەبوو.

بەدیلگرتنی ٦ کەس

زیانی مالّی دوژمن سووتاندنی مقەڕ فەوجەکەو (١٠) ڕەبییە، ١ جیهازی تۆمسۆن، ١ بی کەی سی ، زیاتر لە ٣٠ کڵاشنکۆف ، ١ ئیڤا

دەستکەوت

٥١ کڵاشنکۆف و ١٥٠ مەخزەن و ٢ جیهازی ١٠٥

قوربانی پێشمەرگە ٦ شەهید بوو

چـــالاکی دۆڵـــێ
1988/1/22-21

چەند ڕەبییەیەک لە دۆڵێ دەستنیشانکرا، نەخشەو پلانی دەست بە سەرداگرتنی دانرا، تیپی ٧٨ی کاروخ لە هەڵمەتێکدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکاندا.

ڕەبییەکان چرایان هەڵکردبوو چایان لە سەر ئاگر دانابوو سەرقاڵی چا لێنان بوون، لە گەڵ هەڵمەتی پێشمەرگەکانی کاروخدا ڕەبییەکانیان چۆڵکردبوو چایەکەیان لە سەر ئاگر جێمابوو.

کەرتی سەڵاح دیلمانی چوونە بەردانگە، ڕەئوف پێشمەرگەی کەرتەکەی سەڵاح دیلمانی شەهید بوو لە گەڕانەوەدا ڕەحمانی مام خدر خەڵکی دۆڵی شاوڕێ و پێشمەرگەی تیپی کاروخ شەهید بوو.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤ جاش

گرتنی ٨ جاش

دستکەوت

١٠ کڵاشنکۆف و ژمارەیەک مەخزەن

١ تاپڕ

١ سندوقی فیشەک و ٧ نارنجۆک

سووتاندنی ٤ ڕەبییە و ١ ئۆتۆمبێل

هەواڵنامەی کتێب

تـــــــیپی 12ی ســـــۆران
یـــانزه

تـــــیپی 12ی ســـــۆران

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان تیپی ١٢ی سۆران دروست بوو، سەرەتای دروستبوونی تیپی ١٢ی سۆران دەستەی تیپ بەمشێوەیە بوو:

حەسەن کوێستانی فەرماندەی تیپ

دڵشاد حەسەن ئاغا جێگری تیپ

مامۆستا ئەسعەد ڕێبەری سیاسی

کەرتەکان

حەمە ئاغا فەرماندەی کەرتی (١)

سەعیدی حەمەزیاد دواتر قادر حەمە زیاد فەرماندەی کەرتی (٢)

حاجی زرار فەرماندەی کەرتی (٣)

حسێن بەشان فەرماندەی کەرتی (٤)

حاجی گەڵاڵی فەرماندەی کەرتی (٥)

دوای ماوەیەک لە دروستبوونی تیپی ١٢ی سۆران حەسەن کوێستانی کرایە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەند.

دڵشادی حەسەن ئاغا ڕۆیشت بۆ چارەسەر نەگەڕایەوە تیپی سۆران، سەعیدی حەمە زیاد کرایە جێگری فەرماندەی تیپ و سەرپەرشتیاری تیپەکە دواتر کرایە فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران.

ماوەیەک کەمالی حاجی ئاغا سەرپەرشتیاری تیپەکە بوو لە سەرەتای دروستبوونی تیپی ١٢ی سۆران سنووریکی فراوانی هەبوو لە دۆڵی ئاکۆیان، ڕەواندز، دەشتی دیانا، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی ئالانە، خەلیفان، تا دەگەیشتە دەشتی هەریر.

هەنگاو هەنگاو تیپی ١٢ی سۆران گەشەیکرد لە گەڵ گەشەکردنی تیپەکەدا چەند کەرتێکی تر دروست بوو.

کەرتی (٢) گەشەی فراوانیکرد کەرتیتری لێدروستکرا:

- محەمەد قلۆ فەرماندەی کەرت بوو

• بورهان بلەیی لە ناو ڕیزەکانی سۆسیالیست گەڕایەوەو کرایە فەرماندەی کەرت
• جەبار سەیدە فەرماندەی کەرت بوو دواتر گواستراییەوە تیپی ۹۹ی بیتوێن
• شێخ فاروق لە ڕیزەکانی سۆسیالیست گەڕایەوە کرایە فەرماندەی کەرت
• قادر حەمە زیاد لە فەرماندەی کەرتەوە کرایە فەرماندەی تیپی هێزی پشتگیری، محەمەد گۆڕە شێری لە جێگەی کرایە فەرماندەی کەرت
• حەسەنە گەورە لە جێگەی بورهان بلەیی کرایە فەرماندەی کەرت

تیپی ۱۲ی سۆران لە سەرەتای دروستبوونیەوە دەیان نەبەردی و داستانی گەورەی تۆمار کردووە، چەندین چالاکی لە ناو شارەکانی ڕەواندز، هەریر، شەقڵاوە ئەنجامداوە، دەیان پەلاماری دوژمنی تێکشکاندووە، بەشداری داستانە گەورەکانی قەیوان ماوەت، داستانی ڕزگاری، کێڵ کێڵ و دەیان نەبەردی تر بووە- ئەو سنوورە بەرفراوانەی تیپی ۱۲ی سۆران لە ژێر هەڵمەتی تیپی سۆراندا مەیدانی بەزینی دوژمن و سەرکەوتنی پێشمەرگە بوو.

لە گەڵ دروستبوونی تیپی ۱۹ی کۆڕەک لە کاتی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراق و هەڵایسانەوەی شەڕ سنووری تیپی سۆران گۆڕانکاری بە سەردا هات و بەشێکی خرایە سەر تیپی ۱۹ی کۆڕەک.

تـــیپی 12ی ســـۆران
چـــالاکی، نـــەبەردی، داســـتان
شـــەڕی فـــەقیان مـــانگی 1982/10

گەلە جاشێک لە شەوی ٢٨-١٩٨٢/١٠/٢٩ هێرشیانکردە سەر بارەگای کەرتی شەهید حەمە زیادی تیپی ١٢ سۆران لە دێی فەقیان شەڕ لە کاتژمێر ٥_)ی بەرەبەیانییەوە دەستیپێکرد و کۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکەو بۆردومانیانکرد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی شەهید حەمە زیادو خەڵکی فەقیان ڕووبەڕووی جاشەکان بوونەوە و شکاندیانن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١١ جاش و برینداربوونی (١٥) جاش (١٠) یان برینەکەیان قورس بوو پێنجیان لە نەخۆشخانە مردن

بەدیلگرتنی (٩) جاش و (١) جوندی مغاویر بەناوی (عەلی جبر عزیز)

دەستکەوت

١١ کلاشینکۆف

٣ بڕنەو

٤٢ مەخزەنی کلاشینکۆف

١ جیهازی بێتەل ژمارە (١٠٥)

٣ دووربین.

بۆ ڕۆژی دوایی گەلە جاشێکیتر بە پشتیوانی تۆپخانە و کۆپتەر هێرشیانکردە سەر دێی ئاکۆیانی نزیک فەقیان، پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی شەهید وەسمان بەگ و کەرتی شەهید حەمە زیاد و کەرتی جەبار سەیدە و کەرتی تیپی ١٢ سۆران ڕووبەڕووی جاشەکان بوونەوە و شکاندیانن.

شەڕ لە کاتژمێر ٦ بەیانی دەستیپێکردو تا (٧)ی ئێوارەی خایەند .

هەوالنامەی کێبڕکێ

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ جاش و ٦ قوات خاسە و بریندارببوونی ٦ جاش کە بریتی چواریان قورس بوو.

دەستکەوت

٢ کلاشنکۆف

١ بڕنەو

١ جیهازی تورکی

یەک پێشمەرگەش بریندار بوو.

کـــــارگەی مـــــافور 1982

کارگەی مافوری ڕەواندز دوو جاشی شەعبی لێبوو، دوو کلاشینکۆفی سیخۆیان پێبوو مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) کەرتی (٥) تیپی ١٢ی سۆران بە چیای هەندرێندا پەڕینەوەو چوونە ڕەوانـدز، لە ناو کارگەی مافوری ڕەوانـدزدا هەر دوو جاش شەعبییەکەیان کوشت.

دەشتی هەریر بلوریان

کەرتی (٢) تیپی ١٢ی سـۆران لە سـەرەتـای سالّی ١٩٨٣ لە دەشتی هەریر بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، ژمارەیەک بە دیل گیران گەیەندرانە بارەگای مەڵبەند.

بـــــۆسە

مانگی ١ی سالّی ١٩٨٣ کەرتی شەهید جەمیل تیپی ١٢ی سۆران بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای هەریر دانا ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی هاوولاتیانیان ڕاگرت لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێکی جاش شەعبی کەوتە بۆسەکەوەو لە لایەن پێشمەرگەکانی سۆرانەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللەو لە ئەنجامدا جاشێکی شەعبی کوژرا.

شـــــەڕی وەرتـــێ

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٨ تیپی ١٢ی سۆران بەرەنگاری تاقمێک لە چەکدارەکانی قیادە موەقەتە و حسک بوون.

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٨ شەڕێک لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سـۆران و چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە و حسک لە وەرتێ ڕوویدا، لە ئەنجامدا پێنج چەکدار دەستگیر کران.

دەستکەوت:

١ ژێرسێ

٦ شانە

١ نارنجۆک

١ برنەوی ڕەقەم ١٢

١ دەمانچەی چواردە خۆر

کلاشینکۆف و دەمانچەیەکی چواردە خۆر

١ سیمینۆف

١ کلاشینکۆف

ڕۆژی ٤/١٩ شەڕێکیتر لە نێوان تیپی ١٢ی سۆران و قیادە موەقەتە و حسک ڕوویدا لە ئەنجامدا شەش کەس دەستگیرکران.

چـــــوونە ڕەوانـــدز
1983

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی تیپ و کەرتی شەهید حەمە ڕەشی سەر بە تیپی ١٢ی سۆران لە شەوی ١٩٨٣/٧/١١ چوونە ناو شاری ڕەواندز بۆ لێدان و گرتنی جاشەکان.

دوای ئەوەی شار کەوتە ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە دەستیان کرد بە گەڕان بە دوای خۆفرۆشانداو ٣ جاش دەستگیر کران.

هەوالنامەی کتێب

بـــــــۆسە
1983

مەفرەزەیەکی تیپی ۱۲ی سۆران لە ڕۆژی ۱۹۸۳/۷/۱۵ بۆسەیەکیان لە نێوان ڕەواندزو ئاکۆیان لە گەری شەمامک دانا هێزێکی دوژمن کەوتنە ناو بۆسەکەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە سەرەنجام سێ سەرباز کوژران دوانیش بریندار بوون.

دەستکەوت:

دوو ئاربیکەی فاس

دواتر هێزێک بە سەرپەرشتی ئامر لیوا هاتن و ئەوانیش ڕایانکرد، مەفرەزەکە سەرکەوتوانە گەڕایەوە.

شـــــــەڕی بـــــــاویان
1983/7/17

کەرتی دووی شەهید حەمە زیاد چوونە دەشتی هەریر، بەیانییەکی زوو گەیشتنە باویان، کەسێکی گومانلێکراویان بینی ووتیان دەستگیرت ناکەین بەڵام بەیانی وەرە بۆ مەڵبەند، ئەو کەسە لە جیاتی ئەوەی بچێتە مەڵبەند زانیاری لە سەر پێشمەرگەکان دابووە دوژمن.

پێشمەرگەکان لە سەر گردێک ئێشکگر بوون، ئاربیجی، ژێرسێ، بڕنەو ڕەشاشێکی دکتارۆفیان پێبوو.

کاتژمێر (۱)ی دوانیوەڕۆ پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناو دێ و هێزێکیتر لە کەرتی شەهید حەمە زیاد چوونە شوێنیان، پێشمەرگەکان لە ناو مزگەوتی باویان بوون سەعید کادر لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی پێوەکردن و ووتی ئاسمان پڕ بووە لە کۆپتەر.

هێزی دوژمن بەرەو باویان هاتن کۆپتەرەکان هێندە نزم بوون دادەنەوینە سەر ماڵەکانی باویان فڕۆکەوانەکە بە ڕوونی دەبینرا شەڕ لە نێوان دوژمن و پێشمەرگەدا دروست بوو تا کاتژمێر (۷)ی ئێوارەی خایاند، شەش کۆپتەر تا ئێوارە لە سەر

باویان بۆردومانیاندەکرد.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان بێ زیان بوون، دوژمن شکاو زیاتر لە (٥٠) چەکداری لێکوژرا، ژنێکی خەڵکی باویان شەهید بوو، خانوویەک بە بۆردومانی فڕۆکە سووتا.

هێزێکی دوژمن لە سیساواوە دزەیان کردبوو پێشمەرگە بۆیان ڕۆیشتن و لێیاندان، مام وریا کەوت و قۆڵی شکا کۆپتەرەکان بۆمبی دووکەڵیان فڕێدەدا تا تەرمی کوژراوەکانیان کۆبکەنەوەو ڕزگاریان بێت.

دوای تێکشکاندنی هێزی پەلامارەری دوژمن لە باویان، کەرتی دووی شەهید حەمە زیاد چوونە ناو خرواتان خەڵک پێشوازی لێکردن، خەڵکی خرواتان نان و خواردنیان بۆ پێشمەرگە ئامادە کردبوو.

دوای نان خواردن و پشوودان چوونە ناو هەریر لە ڕەبیبەکانی خانووی زراعەیاندا، کە سێ ڕەبیبە بوون، دوای لێدانی ڕەبیبەکان گەڕانەوە.

خـــەلیفان

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی شەهید حەمە زیاد لە شەوی ١٩٨٣/٧/٢٢/٢١ چوونە ناو شاری خەلیفان وبەرەنگاری کۆمەڵێک جاش و جاشی شەعبی بوونەوەو جاشێکی شەعبی بریندار بوو.

دۆڵـــی ئـــاکۆیان
1985/3/10

مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٥ ڕژێم ئامانجی بوو ئەشکەوتی کونەکەری بگرێت، چوونکە بە سەر ئاکۆیاندا زاڵ بوو ئەگەر ڕەبیبەی دوژمن لەوێ دابندرایە پێشمەرگە بە ڕۆژ نەیدەتوانی بچێتە ناو دێی ئاکۆیان، هێزی دوژمن جموجۆڵی دەستپێکرد و هێرشی هێنایە سەر ئاکۆیان.

هێزەکانی تیپی ١٢ی سۆران دابەش بوون بەشێکی هێزەکە پەڕینەوە ئەو بەری ئاکۆیان بەشێک پەڕینەوە پێش ئاکۆیان بۆ ناو بەردە گەورەکانی کانی مام شەمس

لەوێ دابەش بوون، بەشێک لە بن قەڵاتی ئاکۆیان بوون، بەشێکیش لە سەر قەڵاتی ئاکۆیان، بەشێک بۆ هەواری ئاکۆیان هێزی پشتگیری شان بە شانی پێشمەرگە لە سەنگەردا بوون، بەیانییەکی زوو دەنگی تۆپ دەهاتە گوێ شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمن دەستیپێکرد تۆپخانەی دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا، تۆپی دەبابەکانی دوژمن ڕوو لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوون.

تـــێکشکاندنی دوژمـــن

هێزێکی ڕژێمی عێراق لەکاتژمێر (٥)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/١٠ پەلاماری دۆڵی ئاکۆیان و گەڕەوانیاندا، مەفرەزەیەکی کەرتی (٢)ی شەهید حەمە زیاد و مەفرەزەیەکی تیپی (١٩) ی کۆڕەک و ناوچەی شۆڕشگێڕان و هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە دوژمن لەبەیانی تا ئێوارە (٧) جار پەلاماری ناوچەکەیدا هەر حەوت جارەکە تێکشکا.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣٠ سەرباز و بریندارببوونی ٤٠ سەرباز و شکاندنی ناقیلەیەک و ئیڤایەک قوربانی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو

*شەهید سەید جەلال ئیسماعیل فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی دووی شەهید حەمە زیاد

*شەهید جەبار عارف

بریندرابوونی (٣) پێشمەرگە

بـــۆردوومانی گـــــەڕەوانی ســـــەروو- خـــــواروو

ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٤ فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق پەلاماری هەر دوو گەڕەوانی خواروو سەرووياندا.

لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکەکانی دوژمندا ژمارەیەک لە خەڵکی گەڕەوان شەهیدو بریندار بوون مااڵی سۆفی محەمەد لە گەڕەوان تێکڕای خێزانەکەیان شەهید بوون.

شەهیدەکان:

١/ سۆفی محەمەد
٢/ ئایشە خێزانی سۆفی محەمەد
٣/ خاتوون محەمەد کچی سۆفی محەمەد
٤/ فاتمە محەمەد برازای سۆفی محەمەد
٥/ نارین کچی منالّەکانی سۆفی محەمەد
٦/ ڕەسوڵ ئەحمەد
٧/ مریەم مستەفا
٨/ ڕووناک مستەفا
٩/ ڕووناک عوسمان
١٠/ دەعیە شەهاب مەلەکی
١١/ خدر ئەلیاس
١٢/ دانیال عومەر

هەوالنامەی کێبڕکێ

بۆردومانی فڕۆکە- گەرەوان

کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٩ چورا فڕۆکەی جۆری میراج هێرشیانکردە سەر گەرەوانی خواروو بە سەختی بۆمبارانیانکرد هێزی پێشمەرگە و پشتگیری گەرەوان لێیان هاتنە دەست و ئاسمانی ناوچەکەیان لێکردنە ئاگر، لەئەنجامدا فڕۆکەکەیان خستە خوارەوە، هەندێک پارچەی فڕۆکەکە لە گەرەوان کەوتنە خوارەوە بەشێکیتری لە نزیک سەیتەرەی گەلی عەلی بەگ کەوتە خوارەوە.

ئەم ژمارەیەش لەسەر پارچەی فڕۆکەکە نووسرابوو (EA٢٥٠Q) ، زیانی خەڵکی گەرەوان ڕووخانی شەش خانوو بوو

دۆڵـــی ئـــاکۆیان
گـــرتنی فـــەوجی دۆڵـــی ئـــاکۆیان
مـــانگی 1985/7

فەوجی کوردۆ لە دۆڵی ئاکۆیان کەوتە بەر هەڵمەتی ڕەشەبا ئاسای تیپە دلێرەکانی (ی ن ک) و دەستی بە سەرداگیرا.

دۆڵی ئاکۆیان لە ڕەواندزەوە دەست پێدەکات لە گەڕەوان کۆتایی دێت زنجیرەیەک دێی لە خۆگرتووە چیای بەرزو سەرکەشی هەندرێن لەو دۆڵەدا هەڵکەوتووەو خۆی لە لێوارەکانی خەرەندی ڕەواندز دەسوێت.

بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا، شێخ جەعفەر، مام ڕۆستەم و بە هاوکاری تیپی ١٢ی سۆران نەخشەی دەست بە سەردا گرتنی فەوجی ئاکۆیان دانرا.

بە پێی بەرنامەو نەخشەی وورد لە شەوی ١٩٨٥/٧/٨/٧ هەر سێ تیپی قارەمان و دلێری ١٢ی سۆران، ٥٧ی سەگرمە، ٢٥ی خاڵخاڵان لە چەند قۆڵێکەوە هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای فەوجی ئاکۆیان و زنجیرە ڕەبییەکانی دەوروبەری، چوار پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران چاو ساغی تیپەکانی خاڵخاڵان و سەگرمە بوون، قادر ئاکۆیی یەکێک لەو چاو ساغانە بوو.

- قادر ئاکۆیی لە گەڵ هێزێکدا لە بەردەباز بوو
- عەزیز عەبۆو دکتۆر مەحموود لە گردبوزینە
- عەبدوڵڵا وەسمان لە بن کاولی بوو
- حەمەمین خەزایی لە بانە شان
- محەمەد گۆڕە شێری و ڕەحمان کەزیان بۆ قەڵاتە شوشێ

سەعیدی حەمە زیاد لە کانی نەبی کوێر هێزەکەی دابەشکرد، لە گەڵ تیپی ٥٧ی سەگرمە و حەمە ڕەشدا لە لای دەرگای سەرەکی و چێشتخانەوە هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای فەوجی ئاکۆیان و دەستیان بە سەرداگرت.

لە یەک کاتدا هەڵمەت برایە سەر ڕەبییەکانی دەوروبەری فەوجەکە بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگەی ڕەواندز ئاکۆیان دانا بۆ ئەو هێزانەی لە ڕەواندزەوە دێن بە فریای

شەڕەکەوە لە گەڵ لێدانی فەوجی ئاکۆیان و ڕەبییەکانی دەورووبـەری جێگری فەوجی کۆردۆ لە گەڵ گەلە جاشێک هاتن بە فریای شەڕەکەوە، لە سەر ڕێگەی ڕەواندز ئاکۆیان کەوتنە بۆسەی مەحکەمی پێشمەرگەوەو دەیان جاش کوژران لە ناویاندا فریادی جێگر فەوجی کوردۆ کوژرا ئەو شوێنەی فریادی لێکوژرا دواتر ناونرا لۆفەی فریاد.

شەوێکی مانگە شەو بوو خەڵکی ڕەواندز لە سەر بانی ماڵەکانیانەوە تەماشاچی شەڕەکە بوون، بلاچەی ئاربیجی و گوللەی گڕدار دەچوون بە ناو یەکدا ئەو دۆڵە ببووە چراخان و گۆڕستانی داگیرکەر، لەو داستانە زۆربەی ڕەبییەکانی دەورووبەری فەوج و بارەگای فەوجی ئاکۆیان دەستیان بە سەردا گیرا، بەڵام ئەو سەرکەوتنە بێ قوربانی نەبوو، بە خوێنی ٩ پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٥٠ کەس و بەدیلگرتنی ٤٣ کەس، سوتاندنی چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازی

دەستکەوت:

زیاتر لە ١٠٠ پارچە چەکی هەمەجۆر، یەک ملیۆن فیشەکی کلاشینکۆف و B K C ، دەیان سندوقی نارنجۆک، هەموو دەستکەوتەکان گواستراونەوە.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی ٩ پێشمەرگەی قارەمان بوو کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید مەحموودی حاجی فەرەج فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان
٢/ شەهید ئازاد مارف پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە
٣/ شەهید مستەفا لەتیف تیپی سەگرمە
٤/ شەهید سامان کەرکوکی تیپی سەگرمە
٥/ شەهید عومەر شێخ وەسانی تیپی سەگرمە
٦/ شەهید جەزا تالیب خاوێیی تیپی سەگرمە
٧/ شەهید محەمەد مەلا حەسەن تیپی سەگرمە

هەواڵنامەی کێبێ

دوو پێشمەرگە کەوتنە دەست دوژمن و لە سێدارە دران
بریندار بوونی پێنج پێشمەرگە

مەحموودی حاجی فەرەجی کۆکۆیی پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕش و قارەمانی دەیان داستان و نەبەردی بوو، فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان بوو لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراقدا گواستراپەوە تیپی خاڵخاڵان و لە هەڵمەت بردنە سەر ڕەبییەی بەردەباز شەهید بوو.

گـــرتنی فەوجی ئـــاکۆیان لە ئـــیزگەوە

گرتنی فەوجی ٧٨٣٠ و ٧ ڕەبییەی دەوروپشتی، لە دۆڵی ئاکۆیان نێوان شاخی هەندرێن و کۆڕەک لە ڕەشکان و بانە شانەوە.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ی سۆران، تیپی ٥٧ی سەگرمە، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، تیپی ٥٣ی شێروانە لە سەعات ١١ی شەوی ١٩٨٥/٧/٣/٢ هێرشیانکردە سەر مقەڕی فەوج و هەر حەوت ڕەبییەکەی دەورو پشتی کە دوو کیلۆمەتر لە ڕەواندزەوە دوورە لە ماوەی سەعاتێکدا دەستیان بە سەرداگرتن.

ئەوەی هەڵات، هەڵات، ئەوەی کوژرا، کوژرا ئەوانیتریش دیلکران و بەڕێزو حورمەتەوە نێردرانە شوێنی پێویست.

زیانی دوژمن:

١/ کوژرانی ملازم هەیسەم یونس داوود خەڵکی موسڵ
٢/ نائب زابت جەلال عەبدولواحید
٣/ ٩ سەرباز
٤/ معاون مستەشاری فەوجی ٤١ بە ناوی فریاد مستەفا
٥/ (٣٨) کەسیتر ناویان نەزانراوە
سووتاندنی ٧ ئۆتۆمبێل
٢ ئیڤا ١ گاز قیادە

٣ شۆفرلێت ١ لاندکرۆز
١ ماتۆر
بەدیلگرتنی ٤٢ سەرباز
قوربانی ٦ شەهید
١/ مەحموود حاجی فەرەج فەرماندەی تیپی ٢٥ خالّخالّان
٢/ عومەر ڕەشید، عومەر شێخ وەسانی تیپی ٥٧ی سەگرمە
٣/ محەمەد مارف ناسراو بە (حەمە ئازاد) تیپی ٥٧ی سەگرمە
٤/ محەمەد حسێن فلّامەرز تیپی ٥٧ی سەگرمە
٥/ ئیبراهیم ناسراو بە سامان تیپی ٥٧ی سەگرمە
٦/ مستەفا لەتیف شەریف سەگرمە

لە کاتێکدا دوو پێشمەرگە لە مالّی خۆیاندا ئیجازە بوون لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی شەڕەکەدا کە لە قۆڵێکی شەڕەکەدا بوون لە یەکتر گۆڕان و لەو شەوەدا شەهید بوون کە ئەم دوو پێشمەرگەیەن.

١/ سالّح عەلی فەرەج تیپی ٥٣ی شێروانە
٢/ حەکیم تیپی کۆڕەک

گـــــرتنی جاشێك

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ سۆران لە شەوی ٥-١٩٨٥/٨/٦ چوونە ناو شاری ڕەواندز جاشێکیان دەستگیر کرد .

دەستکەوت کلّاشنکۆفێک و حەوت مەخزەن و نارنجۆکێک.

کـــــلکەی شـــەکرۆك

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران لە شەوی ١٥-١٩٨٥/١١/١٦ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی گەورەی دوژمن لە کلکەی شەکرۆکی دەشتی هەریر زیانی دوژمن کوژرانی ١٩ جەیشی ناشەعبی و بەدیلگرتنی (١) جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت ٢٠ کلاشنکۆف، ٤ ڕەشاشی ئاربی کەی و ٦٠٠٠ فیشەک، هاوەنێکی ٦٠ ملم، دووربینێکی گەورە، فیشەکی قەناس و نارنجۆک

لـــێدانی فەوجێکی جـــــاش

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران لە شەوی ١٩-١٩٨٦/١/٢٠ چوونە ناو شاری ڕەواندز و هێرشیانکردە سەر کۆشک و بارەگای کۆردۆ.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران لە کاتژمێر ١٢,٣٠ تا ٤,٣٠ دەقیقەی شەو لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر کۆشک و فەوجی کوردۆ.

قۆڵی یەکەم پێشمەرگەکانی سۆران هێرشیانکردە سەر کۆشک و بارەگاکەی کوردۆ لە ماوەیەکی کەمدا جاشەکان هەڵاتن و دەستگیرا بەسەر بارەگاکەدا .

لەناو جبەخانەی بارەگاکەدا تەقەمەنی زۆر و زیاتر لە ٧٠ پارچە چەک و فیشەکی تیابوو هەر لەوێدا تەقێندرایەوە چوونکە لەبەر دووری ڕێگا نەتوانرا بگوازرێتەوە.

زیانی دوژمن لەم قۆڵە دا، کوژرانی ٦ جاش

بریندارببوونی ٨ جاش و گرتنی ٢ جاش

قۆڵی دووەم پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران هێرشیانکردە سەر بەنزینخانە جاشەکان خۆیان لەبەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا نەگرت و هەڵاتن.

زیانی دوژمن لەم قۆڵەوە

کوژرانی ئامر قاطع و چوار سەربازیتر

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی مستەفا حەسەن فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی سۆران ، بریندارببوونی دوو پێشمەرگەیتر

دەستکەوت

١ ئاربی جی

٤ کلاشنکۆف

١ پەڕەشووت

ڕەبـــییەی بـــەردی بـــازنان
گـــەلی عـــەلی بـــەگ
1986/3/25

تیپی ١٢ی سۆران بڕیار بوو فەوجی هیزۆپ بگرن بەڵام لە بڕیارەکە پاشگەز بوونەوەو بەرەو گەلی عەلی بەگ بەڕێکەوتن.

بەردی بازنانی گەلی عەلی بەگ دوو ڕەبییەی دوژمنی لێداکوترا بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران هەڵمەتیان بردە سەریان و دەستیان بە سەر ڕەبییەیەکدا گرت، لە گرتنی ڕەبییەی بەردی بازنان بە فەرماندەیی محەمەد گۆرە شێری دوو جاشی شەعبی دەستگیرکران.

لەو شـەڕەدا نیعمەت فەقیانی پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی ١٢ی سۆران شەهید بوو، دارە تەرمێکیان بۆ تەرمی شەهید نیعمەت دروستکرد، تەرمی شەهید نیعمەتیان خستە سەر دارە تەرمەکەو بردیانە دەشتی لۆکانێ لەوێشەوە بە سەر پشتی وولاخێکدا تەرمەکەیان بردە ئارانێ.

لە تۆڵەی شەهید بوونی نیعمەت فەقیانیدا سەعیدی حەمە زیاد هەر دوو جاش شەعبیەکەی کوشت.

هـــــەریر – بۆسە

کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٧ مەفرەزەیەک پێشمەرگەی تیپی ١٢ سۆران بۆسەیەکیان لەسەرجادەی هەریر – خرواتان دانا، ئۆتۆمبێلێکی بەڕازیلی کەوتە ناو بۆسەکەوە و دەستیان بەسەرداگرت، چوار جاش لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەستگیرکران .

دەستکەوت

یەک ئۆتۆمبێلی بەڕازیلی مۆدێل ١٩٨٣ ژمارە (١٢٣١٠)

دوو کلاشنکۆف و چوار مەخزەن

گـــــرتنی مودیرناحیەی ڕەوانـــــدز

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران لەشەوی ١٩-١٩٨٦/٥/٢٠ هێرشیانکردە سەر مالّی مودیر ناحیەی ڕەواندز و بێ تەقە دەستگیریانکرد.

ئەم مودیر ناحیەیە ناوی مستەفا نوری ئەحمەدو و خەڵکی ئیمام قاسمی کەرکوک بوو. سەرەتا مامۆستای سەرەتایی بوو لە کەرکوک دواتر ئەندامی حزبی بەعس و پلەی ڕەفیق حیزی بوو.

دەستکەوت

١ کلاّشینکۆف و دەمانچەیەک بوو.

ڕەوانـــــدز- ســـــۆران
1986

چوار پێشمەرگەی تیپی سۆران، محەمەد حەسەن، نـەورۆز، شوانە، سلیمان حەمەدەمین لە ساڵی ١٩٨٦ چوونە ناو شاری ڕەواندز، کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە گەڵ گاڕاندا چوونە گەڕەکی (کانی قوڕێ)ی ڕەواندز.

لە سەر لۆفەی ڕەواندز بۆسەیەکیان دانا ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە جاشێک دەستگیرکرا دواتر ئازاد کرا.

دوای بۆسەی لۆفەی ڕەوانـدز هاتنە ناو کارگەی سەهۆڵی ڕەوانـدز لەوێش جاشێکیان دەستگیرکرد بە مەرجێک ئازادیانکرد بیانگەیەنێتە بێخاڵ، بە جادەی بەرباخچاندا چوونە ناو قەزای سۆران، لە سەر پردی جوندیان بۆسەیەکیان دانا.

لە سەر لۆفی کاولۆکان نێوان سۆران و ڕەواندز بۆسەیەکی تریان دانا ڕەفیق حیزبییەکی عەرەب کەوتە بۆسەکەوەو دەستگیر کراو تەسلیمی مەڵبەندیانکرد.

ڕەبییەکانی دوژمـن لە سێ لاوە تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد، مامۆستا کەمال لە ڕێکخستنەکانی ناو شار هاتبووە لای پێشمەرگەکان فیشەکێکی بەرکەوت و بریندار بوو.

لـــێدانی فـــەوجی ڕەوانـــدز
زنـــجیرە چـــیای کـــۆڕەك
1987/2/10

تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) لە ناو بەفرو ڕنوو، گەردەلوولی زستانی سەختی ساڵ بوون بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن.

تیپە دلێرەکانی ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەک، ٨٦ ی دەشتی هەولێر، ٨٣ی هەورێ، ٨٧ی قەرەچوخ، ٧٨ی کاروخ لە شەوی ١٩٨٧/٢/١٠ و لە یەک کاتدا هەڵمەتیان بردە سەر فەوجی ڕەواندزو زنجیرە ڕەبییەکانی زنجیرە چیای کۆڕەک.

تیپی ١٢ی سۆران و ٨٦ی دەشتی هەولێر هەڵمەتیان بردە سەر فەوجی ڕەواندزو ڕەبییەکانی دەوروبـەری کە ناسراو بوو بە فەوجی سپیلک هەمان کات کەرتە

دلێرەکانی تیپی ١٢ی سۆران هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی مل تەوەکر، هاوکات لە گەڵ هەڵمەتی تیپەکانی ١٢ی سۆران و ٨٦ی دەشتی هەولێر تیپی ٧٨ی کاروخ هێرشیان کردە سەر زنجیرە ڕەبییەیەک کە لە تەنیشت ڕەبییەی ملتەوەکر بوو.

ڕەبییەی مل تەوەکر دەبابەی تیا بوو گرتنی قورس بوو تیپی ٧٨ی کاروخ بۆ پشتیوانی لە تیپی ١٢ی سۆران، بەشداریان لە گرتنی ڕەبییەکەدا کرد.

ڕەبییەی مل تەوەکر لە ناو ڕەواندزدا بوو، قارەمانەکانی تیپی ١٢ی سۆران بە هاوکاری تیپی ٧٨ی کاروخ دەستیان بە سەردا گرت و خاپوریانکرد.

بەمجۆرە دەست گیرا بە سەر فەوجی ڕەواندزو هەشت ڕەبییەی دەوروبەریدا، لەو سەرکەوتنە گەورەیەدا زیاتر لە ٣٠ ئەفسەرو جاش و سەرباز کوژران، سێ دەبابە سووتێنران، دوو دەبابە لە ناو فەوج و دەبابەیەک لە ناو ڕەبییەی مل تەوەکر، دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە دەیان چەکی سووک و قورس بوو کە پێکهاتبوون لە کلاشینکۆف، ئاربیکەی، دۆشکا، ئاربیجی، B K C ، هاوەنی ١٢٠ ملم و ٦٠ ملم.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی (٣) پێشمەرگەی قارەمان بوو:

١/ شەهید لەتیف بایز جێگری فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران

٢/ شەهید سەلیم مەحموود ئیسماعیل ناسراو بە کاروان پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

٣/ شەهیدێکی تیپی کاروخ

ئەحمەد کوردەو حەسەنە گەورە بریندار بوون هەر لەو شەوەدا بەشێکی شاری ڕەواندز دەستی بە سەردا گیرا.

زنـــجیرەی کـــوڕەک- بەنی هـــەریر

هاوکات لە گەڵ لێدانی فەوجی ڕەواندز (سپیلک) تیپی ١٩ی کوڕەک لە پشتی ئالانەو زنجیرەی کوڕەک هێرشیان بردە سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن.

هێزێک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای فەوجی سەر مەیدانی شەڕکان لە هەڵمەتێکی دلێرانەدا دەستیانگرت بە سەر بارەگای فەوجی

سەر مەیدانی شەڕکان و دوو دەبابەیان سووتاند، ژمارەیەک چەکدار بەدیلگیران و ژمارەیەکیش کوژران.

هێزێک بە فەرماندەیی جەمال هەرووتی هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەیەک و دەستیان بە سەرداگرت ١٣ کەسیان لە ناو ڕەبییەکەدا گرت.

هێزێک بە فەرماندەیی جەمال هەرووتی هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی شەڕکان، پێشی ڕەبییەکە مین ڕێژ کرابوو جاشەکانی ناو ڕەبییەکە ئاگادار بوون ووتیان نەیەنە پێشەوە کەرتی جەمال هەرووتی هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکە بەڵام نەتواندرا دەستی بە سەردا بگیرێت.

لەو هەڵمەتەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدۆ شەهید بوو، نەجات هەرووتی بریندار بوو، هاوکات لە گەڵ لێدانی فەوجی سەر مەیدانی شەڕکان و ڕەبییەکانی دەوروبەریدا لە بەنی هەریر شەڕ ڕوویدا بەڵام دووڕە تەقە بوو ڕەبییەکە نەگیرا.

مام قاسم و کەرتەکەی کەمین بوون تا پارێزگاری لە پێشمەرگەکان بکەن لە کاتی گەڕانەوەیان و هاتنی هێزی دوژمن بە هانای فەوجەکەو ڕەبییەکانەوە، هاوکات لە گەڵ هەڵمەتی پێشمەرگە دلێرەکانی تیپەکانی کوڕەک و کاروخ و سۆران تیپی هەورێ و قەرەچوخ بەشداری داستانەکەیانکرد.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە شەڕی کوڕەک ڕەواندزدا بەشدار بوون و دەستیان بە سەر دوو ڕەبییەدا گرت، خاڵە مستەفا هەرتەلی پێشمەرگەی تیپی هەورێ بریندار بوو.

هاوکات تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دەستیان گرت بە سەر دوو ڕەبییەدا ئەو شەوە جگە لە سەختی شەڕەکە بەفرێکی زۆر باریبوو پێشمەرگە لە ناو بەفری هەتا کەمەر باریوو تەزیودا هەڵمەتیان وەکو دڵی دایکی پێشمەرگە گەرم بوو.

لە گرتنی بارەگای فەوج و ڕەبییەکاندا سێ دەبابە سووتێندران دوژمن گورزی گەورەی بەرکەوت، چەندین چەکدارو جاش کوژران.

تـــۆپخانەی شـــۆڕش

مامۆستا سەیفەدین لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی کوڕەک بوو لە بەرگەڵو خولێکی لە سەر بەکارهێنانی هاوەن بینیبوو.

لە شەڕی چیای کوڕەک بەنی هەریر هاوەنێکی ١٢٠ ملم لابوو لە کاتی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە ڕەبییەکانی دارە ئیشک، کەپکە قەل، تۆپەدار، زنجیرەی کوڕەکی تۆپبارانکرد.

مامۆستا سەیفەدین پێشتر خاڵەکانی تۆمار کردبوو لە گەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە کوڕەک تۆپبارانی ڕەبییەکانی دەکرد بە تایبەت ئەو ڕەبییانەی کە نەتواندرا دەستیان بە سەردا بگیرێت.

هاوەنە (١٢٠ ملم)ەکە لە کوری تەنگ دابەستراببوو تۆپێکی (٥٧ ملم) ی دوژمن لە دارە ئیشک بوو لە جێگەی هاوەنەکەی دەدا، دوژمن بڵێسەی هاوەنەکەی لە کوری تەنگ دەبینی و تۆپبارانی دەکرد.

هەتا هێزی پێشمەرگە بە تەواوی لە ڕەبییەکان کشانەوە هاوەنەکە تۆپبارانی ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمنی دەکرد لە زنجیرەی کوڕەک.

دوای کشانەوەیان پێشمەرگەکان چوونە بیویک لە خوار دێی بناوێ کە چەند ماڵە مەڕداڕێک بوون لەوێ مانەوە نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەبابەو کۆپتەر بۆردوومانی بناوێیانکرد.

هاوکات لە گەڵ تۆپباران و ئاگربارانی بناوێ، تۆپبارانی دێیەکانی ئالانە، ڕماوێژ، بناویە، شارسینە، سارتکە، هەرووتە کۆنیان کرد.

هەمان کات ژمارەیەک کۆپتەرو فڕۆکەی پیلاتۆز دێیەکانی خەتێ، توتمە، شێخ وەسان، بێراوە بالیسانیان بۆمبارانکرد.

کـــــونی مـــەلا پـــــاشا
کـــونی بـــــێ بن

کونی مەلا پاشا، کونی بێ بن، لە نێوان فەقیان و ئاکۆیانە لە ناو گەلی ئاکۆیان، تیپی ١٢ی سۆران لە گرتنی فەوجی سپیلکی ڕەواندز گەڕانەوە، سەعیدی حەمە زیاد کەوتە کەمینەوەو دوو گوللەی بەرکەوت دوو پێشمەرگەی تیپەکانی کاروخ و دەشتی هەولێر شەهید بوون، لەتیف بایز جێگری تیپی ١٢ی سۆران و زاوای سەعیدی حەمە زیاد شەهید بوو.

دوو جاش بە دیل گیرابوون سەعیدی حەمە زیاد لە ناو گەلی ئاکۆیان چاوەڕێی هێزەکەی تیپی سۆرانی دەکرد، دوو جاشەکە پەنایان بۆ خاتوو ئایشە ڕەشی دایکی سەعیدی حەمە زیاد بردبوو کە نەهێڵێت بیانکوژن ئایشە ڕەش بە سەعیدی ووت شیری ئەم مەمکانەت پێ حەرام بێت ئەگەر بیانکوژیت بەڵام سەعیدی حەمە زیاد هەر دوو جاشەکەی بردوو هەڵیدانە ناو کونی مەلا پاشاوە کونی بێ بن.

کونی مەلا پاشا بێ بنە پێیدەڵێن کونی بێ بن، بە پێی گێڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە شمشاڵیان فڕێداوەتە ناو کونەکەوە چاوەڕێیان کردووە دوو دەقیقە هەر دەنگی نەبووە ئەوەندە قوڵ و بێ بنە.

هەر دوو جاشەکە چاو بەستراوو دەست بەستراو خرانە ناو کونی بێ بنەوە ئەو کونە بێ بنەی نە هەواڵێک نە زانیارییەک سەبارەت بە بنی نییە.

ئەفسانەی کونی بێ بن دەڵێ هەندێکجار کە شتێکیان خستووەتە ناوی لە کانییەکەی خوار کونەکەوە خوێن هاتووەتە دەر یان خوێن بینراوە.

دەڵێن کونی مەلا پاشا، کونی بێ بن لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و لە ساڵانی حەفتای ئەو شۆڕشەدا بە هەمان شێوە خەڵکی کراوەتە ناو.

کونی مەلا پاشا، کونی بێ بن گۆڕستانی مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکانە گۆڕستانێکی بێ بن، بێ گڵکۆ بێ ئاسەوار.

پـــــەلاماری دوژمـــــن
1987/5/18

دوای ئەوەی فەوجی ئاکۆیان و ڕەبیبەکانی دەستیان بە سەردا گیرا دوژمن لە هەوڵی دەست بە سەردا گرتنەوەی ناوچەکە بوو.

بەشی زۆری پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران لە ناوچەکانی سەرکردایەتی ئەرکی پارێزگاری سەرکردایەتیان پێسپێردرا بوو، بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و هێزی پشتگیری لە ناوچەکەدا مابوون، هەر دێیەو لە سنووری خۆی سەنگەری گرتبوو.

- ئاکۆیان لە بنەکاول
- فەقیان لە کێڵ کێڵ
- سەرانە لە گەرووی سەرانە
- بنمێردە لە گەڵ فەقیان پێکەوە بوون

هێزی پێشمەرگە و پشتگیری دوو دۆشکەی هەبوو، دۆشکەیەک لە ڕەشکی بەشان بوو، دۆشکەیەک لە تیژە شاخێکی بنەکاول بوو، سەعید کادر لە سەر دۆشکەکەی ڕەشکی بانەشان بوو، زانیاری گەیشت دوژمن دەیەوێت پەلاماری ناوچەکە بدات، جەلال سەیدە شەوێک هات ووتی هێزی دوژمن لە حامیەو جوندیانە.

نەبەز عەبدوڵڵا و جەلال سەیدە دوو هاوڵاتی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوون هاتنە لای تیپی ١٢ی سۆران ووتیان دوژمن پەلامار دەدات.

نەبەز ووردەکاری هێزەکەی دوژمنی بە ڕاپۆرت لابوو چەند فەوج و چەند کەتیبەیە، نەبەز بە پێشمەرگەکانی ووت کاتژمێر ٤ی بەیانی دوژمن پەلاماری ناوچەکە دەدات.

بارەگای تیپی ١٢ی سۆران لە گەرە بناوێ بوو پێشمەرگەو پشتگیری بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکران، هێزێک نێردرایە لای دۆشکەکەی بەری هەندرێن لە بنەکاولی.

هێزێک لە گەڵ قادر حەمە زیاد نێردرانە لای دۆشکەکەی ڕەشکی بانە شان هێزی پشتگیری لە بنەکاول (مین) یان لەو شوێنانە دانابوو کە گوماندەکرا دوژمن سەرەتای پەلامارەکەی لێوە دەستپێبکات، بەیانییەکەی (مین)ێک تەقی، پێشمەرگە هاوەنێکیان بە هێزەکەی دوژمنەوە ناو کەوتە ناویان، پێش کاتژمێر ٤ی بەیانی شەڕ دەستپێکرد فەوجێک بە سەرپەرشتی ڕائید کاکل پەلاماری دۆڵی ئاکۆیانیاندا تۆپخانەکانی دوژمن لە دارالسلام، حامیە، جوندیان، گۆران، سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان تۆپبارانی دەکرد، لە سەر سپیلکی ڕەواندز دەبابەی لێ دامەزرابوو.

تیپی١٢ ی سۆران تۆپێکی (١٢٠) یان هەبوو لە زارگەلی سەران دایاننابوو خەڵکی ڕەواندز هاتبوونە سەر گەلی ناو ڕەزان تەماشای شەڕەکەیان دەکرد.

تیپی ١٢ی سۆران دوو بێتەلیان لابوو بێتەلەکان چاو ساخیان بۆ تۆپ و دۆشکەکانی پێشمەرگە دەکرد، قادر حەمە زیاد دۆشکە و هاوەنی بەیەکەوە دەتەقاند.

دۆشکەکانی پێشمەرگە تەقەیاندەکرد گڕ لە لولەکانیان دەهاتە دەر دەبابەیەک لە فەوجی سپیلکی ڕەواندز تۆپی دەهاوێشتە شوێن گڕی لوولەی دۆشکەکان- تۆپی دەبابەکە هەندێک جار سەریدەکرد هەندێک جاریش کورتی دەکرد، تۆپێک دای لە سندوقی دۆشکەکە ژمارەیەک پێشمەرگە لە نزیکی دۆشکەکە بریندار بوون.

بریندارەکان:

١/ حەمەد بەگ

٢/ جەمال کەریم

٣/ محەمەد شۆشۆ

٤/ بێباک

٥/ کەمال هاشم

٦/ عەلی بیجانی

جەمال چاوی هاتبووە دەرەوە

بریندارەکان گواستراندەوە نەخۆشخانەی خەتێ و چارەسەریان بۆ کرا دواتر گواستراندەوە ئەشکەوتی گەرەوان، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی ڕەفیق شەهید بوو لەو

شەڕەدا دوژمن نەیتوانی بگاتە ئاکۆیان پەلامارەکەی دوژمن تێکشکێندرا.

دوای شکانی پەلامارەکەی دوژمن خەڵکی ڕەواندز هەلهەلەیان بۆ لێدابوون هێزەکەی دوژمن لە تۆڵەی شکان و هەلهەلەی خەڵکی ڕەواندز لە ناو شاری ڕەواندزدا شۆفڵیان لە خانوویەکدا بیڕوخێنن جاشێک تەقەی لە شۆفێری شۆفڵەکە کردو کوشتی، لە ناو شاری ڕەواندز خۆپیشاندان دروست بوو دامووەزگاکانی دوژمن دەستیان بە سەرداگیرا.

هـــاتنە ڕیـــزی پـــێشمەرگە
1987

ساڵی ١٩٨٧ شێخ مستەفای زینوێ بە خۆیی و فەوجەکەیەوە هاتنە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەو گەیشتنە زینە تیر.

فڕۆکەکانی دوژمن لە سەروچاوەی (خەتێ)یاندا دوو کەس لەوانەی لە گەڵ شێخ مستەفا هاتبوونە ڕیزەکانی پێشمەرگە شەهید بوون.

شێخ مستەفا لە ڕیزەکانی (ی ن ک) نەمایەوە چووە لەشکری قورئان، بەڵام هێزەکەی لە گەڵیدا هاتبوون لە ڕیزەکانی (ی ن ک) مانەوە، حاجی حارس، حاجی کەمال، مام تالیب لە تیپی ١٢ی سۆران کرانە فەرماندەی کەرت.

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ شێخ مستەفای زینوەیی بە تەواوی فەوجی ٨٨ پەیوەندی بە بارەگاکانی مەڵبەندی ٣ەوە کرد بەمشێوەیە:

شێخ مستەفا بە ٣٠٠ چەکدارەوە گەڕانەوە باوەشی شۆڕش و نیشتمان و ئەم چەک و کەل و پەل و سەربازانەیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا:

١/ ٢٠٠ پارچە چەکی هەمە جۆری زیادە

٢/ ٢٠ ئاربیجی

٣/ دوو ئەفسەر بە پلەی نەقیب یەک ئەفسەر بە پلەی ملازم، ٣٠ سەربازیان بەدیل هێنا.

٤/ ٣١ ئۆتۆمبێلی هەمە جۆر

٥/ هەشت جیهازی کۆڵەپشت

٦/ تەقەمەنییەکی یەکجار زۆرو کەلوپەلی فەوجی ٨٨

٧/ بەڵگەنامەی فەوجەکە

لە هەمانکاتدا محەمەد مۆریاسی بە فەوجەکەیەوە هاتە ڕیزی پێشمەرگە لە ناوچەی شارەزوورو سەیدصادق

بـــڕووسکەی مـــامجەلال

بە بۆنەی هاتنی شێخ مستەفای زینوەیی بۆ ڕیزەکانی (ی ن ک) هەڤاڵ مامجەلال بڕووسکەیەکی بەخێرهاتنی ئاڕاستەی شێخ مستەفا کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بڕووسکەی پیرۆزبایی بەخێرهاتنی سکرتێری گشتی (ی ن ک) هەڤاڵ مامجەلال بۆ کاک شێخ مستەفای زینوەیی)

برای خۆشەویستمان کاک شێخ مستەفای زینوەیی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بە ناوی هەموو (ی ن ک) هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو دڵسۆزانی کوردو کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی خۆت و هەموو برا پێشمەرگەکانی لای خۆتان دەکەم و پیرۆزبایی لە گەلی کوردستانیش دەکەم بە بۆنەی ئەم هەنگاوە دلێرانەی هەڵتانهێناوە بۆ پڕکردنەوەی جێگەی ڕاستەقینەی خۆتان لە ناو شۆڕش و (ی ن ک)دا بێگومان ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی وەک جەنابت ڕۆڵەی شەخسیەتی ناوداری نەمری کورد شێخ عوبێدوڵڵای قارەمانی پەیمانی سێ سنوور هەر دەبێ ڕۆڵەی تێکۆشەری ڕێگەی ڕزگاری کوردو کوردستان بێت.

من دڵنیام کە ئێستا گیانی پاکی شێخ عوبێدڵڵا لە بەهەشتی نەمریدا تاجی سەربەرزی مژدەی هاتنەوەتان بۆ ڕیزی شۆڕش ئەگات بە هەموو شەهیدانی نەمری کوردستان.

هیوادارم ئەم هەنگاوە جوامێرانەیەی جەنابت و براکانی لاتان نموونە بێ سەرمەشق بێ هاندەر بێ بۆ هەموو ئەوانەی لە ڕێگەی باوک و باپیرانیان لایانداوە یان لایان پێدراوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەڕێنەوە سەر ڕێگای کوردایەتی و شۆڕش و ئەوانیش وەجاخی باوک و باپیرانیان زیندوو گەش بکەنەوە چونکە زۆر مخابنە هەر لە پەنا خۆتانەوە شوێنەوارو وەجاخی ناوداراني وەک کاکە باس وغەفور خان و باڵو ئاغاو عەباس ئاغای پشدەری و مەحموود ئاغای هێرۆو سواراغاو میرانی ڕەشید بەگ بە جاشایەتی بۆ دوژمنی گەل و نیشتمان کوێر بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی

ئەمڕۆ ڕۆژی زانینی ئەم ڕاستییەیە کە هۆلاکۆی بەغدا دوژمنی خوێنەخۆری هەموو کوردە کە شەڕی ئێستاو ئەمجارەمان شەڕی هەموو کوردە لە دژی ئەفلەقیە هارە خوێن مژو فاشستەکان.

دەبا هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز ئەرکی سەرشانی بەجێبهێنێت و چیتر بە دوژمن فریو نەخوات و چیتر ڕاوی برای خۆی بۆ دوژمن نەکات و چیتر بە دەستی خۆی مااڵی خۆی و دێهاتی خۆی کاول نەکات.

بـرای دڵسۆزو دێرینم کاکە مستەفا بەڕاستی ئیمڕۆ هەموو کـورد شانازیت پێوە دەکـات و پیرۆزبایی ئـەو هەنگاوە دلێرانەیەتان لێدەکات منیش دووبـارە بەخێرهاتنەوەتان لێدەکەم و تکات لێدەکەم سڵاوم بگەیەنیت بە یەکە بە یەکەی برا پێشمەرگەکانی لای خۆتان.

هەر بژیت بۆ کوردو کوردستان
برای دڵسۆزتان مامجەلال
سکرتێری گشتی (ی ن ک) ٢٣ی مایسی ١٩٨٧

تۆپخانەی تیپی 12ی سۆران

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٤ تۆپخانەی تیپی ١٢ی سۆران لە کاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆ تاکو کاتژمێر (٧)ی ئێوارە زۆر بە خەستی تۆپبارانی ئەم مۆڵگەو داموودەزگایانەی ڕژێمیانکرد.

١/ بارەگای مونەزەمەی فاشیەکان
٢/ سەیتەرەی کاولۆکان
٣/ مقەڕی سریەی کارگەی مافور لە ڕەواندز
٤/ مقەڕی فەوجی سپیلک
٥/ ڕەبییەکانی لۆفەی کاولۆکان
٦/ بارەگاکانی دوژمن لە ناو ڕەواندزدا

گوللە تۆپەکان ئاگریان لە مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن بەرداو زیانی گیانی زۆریان لێدان

زیانی مالّی:
تێکشکاندنی دەبابەیەک

دەشـــتی هـــەریر

لە هەریر و دەشتی هەریر، لە ڕەواندز و ناو ڕەواندز لە گەری بێخاڵ، تیپی ١٢ی سۆران چەندین چالاکییان ئەنجامداوە.

لە سەر بەستی باسرمە دەست گیرا بە سەر ڕەبییەیەکدا یەکەم جار بوو بیکەیسی بگرن.

شـــەڕی کـــەڕەك
1987

ساڵی ١٩٨٧ ڕژێم هێرشیکردە سەر کەڕەک هەڵۆ حەسەن، سەردار شەڕکانی، ئازاد ئاکۆیی، ئەنوەر ئاکۆیی چوونە سەر کەڕەک و شەڕ تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو عەبدوڵڵا بۆرو هێزێک هاتن بە هانای شەڕەکەوە، کە شەو داهات ڕەبییەی باسکە دڕێژیان گرت و چەکدارێکی دوژمن کوژرا شایەنی باسە لە نیوەڕۆدا هێزی دوژمن شکا.

تـــۆپخانە

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٤ تۆپخانەی تیپی ١٢ی سۆران لە کاتژمێر (١) ی دوانیوەڕۆ تا کاتژمێر (٧) ی ئێوارە تۆپبارانی داموودەزگاکانی ڕژێمیانکرد لە ڕەواندز .

١/ بارەگای مونەزەمە
٢/ بارەگای سریەی کارگەی مافور لە ڕەواندز
٣/ سەیتەرەی کاولۆکان
٤/ بارەگای فەوجی سپیلک
٥/ ڕەبییەکانی لۆفەی کاولۆکان
٦/ مۆڵگەکانی دوژمن لە ناو ڕەواندز

گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستیان پێکا ئاگریان لە مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن بەرداو دەبابەیەکیان تێکشکاند.

چـــەند چالاکییەك

پیشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٦ لەسەر جادەی گشتی هەریر شەقڵاوە چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا و ١٠ جاش و سەربازیان دەستگیرکرد.

دەستکەوت

٣ کلاشنکۆف

١ دەمانچە،

٤ ئۆتۆمبێل

کوژرانی ٦ کەس

دۆڵـــی خـــانەقا
مـــانگی 1987/9

تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی سەلاح شینە چوونە ناو دەرگەڵە، بەرنامەی دەست بە سەرداگرتنی ڕەبییەی دۆڵی خانەقایان داڕشت.

لە هەڵمەت بردنە سەر ڕەبییەی دۆڵی خانەقا هەر دوو پێشمەرگەی قارەمان خالیدە ڕەش، شوانە شەهید بوون.

دۆڵـــی خـــانەقا
1987/9/7

بۆ جاری دووەم و لە شەوی ١٩٨٧/٩/٧ تیپی ٧٨ی کاروخ و تیپی ١٢ی سۆران بە پێی نەخشەو پلانێکی ووردوو داڕێژراو هەڵمەتیان بردە بارەگای فەوجی دۆڵی خانەقا و زنجیرە ڕەبییەکانی دەوروبەری.

تیپی ٧٨ی کاروخ لە هەڵمەتێکی خێرادا هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی سەرنەوس و دەستیان بە سەرداگرت، دۆڵی خانەقا دوو فەوجی فەیسەڵ ماونی و فەهد کەرکوکی لێبوو.

کەرتی ٤ی شەهیدانی تیپی ١٢ی سۆران ڕەبیبەیەکیان بۆ دەستنیشانکرا بە سەر دێی ڕەژیکەریاندا دەیڕوانی، ڕەبیبەیەکی سەخت و یاخی بوو مەولان دەرگەڵەیی دەلیلی کەرتی چوار بوو لە پشتی ڕەژیکەریان بەرەو ڕەبیبەکە بردنی شوانە، خالیدە ڕەش، سەردار شەڕکانی لە گەڵیدا چوون بۆ بینینی ڕەبیبەکە.

لە ناو ڕەبیبەکەوە دەنگیاندان پێشمەرگەکان کشانە دواوە جاشەکان بە ئاگا بوون ووتیان تکاتان لێدەکەین یەخەمان بەردەن تەسلیم نابین، بەڵام پێشمەرگەکانی سۆران لەو هەڕەشانە نەدەترسان، هەر سێ پێشمەرگەکە گەڕانە دواوە چاوەڕێی کاتژمێری سفریان دەکرد، پێش کاتژمێر ١٢ی شەو پێشمەرگەکان دابەشبوون خالیدە ڕەش، سەردار شەڕکانی شوانە، حەمەدەمین خەزایی، ڕەشاد دەستەی هێرش بوون.

کاتژمێر ١٢ ی شەو شەڕ دەستپێکرد لە هەموو لایەکەوە هەڵمەت برایە سەر ڕەبیبەکانی دوژمن.

کەرتی چوار هێرشیانکردە سەر ڕەبیبەکە یەکەم هەنگاو گەیشتنە لێواری ڕەبیبەکە جاشەکان بە نارنجۆک و کڵاشینکۆف لێیاندان، سەردار پارچەیەکی نارنجۆک بەر سەر دڵی کەوت، پێشمەرگەکان کشانەوە جارێکیتر هێرشیانکردەوە سەر ڕەبیبەکە، سەردار بە بریندارى لە دەستەی هێرشدا بوو لە گەڵ دووەم هەڵمەتدا خالیدە ڕەش گوللەیەک بەر کەلەکەی کەوت، حەمەدەمین خەزایی خالیدی ڕاکێشا، تەقە بەردەوام بوو شوانە پێکرا، تێکڕای ڕەبیبە و مقەڕ فەوجەکان گیران ئەو ڕەبیبە نەبێت.

پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد بریندارەکانیان گواستەوە، خالیدە ڕەش فەرماندەی کەرتی چوار لە زارگەلی شەهید بوو، شوانە لە ناو دەرگەڵە شەهید بوو.

کەرتی حاجی حارس ڕەبیبەی دووڕیانی دەرگەڵەیان بۆ دانرا بوو، بۆسەیەکیان لە ڕێگەی حافیز دەرگەڵە بانە سارو دانا لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕدا جاشی ڕەبیبەکە ڕایاندەکرد ٩ جاش بەرەو لای بۆسەکە هاتن، پێشمەرگە تەقەیان لێکردن «٨» جاش کوژراو جاشێک دیل کرا لەم قۆڵەدا حاجی خدر جێگری کەرتەکەی حاجی حارس شەهید بوو کە لەو شەڕەدا سەرپەرشتی کەرتەکەی دەکرد.

فەوجی فەیسەڵ ماونی و (٩) ڕەبییەی دەوروبەری و مقەڕ سریەیەک لە لایەن پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ١٢ی سۆران و ٧٨ی کاروخ دەستی بە سەردا گیرا تەنها ئەو ڕەبییە نەبێت، ئەوانیش دواتر چۆڵیانکرد و هەڵاتن.

داستانی دۆڵی خانەقا بە خوێنی ئاڵ و گەشی (٥) شەهید تۆمار کرا کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید خالید عەزیز (خالیدە ڕەش) فەرماندەی کەرتی (٤) تیپی ١٢ی سۆران

٢/ شەهید حاجی خدر جێگر کەرت

٣/ شەهید فەرهاد قادر ناسراو بە شوانە

٤/ شەهید دڵشاد محەمەد عەلی مام شێخ

٥/ شەهید شێخ خەلیل شێخ نەجم بلەیی

پێکهاتەی تیپی 12 سۆران ئەنفالەکان 1988 – 1989

١- عەبدوڵڵا موسڵیح حەمەدەمین (عەبدوڵڵا بۆر) فەرماندەی تیپ

٢- عوزێر فەتاح (عوزێر فەقیانی) جێگری فەرماندەی تیپ

٣- طلعت خدر ڕێکخەری کۆمەڵە

٤- ئیسماعیل ئەکرەم حەیدەری ئیدارەی تیپ

فەرماندە کەرتەکان

١- ڕەسوڵ عومەر حەکیم (مام شوان)

٢- سیسۆ عەزیز مەعروف (خاڵ سیسۆ)

٣- ئازاد قادر حەمەدەمین (ئازاد ئاکۆیی)

پێکهاتەی تیپی ١٢ سۆران ١٩٨٩

١- عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی یەکەمی تیپ

٢- عەبدوڵڵا وسو باوزی فەرماندەی دووەمی تیپ

٣- مامۆستا زیرەک کۆیی جێگیری فەرماندەی تیپ

هەوڵنامەی کتێب

٤- ڕێبین محەمەد سۆفی لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپەکانی ١٢ سۆران ، ٧٣ سادر، ٥٦ گەڵاڵە

فەرماندە کەرتەکان

١- ڕەسوڵ عومەر حەکیم (مام شوان)

٢- سیسۆ عەزیز مەعروف (خاڵ سیۆ)

٣- عوسمان حەسەن قادر (عوسمان گۆڕە شێری)

هەوالنامەی کتێب

تـــیپی 83ی هـــەورێ دوانزە

تـــیپی 83ی هـــەورێ

دوای هەڵوەشاندنەوەی قووەتی خۆشناوەتی تیپی ٨٣ی هەورێ دروست بوو، پێکهاتەی تیپەکە بەمشێوەیە بوو:

١/ ملازم خولە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ[١١]

٢/ قادر دۆشکە جێگری فەرماندەی تیپ

٣/ فاروق عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی تیپ

- ڕێباز فەرماندەی کەرت
- تەحسین کاوانی فەرماندەی کەرت
- مەجید میرخان فەرماندەی کەرت

چـــــالاکی- چـــــوار شـــەهید

ساڵی ١٩٨٢ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مـلازم خولە هێرشیانکردە سەر بارەگایەکی جاشی شەعبی لە دێی سوفەییەی دەشتی هەولێر ژمارەیەک جاشی شەعبی کوژران کوڕی ئاغای سوفەییەش کوژرا.

لەو شەڕەدا (٤) پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید مەجیدە سوور

٢/ شەهید عومەر عەوێنەیی

٣/ شەهید عەزیز

٤/ شەهید شێرکۆ

هەمان ساڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٣ی هەورێ بە فەرماندەیی قادر دۆشکە چوونە ناو شاری کۆیەو بە ئاربیجی لە (دار الضیافە) یانداو سێ سەرباز کوژران.

هەمان ساڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٣ی هەورێ نزیک بنەسلاوە بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی جاشی شەعبی کەوتە بۆسەکەوەو دوو جاشی شەعبی کوژران، دوو چەک و ئۆتۆمبیلەکە دەستکەوت بوون.

---

١١ هەورێ چیایەکی بڵندو سەرکەشە لە دۆڵی باڵیسان تا نزیک کلاو قاسم درێژ دەبێتەوە.

هەمان ساڵ لە نێوان کۆڕێ و مەسیف بۆسەیەکیان داناو ٢٤ سەرباز و ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب دەستگیرکران.

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٨٣ی هەورێ بەشداری لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانکرد لەو شەڕانەدا ملازم خولە بە سەختی بریندار بوو، دوای بریندار بوونی ملازم خولە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ بۆ ماوەیەک فاروقی عەلی مەولود سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد، دواتر عەبدوڵڵای مام عەلی کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ، عەبدوڵڵای مام عەلی لە سەرکردایەتییەوە نێردرایە تیپی هەورێ و دەست بە کار بوو دەستەی تیپەکە بەمشێوەیە بوو:

- عەبدوڵڵای مام عەلی فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ
- قادر دۆشکە جێگری تیپی هەورێ
- فاروق عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی
- حەسەن عەبدوڵڵا مەلا عەلی جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ

فەرماندە کەرتەکان

- ڕێباز فەرماندەی کەرت
- جوامێر سەعید فەرماندەی کەرت
- جەوهەر هیرانی فەرماندەی کەرت
- حەسەنی مامەڵڵا، حەسەنی ئەولا ڕەش فەرماندەی کەرت
- مەجید میرخان فەرماندەی کەرت
- تەحسین کاوانی فەرماندەی کەرت
- جەمال هەرووتی فەرماندەی کەرت

هەمان کات بارەگای مەڵبەندی چوار هێنرایە بالیسان.

مـــەڵبەندی چـــوار

بارەگای مەڵبەندی چوار لە باڵیسان بوو دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەند بوو، ملازم سەید کەریم لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندو جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بوو، عەلی حەوێز لێپرسراوی کۆمەڵایەتی، ڕەئوف لێپرسراوی دارایی، حاکم پێشڕەو لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەند دوای ملازم سەید کەریم شەوکەتی حاجی موشیر کرایە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی چوار.

کـــوشتنی جـــاشی شـــەعبی

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی مەڵبەندی چوار لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١ چوونە ناو شاری شەقڵاوەو لە کاتژمێر (٣)ی دوا نیوەڕۆ لە نزیک ئوتێل سەلیم جاشێکی شەعبی خەڵکی کوتیان دایە بەر گوللە و کوشتیان دوای چالاکییەکە گەڕانەوە، دوای گەڕانەوەی پێشمەرگەکان جاشەکان کەوتنە پشکنینی باخ و ماڵەکانی گەڕەکی ئەندازیاران و هەندێک هاوواڵتیان دەستگیرکرد، دەستکەوت کڵاشینکۆفێک بوو.

هـــیران- بـــۆسە

لە کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢١ مەفرەزەیەکی کەرتی دووی تیپی ٨٣ی هەورێ بۆسەیەکیان لە نێوان ڕەبییەکانی هیران داناو (٧) سەرباز کەوتنە بۆسەکەوەو شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو سەربازەکاندا بەرپابوو، جاشەکان هاتن بە هانای سەربازەکانەوە بەڵام لە ترسا گەڕانەوە.

زیانی دوژمن :

کوژرانی (٣) سەرباز

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی جەمیل ڕەسوڵ و بریندار بوونی دوو پێشمەرگەیتر بوو.

تـــــەقاندنەوەی کـــــۆپتەرێك

پێشمەرگەیەکی قارەمانی کەرتی دووی مەڵبەندی چوار لە شەوی ١٩٨٣/٦/٢٧/٢٦ نارنجۆکێکی خستە ناو ڕەبیەیەکەوە، هەر ئەو پێشمەرگەیە «مین»ێکی لە گۆڕەپانی سەربازگەی دارشمانەی پشتی قەڵادزێ دانابۆ ئەو کۆپتەرانەی لە ناوچەکەدا باڵە فڕەیانە کۆپتەرەکە لە باڵەخانەکە نیشتەوەو بە سەر «مین»ەکەدا کەوت و سووتا سێ سەرنشینی تیادا سووتاو بوونە ڕەژو.

بـــۆسەی هـــــەریر
1983/7/12

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١) تیپی ٨٣ی هـەورێ و کەرتی (٤) تیپی ١٢ی سۆران لە سەر ڕێگای گشتی هەریر شەقڵاوە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٢ بۆسەیەکیان داناو (٥) کەسیان دەستگیرکرد یەکێکیان پێشتر بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر بوو خۆی بۆ مەجلیسی تەشریعی هەڵبژاردبوو.

دەستکەوت:

ئۆتۆمبیلێکی سۆپەر

بـــۆسەی شـــــەقڵاوە

پێشمەرگەکانی کەرتی (٢)ی تیپی ٨٣ی هەورێ لە شەوی ١٩٨٣/٧/١٣/١٢ چوونە هاوینە هەواری شەقڵاوەو بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی گەڕەکی بێترمە دانا ئۆتۆمبێلێک کەوتە ناو بۆسەکەوەو گوللەبارانکرا لە ئەنجامدا ئەندامێکی فیرقە و موساعیدی موختەبەر کوژراو شۆفێرەکەشی بریندار بوو ئۆتۆمبیلەکەش تێکشکێندرا.

هەر ئەو شەوە پۆستەری شەهیدان لە شوێنە گشتییەکان هەڵواسران، هەمان شەو بۆسەیەکیتریان لە ناو شاردا داناو خۆفرۆشێک دەستگیرکرا ناسنامەی ئیستخباراتی بە ژمارە «١٣٩٤» لە گیرفاندا بوو سەر بە مەفرەزەی خاسەی (٦٧) بوو.

دەستکەوت:

دەمانچەیەکی چواردەخۆر بوو.

شـــــەهید بوونی مـــــامۆستا جـــــەمال تاهیر

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤ لە سەر جادەی گشتی چوارقورنە- خەلیفان لە نێوان مێرگە سەرو بالیسان مامۆستا جەمال و چەند هاوڕێیەکی لە کاتێکدا بەڕێوە بوون بەرەو کات و شوێنی سێیەمین کۆبوونەوەی خولی چوارەمی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی ن ک) ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگەڕاو مامۆستا جەمال تاهیر گیانی لە دەستداو شەهید بوو گەیشتە کاروانی سەروەرانی گەل.

شەهید بوونی مامۆستا جەمال خەمو پەژارەو کەسەرێکی گەورە بوو لە دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی (ی ن ک) هەر بۆیە بەو بۆنە خەمناکەوە سەرکردایەتی (ی ن ک) بەیانێکی دەرکردو خەموو پەژارەی خۆی لەو بارەیەوە ڕاگەیاند کە ئەمە دەقی بەیانەکەیە.

بەیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بە بۆنەی شەهید بوونی هەڤاڵی تێکۆشەر مامۆستا جەمال تاهیر

هەڤاڵانی خەباتگێڕ، ئەندامان و لایەنگرانی (ی ن ک)، هەڤاڵانی تێکۆشەر، پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هاوڵاتیانی بەڕێز...

خوشک و برایانی خۆشەویست...

کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی ن ک) بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهید بوونی ئەندامێکی ژیرو کاراو لێهاتووی خۆیتان پێڕادەگەیەنێت ئەویش مامۆستا جەمال تاهیرە کە سەد مخابن عەسری ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤ لە وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەیاندا شەهید بوو گیانی پاکی لە بەهەشتی نەمریدا گەیشتەوە هەڤاڵانیتری سەرکردایەتی شۆڕش و (ی ن ک) هەڤاڵی نەمر شەهاب نوری، عەلی عەسکەری، شاسوار (ئارام)، دکتۆر خالید سەعید، حسێن بابە شێخ، جەعفەر عەبدولواحید، برایم عەزۆ، سەعدی گچکە، مامۆستا عەزیز و لە گەڵ گیانی پاکی دەیان سەرکردەی هێزی پێشمەرگەی

کوردستان و سەدان قارەمانیتری کورد‌ایەتیدا لە کاروانی نەمراندا یەکیان گرتەوە.

شەهید بوونی مامۆستا جەمال تاهیر زیانێکی گەورە بوو لە گەلەکەمان کەوت، لە کوردو کوردستان کەوت، لە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی) و شۆڕشەکەمان کەوت، چونکە مامۆستای نەمر ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی گەلەکەمان و فەرماندەیەکی ژیرو هێژای شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردەیەکی لێهاتوو کارای کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.

مامۆستا جەمال هەر لە سەرەتای ژیانی پڕ لە سەروەری خۆیەوە تێکۆشەرێکی نەبەزو هوشیار بوو هەر بۆیەش لە جوڵانەوەی قوتابیان و مامۆستایاندا لە ڕیزەکانی پارتیدا خەباتگێڕێکی دیارو خۆشەویست بوو هەروەک تێکۆشەرێکی لێزان بوو زۆر زوو بیرو باوەڕوی پێشکەوتنخوازانە و سۆسیالیستی هەڵبژارد بوو بڵاویدەکردەوەو کاری پێدەکردن، باوەڕی نەگۆڕی بەهێزی لە بن نەهاتووی گەلەکەیی و کۆمەڵانی خەڵکەکەی بە گشتی و کرێکاران و ڕەنجدەران و جوتیارانی کوردستان بە تایبەتی هۆیەکی گەورەی ئەمە بوو کە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە کاتی دەسەڵاتداریەکەی بۆرژوای عەرەبی و سەرکردایەتی خیڵەکی کورد بە سەر کوردستاندا ببێتە ئەندامێکی چالاک و ژیرو کۆڵنەدەری کۆمەڵەو هەمیشە ڕێبازی ڕاست و ڕەوای کوردستانی بوون و خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری و شۆڕشی دریژخایەن بگرێتە بەر هەر بۆیەش زۆر زوو بوو بە کادرێکی شایستەی کۆمەڵەو بە ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلەکەمان و پاشان بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە مامۆستا جەمالی هەمیشە زیندوو یەکێک بوو لە کادرە خەباتگێڕە چالاکەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەدان تێکۆشەری ڕێکخستن و هەزارانیتریشی کۆکردەوە لە ژێر ئاڵایەکەیدا هەر بۆیەش بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانی ڕێکخستنی ناوەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پاشان بە لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆ.

مامۆستا جەمال، چالاک و نەترس و لەخۆبوردو بوو ژیرو زانا و کارا بوو هەر بۆیەش دوژمن چەندین جار هەوڵی گرتن و لە ناوبردنی داوە چەندین مانگ چەندین جار لە زیندانەکانی حوکمی ڕەفتار فاشی بەغدادا تووشی پیسترین جۆری ئازاردان و درندانەترین شێوەی لێدان و ئەشکەنجە هات بەڵام دوژمن نەیتوانی تەنانەت یەک تاکە پیتیشی پێ بدرکێنێ هەر بۆیەش نەیاندەکوشت چوونکە دەیانزانی لێپرسراوێکی گرنگەو نەهێنییەکی زۆری لە لایە و پێ ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی گرتنی هەزاران هەزار تێکۆشەری (ی ن ک) و هەڵوەشاندنەوەی دەیان ڕێکخستن، بۆیە هەر درێژەیان ئەدا بە ئازاردان و ئەشکەنجە کردنی تا لە عەفویەکی گشتیدا ڕزگاری بوو.

هەڵبەت جەمال نەک هەر مامۆستایەکی ڕێکخستن و چالاکییە پیشەیی و سیاسییەکان بوو بەڵکو فەرماندەیەکی لێهاتووی چالاکی پێشمەرگانەش بوو لە ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی چالاکی پێشمەرگانەی ناو شارەکاندا دەورێکی کاریگەری هەبوو هەروەک پاشان لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا لە گەڵ دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستاندا لە ناوچەکانی (گردە بێناس) و (جەمال دین) و باوزەو گەناودا دووپاتی کردەوە کە فەرماندەیەکی ژیرو قارەمانی پێشمەرگایەتیشە لە دەرەوە، لەمەشدا دەریخستەوە بەکردەوە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە هەموو کوردستاندا بە ئەرکێکی پیرۆزو واجبێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانە دەزانێ هەروەک دووپاتی کردەوە کە باش لە مانای ڕاستەقینەی دروشمە دێرینەکەی هەموو لایەک گەیشتووە دروشمی (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی دنیا یەککگرن) و باش لەم ڕاستیە گرنگە گەیشتووە کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بە هاوبەشی کارگیرانەی لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی گەلەکەی خۆیدا و پەرەپێدان و گەشەپێدانی شۆڕشە نیشتمانییەکەی خۆیدا و بۆ بەستنەوەو گرێدانەوەیان لە گەڵ خەباتی ڕەنجدەرانی وڵاتانی دەوروبەرو دنیاوە و بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان و خەباتگێڕەکانیشیانەوە، بەڵێ ئەم ڕێگە ڕاست و عەمەلیە دەتوانێ هاوبەشی ڕاستەقینە بکات لە خەباتی

کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی دنیاو ئا ئەوهاو بەو جۆرەش دروشمە دێرینەکەی دێنێتەدی بەڕاستی لەو کۆڕەشدا لە کۆڕی هاوخەباتی ڕاستەقینەداو لە گەڵ شۆڕشگێڕانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دراوسێشماندا مامۆستا جەمالی نەمر ڕۆڵەیەکی دڵسۆزو بەپەرۆشی ڕەنجدەران و شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو .

هەڵاڵان
پێشمەرگە قارەمانەکان
خوشک و برایانی خۆشەویست

لەدەستدانی مامۆستا جەمال تاهیر ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەلەکەمان و سەرکردەی وریاو بە تواناو ژیری کوردایەتی و شۆڕشەکەمان و (ی ن ک) نەک هەر زیانێکی گەورە بوو بۆ هەمووان بەڵکو کەلێن و کەلەبەرێکی دیاریشی لە ڕیزی سەرکردایەتی (ی ن ک) بە کۆمەڵەشەوە و شۆڕشەکەماندا بەجێهێشت بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی پەرەسەندن و گەشەکردنی شۆڕش و (ی ن ک) و سەردەمی بەرەو گەشەپێدانی ڕێکخستن و خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییە هەروەک سەردەمی هێرش هێنانی دڕندانەی داگیرکەرانە بۆ سەر جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان و بۆ سەر شۆڕش لە کوردستاندا.

لە بەر ئەمە لە سەر هەموومان پێویستە کە ئەو هاوڕێ نەمرەمان هەر بە ئەشک و فرمێسکەوە بەڕێنەکەین هەر ئاخ و ئۆف و داخ و مخابن وێردی زمانمان نەبێ بەڵکو لە سەرمان پێویستە کە درێژە بدەین بە خەباتی شۆڕشگێڕانەمان بە خەباتی پێشمەرگانەو سیاسیمان بە گەشەپێدانی شۆڕش و ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) و ڕێکخستنەکانی خوێندکاران و مامۆستایان و نووسەران و ئافرەتان و بوژاندنەوەو گەشەپێدانی خەباتی چینایەتی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەران و ژیاندنەوەو گەشەپێدانی ڕێکخراوە چینایەتییە پیشەییەکانیشیان. پێویستە زۆرتر خۆمان ماندوبکەین پتر لە خۆبوردویی بنوێنین لە هەموو جۆرە فیداکاری و گیانبازییەک نەسڵەمینەوە هۆشیارانە و ژیرانە بە پشووی شۆڕشگێڕانەی درێژەوە ڕێبازی

شۆڕشگێڕانەی خۆمان ببڕین تا دەگەینە پۆپەی سەرکەوتن تا گەل و نیشتمان ڕزگار دەکەین لە حوکمی بورژوازی بیرۆکراتی شۆڤێنی ڕەفتار فاشیست کە دوژمنی سەر سەختی کوردو کوردستانە و نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەبە تا حوکمێکی دیموکراتی گەلی و سەربەخۆیی بۆ عێراق و دیموکراسی بۆ گەلەکەمان و مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکەی دابین دەکەین کە ئەمەش ناچارمان دەکات دریژە بدەین بە خەباتی سەختی پشوو دریژ بۆ سازدانی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکرات و شۆڕشگێڕەکان لە بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی گەورەدا بۆ ڕێبەریکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلی عێراقمان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و حوکمی دکتاتۆری دوژمن بە گەل.

هەڤاڵان

خوشک و برایانی تێکۆشەر

شۆڕشگێڕان کردویانەتە عادەت کە شەهید بوونی هەڤاڵانی سەرکردە و هەڤاڵانی خەباتگێڕی خۆیان دەکەن بە موناسەبەیەکیتر بۆ دووپاتکردنەوەی بەڵێن و پەیمانەکەیان لە گەڵ بیرو باوەڕو ڕێبازو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیاندا لە گەڵ گەل و نیشتمان و شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی خۆیاندا کە تا دوا هەناسەی ژیانیان دڵسۆزیان بن بە پەرۆش بن بۆ سەرکەوتنیان تا مردن یا سەرکەوتن لە پێناویاندا بجەنگن هەر بەوەش گیانی پاکی شەهیدانی خۆیان شەهیدانی وەک مامۆستا جەمال شادو بەختیار دەکەن و خوێنی گەشیان بە فیڕۆ نادەن و ڕێبازو بیرو باوەڕیان وننناکەن.

وا ئێمەش بەڵێن و پەیمان دووپات دەکەینەوەو بە تەرمی پیرۆزی مامۆستا جەمالی خۆشەویستمان و هاوڕێی خەباتگێڕمان سوێند دەخۆینەوە کە تا بەدیهێنانی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجەی ئەویش گیانی پاکی لە پێناویاندا بەخت کردووە دریژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری خۆمان بدەین شان بە شانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عێراق و کوردستان لە هەموو کات و ساتدا و بە هەموو شێوەو جۆرێک.

نەمری و سەروەری بۆ مامۆستا جەمالی هەمیشە زیندو لە دڵی گەورەی کوردو کوردستان و (ی ن ک)دا.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشەکەمان و

سەربەرزی بۆ هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان

کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی ن ک) / ١٩٨٣/٧/١٦

هەر لە بۆنەی شەهید بوونی مامۆستا جەمال تاهیرو لە ١٩٨٣/٧/١٦ کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو شەهید بوون و لەدەستدانی مامۆستا جەمالی سەرکردەو قارەمانی زیندانی فاشییەکانیان بە خەسارەتێکی گەورە لە قەڵەمدا.

چـــــلەی مامۆستا جـــــەمال تـــــاهیر

لە چلەی شەهید بوونی مامۆستا جەمال تاهیری سەرکردەدا مەڵبەندی ٤ی (ی ن ک) مەڕاسیمی چلەی مامۆستا جەمال تاهیریان ڕێکخست، لە مەراسیمەکەدا هەڤاڵ مامجەلال وتەیەکی گرنگی پێشکەشکرد، ئەمەش دەقی وتەکەی هەڤاڵ مامجەلاله بە بۆنەی چل ڕۆژەی شەهید بوونی مامۆستا جەمال تاهیرەوە.

هەڤاڵانی تێکۆشەر پێشمەرگە قارەمانەکان خوشک و برایانی بەڕێز

چل ڕۆژ لەمەوبەر یەکێکیتر لە سەرکردە ژیرو قارەمانەکانی گەلەکەمان گیانی پاکی بە کوردستان بەخشی ئەویش گەیشتە کاروانی سەرکردەو کادرو پێشمەرگە قارەمانە نەمرەکانی کوردستان گیانی پاکی بە دیداری هەڤاڵانی نەمر شیهاب و کاکە عەلی عەسکەری و ئارام و دکتۆر خالید سەعید و شێخ حسێن و مامۆستا عەزیزو سەعدی گچکەو دەیان و سەدان قارەمانانیتری ئەو گەلە شاد بووەوە.

شەهید بوونی مامۆستا جەمالی هێژاو تێکۆشەر خەسارەتێکی گەورە بوو لەو کاتەدا گەلەکەمان دووچاری هێرش و پەلاماردانی هەموو دوژمنانی کوردو کوردستان بووەتەوە بەڵام دیسان نیشانەیەکیتری ئەو ڕاستییە بوو کە گەلی

قارەمانی کورد گەلێکی زیندوو خەباتگێڕو نەبەزە، شۆڕشگێڕەکانی، سەرکردەکانی لە ڕیزی پێشەوەی فیداکاری و خۆبەختکردنن ئەوەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی تازەی خەباتی نوێ و شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە.

لـەم شـۆڕشـەمـاندا وا دەوروووبـــەری دە سـەرکـردەو دە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی ن ک) گیانی پاکیان بە شۆڕش و بە گەل و نیشتمان دەبەخشن، سەدان کادر سەدان پێشمەرگەی قارەمان دەیان فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی قارەمان لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا دلێرانەو جوامێرانە گیانی پاکیان بەخت دەکەن بێ ئەوەی باکی هیچ جۆرە شتێکی تایبەتی و زاتیان هەبێت وەک فیداکارو خۆنەویست و ڕۆڵەی ڕاستەقینەی ئەم گەلە خەباتەکەمان جۆش دەدەن و بە خوێنی گەشیان بڵێسەی شۆڕشەکەمان بەرزتر دەکەنەوە نەک لە ئاسمانی کوردستاندا بگرە لە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئیمڕۆ لە ناو تاریکایی زوڵم و داگیرکردن و تیرۆرو ئیرهابی حکومەتە کۆنەپەرست و بۆرژواو سەر بە ئیمپریالیزم و حکومەتە شۆڤێنیستەکاندا یەک بڵێسەی گەورەی شۆڕشێک لە وڵاتێکی داگیرو دابەشکراودا کە ئەویش کوردستانی خۆشەویستی ئێمەیە بەرز دەبێتەوە، مژدەی ڕزگاری و سەربەخۆیی و دیموکراسی نەک هەر بە گەلی بەشخوراوو زۆرلێکراوی کوردستان دەدا بەڵکو بە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات و تێیاندەگەیەنێت کە کوردستان ئەمڕۆ بووەتە قەڵایەکی توندو تۆڵی شۆڕش و قەڵا و بنکەی ڕزگاریخوازو ئازادیخوازو شۆڕشگێڕانی گەلانیتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

ئەم سەروەرییە گەورەیە کە بە خوێنی گەشی هـەزاران شەهید وەدەستمان هێناوە کە بە خەبات و فیداکاری دەیان و هەزاران تێکۆشەرو هەزاران پێشمەرگەی کوردستان هاتووەتەدی سەروەرییەکە لە مێژووی گەلەکەماندا و لە مێژووی گەلانی ناوەڕاستدا لە پێش هەموو شتێکدا بە خوێنی گەشی سەرکردەکانی (ی ن ک) تۆمار کراوە کە ئەوەش دەریدەخاتەوە کە سەرکردەکانی (ی ن ک) ڕۆڵەی ڕاستەقینەی گەلەکەیانن بە تایبەتی شەهیدەکان.

ئیسپاتیان کردووە کە سەرکردەی ڕاستەقینە بوون کە ڕۆڵەی بەوەفا و دڵسۆزی گەل بوون کە هیچ شتێکیان لە گەل و نیشتمان و شۆڕش چاو نەبوو تەنانەت گیانی خۆشیان لە سەر دەستیان زۆر زوو و لە کاتی پێویستدا دلێرانەو جوامێرانە پێشکەشکرد.

شەهید بوونی مامۆستا جەمالیش نموونەی ئینسانێکی تێکۆشەری دڵسۆزو وەفاداری گەلەکەمان دیسان ئەو ڕاستییەمان دەخاتەوە بەرچاو کە سەرکردەکان کە کادرەکان کە تێکۆشەرەکان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و فیداکاری و خۆنەویست بوون ئەگەر مامۆستا جەمالی تێکۆشەریش هەمان هەست و گیانی نەبا ئیمکان بوو ئێستا لە ناوماندا بێ ئەگەر ئەویش پەرۆشی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی نەباو نەیویستایە وەک یەکی و یەکسانی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دروست بێت مومکین بوو تووشی ئەو ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنە نەبین، بەڵام گیانی شۆڕشگێڕانە، گیانی گەل و کۆمەڵانی خەڵک خۆشویستن گیانی خۆنەویستن کە بزوێنەری سەرتاسەری ژیانی جەماوەری قارەمان بوو لەم کۆڕەشدا لەم کاتەشدا هەر هەمان دەوری خۆی نواند.

هەموومان مامۆستا جەمال دەناسین وەک تێکۆشەرێک کە لە سەرەتای ژیانیەوە هەموو بیرو هەست و ویستی لە پێناوی کوردو کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک و بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازیدا بەختی کردووە و تەرخان کردووە، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لە یەکێتی قوتابیان و یەکێتی مامۆستایان و ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوێ ڕۆژێ و لە پاشاندا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە ڕیزی پێشەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی گەلەکەماندا خەباتی کردووە.

لە دامەزراندنی (ی ن ک) دا لە دروستکردنی ڕێکخستنی (ی ن ک)دا لە شارە قارەمانەکەی کوردستان شاری هەڵەبجە و قوربانی شاری سلێمانی کە دڵی زیندوی کوردستانە.

مامۆستا جەمال دەستێکی بالای هەبوو لە دروستکردنی ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) هەزاران تێکۆشەر بە خەباتی ئەوو هاوڕێکانی هاتنە ڕیزی (ی ن ک) سەدان

پێشمەرگەی قارەمان نێردران بۆ شاخ و داخ و دۆڵ و شیوەکانی کوردستان تا لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا قارەمانانە دژی داگیرکەران بجەنگن.

دەورو نرخی مامۆستا جەمال لە خەباتی گەلەکەماندا لە (ی ن ک)دا لە شۆڕشەکەماندا لە قرساندن و نرخاندن نایەت هەر لە بەر ئەوەش لە دەستدانی مامۆستا جەمال خەسارەتێکی گەورە بوو هەر لە بەر ئەوەش لە چلەی مامۆستا جەمالدا ئەبێت هەموومان وزەو توانای خۆمان چاکترو باشتر بهێنین نەک هەر بۆ بەدیهێنانی ئەرک و فەرمانەکانی خۆمان بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی کە بە شەهید بوونی ئەو بە شەهید بوونی قارەمانەکانیتر کەوتووەتە ڕیزەکانمانەوە.

شۆڕشگێڕان لە هەموو دنیادا قارەمانە نەمرەکانی خۆیان هەر بە فرمێسک و بە ئەشک و بە ئاخ و ئۆفەوە بەڕێ ناکەن بەڵکو لە کاتی شەهید بوونیاندا بەڵێن دووپات دەکەنەوە کە تا دوا هەناسەی ژین دوا دڵۆپی خوێن لە پێناوی هەمان ئامانجی پیرۆزدا کە ئەوان گیانی پاکیان لە پێناویدا بەخت کردووە تێبکۆشن و خوێن بڕێژن و کۆڵ نەدەن تا ئاواتی شەهیدان هەموو بە تەواوی دێتە دی، ئەوەیە وەفاداری شۆڕشگێڕان بۆ شەهیدانی نەمر.

شەهیدانی نەمر کە لە کوردستاندا بە هەزاران و دەیان هەزارو سەدان هەزار ناژمێردرێن کەوا پتر لە سەد ساڵە لە کوردستانێ بە زۆر داگیرکراوو دابەشکراودا خوێنی گەشیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا دەڕێژن، شەهیدانی نەمر ئەرکێکی گەورە دەخەنە ئەستۆی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و دیموکراسی کوردستان، ئەرکی درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەپساوە ئەرکی کۆڵنەدان و نەبەزین لە بەرانبەر دوژمناندا ئەرکی بەرزکردنەوەی ئاڵای شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێڕانە تا کوردستانی خۆشەویستمان ڕزگار دەبێت و یەک دەگرێتەوەو نەتەوەی کوردمان مافی چارەنووسی ڕەوای خۆی بە دەست دێنێ.

ئیمپریالیستەکان و داگیرکەرانی کوردستان هەر چەندە لە چەندین جۆرە عیلم شارەزاو پسپۆڕن بەڵام لە ڕووی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی وزەو توانای نەتەوەی کورد گەوجن پێیان وایە بە شەهید کردنی دەیان و هەزاران ڕۆڵەی کورد گەلی کورد

چۆک دادەدات، پێیانوایە بە کاولکردن و تۆپبارانکردن و داپڵۆسینی بزووتنەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک وەڕز دەبن و کۆڵ دەدەن بەڵام خەیاڵیان خاوە نەتەوەی کوردی ئێمە نەتەوەیەکە هەر لە سەرەتاوە فێری ئەو ڕاستییە بووە کە داری ئازادی بە خوێنی گەشی شەهیدان دێتە بەر هەر لە بەر ئەوەشە نەتەوەی کورد تا شەهیدی زۆرتر دەبێ سوورتر دەبێ لە سەر خەبات و قارەمانانەترو ئازایانەتر دێتە کۆڕی خەباتەوەو چاکترو باشتر دەجەنگێ دژی داگیرکەران ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە داگیرکەرانی کوردستانن کول و کەفتە کەوتوون بەرانبەر هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕژێمە کۆنە پەرستەکانی ئێران و ئێراقن وەڕس و بێزارو کلۆرو پوچەڵ لە بەرانبەر هێزی گەشە کردوی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان لە کوردستانی عێراق و لە کوردستانی ئێراندا دوژمنانن وابەرەو نەمان و گلۆر بوونەوەو فەوتان دەچن، گەلی ئێمەیە وا بەرەو بوژانەوەو سەرکەوتن و ڕزگاری دەڕوا، شەهید بوونی قارەمانەکانیشمان هەر موژدەی نزیک بوونەوەی ڕزگاریمان پێدەدەن بۆیە لە کاتێکدا کە ئینسان ناتوانێ دڵتەنگ و دڵ غەمگین و ناڕەحەت نەبێ بەرانبەر لە دەستدانی هەڤاڵی قارەمان و تێکۆشەری وەکو مامۆستا جەمال لە هەمانکاتدا ناشتوانێت سەروەرو سەربەرز نەبێت کە ئێمە هەڤاڵی ئەو جۆرە قارەمانانەین ئەو سەدان قارەمانانەین ئەو هەزار قارەمانانەین کە گیانی پاکیان نەویستووەو بەڵکو بەخشیوە بە گەل و نیشتمان بە کوردو کوردستان.

تا مردن، تا سەرکەوتن یا مردن شۆڕش لە کوردستاندا بەردەوام دەبێ، دەبا گیانی شەهیدانمان مامۆستا جەمال و هاوڕێکانی ترمان لە بەهەشتی نەمریدا شادو سەربەرزو سەروەر بن دڵنیابن بە دڵنیایی سەر بنێنەوە کە تا بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانیان نەهێزی پێشمەرگەی کوردستان، نە (ی ن ک) نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کۆڵنادەن لە هیچ باکیان نییە، لە هیچ فیداکارییەک تا بەدیهێنانی ئاواتەکانیان تا ئەو ڕۆژەی کوردستانیان ڕزگار دەبێت و مافی چارەنووسی بە دەستی خۆی دەهێنێت و لە کۆڵان و شەقامەکاندا پەیکەری سەروەرییان لە زێڕو لە

چاکترین مەعدەنی کوردستان دادەڕێژین خەبات و شۆڕش دڕێژە پێدەدەین.

هەر بژی شۆڕش، سەروەری بۆ شەهیدانمان مردن و شەرمەزاری بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

بۆ پێشەوە بەرەو تێکشکاندنی هێرش و پەلاماردانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان

بەرەو سەرخستنی شۆڕشە پیرۆزەکەمان، بەرەو هێنانەدی ئاواتی دێرینی هەموو شەهیدانی کوردستان کە هەر بەوەش هەموو شەهیدانی کوردستان شادو دڵشادو سەربەرزو سەروەر لە بەهەشتی نەمریدا دەمێننەوە.

سەروەری بۆ گشت شەهیدان

هەر شادو سەرکەوتوو بن

بـــــۆردوومانی فـــــڕۆکە

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٦ لە کاتێکدا چەند پێشمەرگەیەک بـەرەو زێـی بچووک دەڕۆیشتن چەند کۆپتەرێکی دوژمـن لە گەڵ پێشمەرگەکان کەوتنە شـەڕەوە، لە ئەنجامی بۆردومانی کۆپتەردا عەبدوڵڵا ڕەشید لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن شەهید بوو چوار پێشمەرگەش بریندار بوون، لە هەمان کاتدا چەند هاوواڵتییەک بریندار بوون.

****

دوای بەشداریکردنی تیپی ٨٣ی هەورێ لە شەڕی ڕزگارکردنی بێتواتەدا تیپەکە هەڵوەشایەوەو لە جێگەیدا تیپی ٩٧ی بێتواتە دروستکرا.

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٣ بە بڕیاری مەڵبەند تیپی هەورێ هەڵوەشایەوەو تیپی ٩٧ی بێتواتە دروستکرا.

تیپی 97ی بێتواتە

دەستەی تیپ

- ڕەشۆ کوێخا ڕەسوڵ بێتواتەیی فەرماندەی تیپ
- جەبار سەیدە جێگری فەرماندەی تیپ
- وشیار خالید ڕێبەری سیاسی تیپ
- ئەحمەد هەرتەلی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان

فەرماندە کەرتەکان

- عومەر کوێخا حەسەن زێوەیی فەرماندەی کەرت
- بەهرام ڕەسوڵ خۆشناو فەرماندەی کەرت
- کەمال زێوەیی فەرماندەی کەرت
- سەید حاجی فەرماندەی کەرت
- سلیمان جاف فەرماندەی کەرت
- ئازاد حەمەد بەگ کادیری کۆمەڵە
- ئازاد خالید لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە

لە دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمی عێراق، هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری ناوچەی بێتواتەیان دایەوە، تیپی ٩٧ی بێتواتە ڕۆڵی دیاریان بینی لە بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی دوژمن.

تیپی ٩٧ی بێتواتە تا ١٩٨٥/٥/١٧ بەردەوام بوو دواتر بەشێکیان تەسلیم بوونەوەو تیپەکە هەڵوەشایەوە دوای هەڵوەشانەوەی تیپی ٩٧ی بێتواتە تیپی ٨٣ی هەورێ سەر لە نوێ دروستکرایەوە.

دروستکردنەوەی تیپی 83ی هەورێ

دوای ئەوەی تیپی ٨٣ی هەورێ هەڵوەشایەوە تیپی ٩٧ی بێتواتە دروستکرا، لە ١٩٨٥/٥/١٧ تیپی ٧٩ی بێتواتەش هەڵوەشایەوە، لە هاوینی ١٩٨٥ تیپی ٨٣ ی هەورێ دروستکرایەوە.

تـــیپی 83ی هـــەورێ

حەسەن عەبدوڵڵا گەرمیانی فەرماندەی تیپ.

پێشڕەو عەبدولحەمەد ڕێبەری سیاسی تیپ.

ڕزگار هاودیانی فەرماندەی کەرت.

عومەر کوێخا حەسەن زێوەیی فەرماندەی کەرت.

حسێن بە شان مەلەکانی فەرماندەی کەرت.

ئەسوەد موخەڕەسی فەرماندەی کەرت.

دوای دروستبوونەوەی تیپی ٨٣ی هەورێ کەوتنەوە جموجۆڵ و چالاکی لە ناوچەکەدا.

شەهید بوونی حەسەن عەبدوڵڵا و پێشڕەو عەبدولحەمەد هاوینی 1985

هاوینی ساڵی ١٩٨٥ حەسەن عەبدوڵڵا گەرمیانی فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ، پێشڕەو عەبدولحەمەد ڕێبەری سیاسی تیپ، ئەسوەد موخەڕەسی فەرماندەی کەرت لە تیپی هەورێ بە نیازی دانانی نەخشەی دەست بە سەردا گرتنی چەند ڕەبییەیەک چوونە دەوروبەری خەلیفان.

ئەسوەد موخەڕەسی فەرماندەی کەرت و چەند کەسێک کە لە گەڵیدا بوون و پێشتر پیلانیان داڕشتبوو لە پەنا دۆستایەتی و متمانەدا زەفەریان لە حەسەن عەبدوڵڵا گەرمیانی فەرماندەی تیپ و پێشڕەو عەبدولحەمەد ڕێبەری سیاسی تیپی هەورێ هێناو شەهیدیانکردن، دوای شەهید کردنی حەسەن عەبدوڵڵا و پێشڕەوی ڕێبەری سیاسی تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە.

ئەسوەدو دارو دەستەکەی خیانەتێکی گەورەیان بەرانبەر بە هاوڕێکانیانکرد خیانەتێک قێزەون، ترسنۆکانە، زەلیلانە پێش سەرگرتنی ئەو پیلانە چەپەڵە بەشێک لە فەرماندە کەرتەکانی تیپی هەورێ حەسەن عەبدوڵڵایان لە نیازی گلاوی ئەسوەد ئاگادار کردبووەوە چونکە هەڵسوکەوت و نیەتی ئەسوەد جێگەی گومان بوو،

گومانیش هەبوو ئەسوەد پەیوەندی کردبێت بە بەعسەوە بەڵام حەسەن عەبدوڵڵا بڕوای نەکردبوو ئەسوەد کارێکی لەو جۆرە بکات، هەتا کەوتنە داوو پیلانی گڵاوی ئەسوەدەوەو شەهید بوون.

دوای شەهید کردنی حەسەن عەبدوڵڵا و پێشڕەو لە پایزی ١٩٨٥ سابیر ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ.

پێکهاتەی تیپەکە

سابیر ڕەسوڵ فەرماندەی تیپی هەورێ
عەلی وەیس جێگری تیپی هەورێ
سەمەد ڕابەری سیاسی تیپ
سەڵاح کۆیی ئیدارەی تیپ
تەلعەت خدر ڕێکخستنی کۆمەڵە
ئەحمەد هەرتەلی کادری شۆڕشگێڕان

کەرتەکان

ڕزگار هاودیانی فەرماندەی کەرتی (١)
عومەر زێوەیی فەرماندەی کەرتی (٢)
حسێن بەشان فەرماندەی کەرتی (٣)
عەزیز داوود فەرماندەی کەرتی (٤)
کوێخا بێتواتەیی فەرماندەی کەرتی تیپ
بارەگای تیپی ٨٣ی هەورێ لە هاوینە هەواری زێوەی توتمە دانرا
بارەگای کەرتی (١) لە کانی بەرد
بارەگای کەرتی (٢) لە چیوە
بارەگای کەرتی (٣) لە بێراوە
بارەگای کەرتی (٤) لە شیرە

چـــــالاکی

مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٥ هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٣ی هەورێ و ١٩ی کۆڕەک لە نزیک دێی سوور سوورەی دەشتی هەریر چالاکییەکیان ئەنجامدا.

چـــالاکییەکی هـــــاوبەش

هاوینی ساڵی ١٩٨٥ هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٣ی هەورێ، ١٢ی سۆران، ٩٩ی بیتوێن هێرشیانکردە سەر دێی باوانی چەکدار کراو، لەو هێرشەدا ژمارەیەک جاش کوژران و ژمارەیەکیش دەستگیرکران، چەند پارچە چەکێک دەستکەوت بوو.

هەر لە پایزی ساڵی ١٩٨٥ هێزێکی تیپی ٨٣ی هەورێ و ٩٩ی بیتوێن چوونە سەر دێی قەرەنیاغا.

مستەشارێک لە دێی قەرەنیاغا چەکی وەرگرتبوو دەیوویست خەڵکەکە چەکدار بکات، هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٣ی هـەورێ، ٩٩ی بیتوێن هێرشیان بردە سەر چەکدارەکانی قەرەنیاغا، لەو هێرشەدا (٥) جاش کوژران و ١٥ جاش بە دیل گیران، چەند پارچە چەکێک دەستکەوت بوو.

مـــناڵی دار لاســـــیکەکە

لە کاتی چوونە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ قەرەنیاغا ژنێک لە دەرگای ماڵەکەیدا وەستا بوو نانی بۆ پێشمەرگە ئامادە کردبوو منداڵە ٩ ساڵانەکەشی لە تەنیشتیدا وەستابوو، ژنەکە نانەکەی دا بە پێشمەرگەکان و ووتی با کوڕەکەشم لە گەڵتاندا بێت بە دار لاستیکەکەی گلۆپی سەر دەرگاکانتان بۆ بشکێنێت.

پێشمەرگەکان بە ژنەکەیان ووت ئێستە دەبێتە تەقە ئاگات لە کوڕەکەت بێت ژنەکە ووتی با کوڕەکەی منیش ئەمشەو پێشمەرگە بێت، ئەگەر ئێوە نەبن ئەو سەگانە دەمانخۆن.

منداڵەکە بە دارلاستیکەوە پێش پێشمەرگەکان کەوت گلۆپی سەر دەرگاکانی بۆ دەشکاندن هەتا پێشمەرگەکان بەرچاو نەبن.

داستانی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا
شەوی 1986/3/10/9

ڕەبیەی قۆپی سووری سەر گەڵی میراوا دەکەوێتە دۆڵی خۆشناوەتی، بەرانبەر شەقڵاوەو زنجیرە شاخی سووڕە ئەو زنجیرەیەی بەرانبەر هیران دردژ دەبێتەوە تا دەگاتە شەقڵاوە.

قۆپی یاخی و سەخت و هەڵدێرە، یاخی وەکو ڕووحی نەبەزین و بەرگری گەلی کورد کە هەرگیز مل کەچ ناکاو سەر دانانەوێنێ.

ئەو زنجیرە شاخە گەردن بەرزو یاخییە لە بنارو زنارییەوە بە تاشە بەردوو ڕەوەزو گردو یاڵیەوە، زەمەنێک بوو، تەمەنێک بوو، پۆستاڵی ڕەش و بۆرینەی داگیرکەر، پێیە گڵاوەکانی بەعس داگیری کردبوو، لە سەر ئەو قوتە بەرزو سەرکەشانە ڕەبیەی دامەزراندبوو، ٢٥ ساڵ بوو ئەو قوتەیە ڕەبیە بوو لە شوێنی خۆی هەڵنەکەندرابوو (٢٥) ساڵ بوو لە سەر ئەو قۆپە داکوترا بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا هاوڕێیانی ڕەسوڵ فەقێ هێرشیان کردە سەری، هەشت شەهیدیان بەخشی بەڵام نەگیرا، جارێکیتر (٥) شەهیدی لێدرا هەر پێ مل نەبوو، ئەمجارەیان کوڕانی تیپی هەورێ بە خوێنی شەش شەهید گرتیان و سووتاندیان.

سەنگەر فەرماندەی کەرتی چواری تیپی ٨٣ی هەورێ بوو بە هاوڕێکانی ووت زانیاریم هەیە ڕەبیەیەک لە سەر مەیدانی کاوانیان دانراوە گرتنی ئاسانە، پێشمەرگەکان لە بالیسان بوون خۆیان کۆکردەوەو ڕۆیشتن چوونە نزیک ڕەبیەکە، تەماشایانکرد سێ ڕەبیەیە نەک ڕەبیەیەک، بە جۆرێک دانرا بوون هەر ڕەبیەیەک دەیتوانی بەرگری لەویتر بکات بۆیە بە پەسەندیان نەزانی لێی بدەن.

هێزەکە گەڕایەوە گەڕەوەی دەشتی هەریر فەرماندەکان کۆبوونەوە، دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ بڕیاریاندا لە ڕەبیەی قۆپی سووری سەرگەلێ میراوا بدەن و بیگرن.

ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٧ بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ لە دۆڵی بالیسانەوە بەڕێکەوتن، شەو لە مزگەوتی گەڕەوان مابوونەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٨ لە نزیک دێی ماوەران لە گەڵ هێزێکی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەک نەگەیشتنێک دروست بوو بەڵام بە هەوڵی عومەر زێوەیی و هەڤاڵانیتر کۆتایی هات.

نزیک بە هەفتەیەک بوو پێشمەرگەکانی هەورێ لە ناوچەکەدا دەگەڕان، دوژمن هەستی بە جموجۆڵیان کردبوو، لە ڕێگەی بێتەلی (هۆکی تۆکی) کە پێشمەرگە بەکاریدەهێنا گوێ بیست ببوون، دوژمن ڕەبیەکانی ناوچەکەی قایم کردبوو چەند قات هێزی بۆ زیاد کردبوون.

(٦٠) پێشمەرگە هێزەکەی تیپی هەوریان پێک دەهێنا، لە (٦٠) پێشمەرگە (٣٠) پێشمەرگەیان هەڵبژارد بۆ گرتنی ڕەبیەی قۆپی سوور کە تێکڕایان فەرماندە بوون، لە فەرماندەی کەرت، جێگری کەرت، تا فەرماندەی مەفرەزە.

ڕەبییەکە سیمی لە دەور بوو، تەلبەند کرابوو، سنگەکانی ئاسن بوون کە پێی داکوترابوون ڕەبییەکە بە ئاگا بوون، سەگەکانی ڕەبیەکە کە بۆ پاس کردن و پاسەوانی ڕایانگرتبوون دەستیان بە وەڕین و حەپە حەپ کرد، یەکێک لە پاسەوانی ڕەبییەکە هاواریکرد (حرس جمع) ڕەبیەکە تەقەیان بە چوار دەوری خۆیاندا دەکرد.

لە شەوی ١٩٨٦/٣/١٠/٩ پێشمەرگەکان بە چوار قۆڵ و لە چوار لاوە دابەش بوون، قۆڵێک بەرانبەر شەقڵاوە بەردو ڕەبیەکە هێرش بەرێت، قۆڵێک لە ڕاستی گەرەوانەوە هەڵمەت بەرێت، قۆڵێک لە خوار مامە جەلکەوە، قۆڵێک لە ناوەڕاستەوە.

پێشمەرگەکان تەقەیان نەکرد تا گەیشتنە سیمی ڕەبیەکە، سیمەکەیان هەڵکەند، سێ ئاربیجیان پێبوو هەر ئاربیجیەو (٥) گولەی لە ڕەبیەکەدا ناڵەو گرمەو وریشەی (١٥) گوللە ئاربیجی لەو شەوەدا دڵی دوژمنی دەپێکا و گوێی داگیرکەری کاس دەکردوو دەهێنایە لەرزین.

لە گەڵ وریشەو ئاگری گوللەی ئاربیجی پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە ناو ڕەبیەکە، هێزەکەی دوژمن بە ڕوممانە بەرگریان دەکرد، یەک لە دوای یەک ڕوممانەیان هەڵدەدایە دەوروبەری ڕەبیەکە، پێشمەرگەکان لە لێواری ڕەبیەکە بوون.

پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شەوە داستانە هەڵمەت دوای هەڵمەت بەرەو ناو ڕەبیەکە دەڕۆیشتن، بریندارێک لە ناو ڕەبیەکەدا بوو ڕێگەی نەدەدا پێشمەرگەکان بچنە ناو ڕەبیەکەوە، ئەحمەدی حاجی سلیمان قومبەلەیەکی پێبوو دایە دەستی حسێن بە شان، عەزیز داوود خۆی دانەواند، حسێن بە شان چووە سەر شانی و

قومبەلەکەی هەڵدایە ناو ڕەبیەکەو بریندارەکەی بێدەنگ کرد، چوونە ناو ڕەبیەکەو کەلووپەلی ناو ڕەبیەکەیان لە سەر بریندارەکە سووتاند.

لەو شەوە داستانەدا هەڵمەت دوای هەڵمەت دەبرایە سەر ڕەبیەکە کە قوات خاسەی تیابوو، عومەر زێوەیی هەڵمەتی بردوو شەهید بوو، یاسین شێخ وەسانی هەڵمەیبرد ئەویش شەهید بوو عەزیز مەلەکیش بە دوایدا گوڕەی هەڵمەت بوو ئەویش گیانی پاکی بەخشیە نیشتمان، ئەحمەد هەرتەلی و خدر ئەندۆکیش ئەو شەوە لە پاڵ هاوڕێکانیاندا ڕاکشان و بوونە شەش ئەستێرەی سەر قۆپی سووری میراوا، بوونە شەش گوڵاڵە سوورەی گردوو یاڵەکانی خۆشناوەتی لە گەڵ حاجی ڕەحماندا بوونە نێرگزە جاڕی ئەو بەهارە.

گرتنی ڕەبیەی قۆپی سوور سەخت و دژوار بوو ئەو ڕەبیەی کە (٢٥) ساڵ بوو ببووە دوومەڵی سەر دڵی ئەو شاخانە لە بەردەم هەڵمەتی قارەمانەکانی تیپی هەورێ خۆی ڕانەگرت، شەڕ بە جۆرێک سەخت و تەنگ بوو پێشمەرگە و قوات خاسە تێکەڵ بە یەکتر بوون، شەڕی دەستەو یەخەو دەستدانە یەکتر دروست بوو.

عەزیز داوود فیشەکی پێ نەمابوو، دەستی دایە دەمانچەکەی و بە دەمانچە شەڕی دەکرد، کوێخا خەڵکی بێتواتە بوو فیشەکی پێ نەمابوو بە حەربە هەڵیدەکوتایە سەر قوات خاسە.

دکتۆر عبدالڕحمان دکتۆری تیپی هەورێ بوو لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر ڕەبیەی قۆپی سوور هەر دە دەقیقەیەک لە ڕەبیەکەوە دوور بوو سەباح مێرگە سەری هات بە دوایدا و پێی ووت دۆخەکە ئاڵۆزەو دەبێت بچیتە سەرەوە بۆ ڕەبیەکە، دکتۆر کۆڵە پشتەکەی هەڵگرتوو بەڕێکەوتن، لە ڕێگا مەلا سالحیان بینی عومەر زێوەیی کردبووە کۆڵی گیانی سپارد بوو، هەر پێنج پێشمەرگەکەی تریش شەهید بوون و فریای چارەسەر نەکەوتن.

ڕەبیەی قۆپی سووری میراوا قوات خاسەی تیابوو بە پێی خشتەی ئێشکگری ڕەبیەکە کە بەر دەستی پێشمەرگە کەوت (٢٦) قوات خاسەی تیابوو بەڵام لاشەی (٧) قوات خاسە بەرچاو بوون ئەوانیتر هەڵاتبوون، هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە

قۆڵی بەرانبەر شەقڵاوە تەقەی زۆری لە سەر بوو دوژمن دەیویست لەوێوە خۆی دەرباز بکات.

خەڵکی گەرەوان وڵاخیان هێنابۆ بردنەوەی تەرمی شەهیدەکان، چەند شەهیدێکیش بە کۆڵی پێشمەرگە گەیەندرانە خوارەوە هەر یەک برانەوە بۆ ناوچەی خۆیان و لەوێ بە خاک سپێردران.

شەهیدانی داستانی قۆپی سووری سەرگەڵی میراوا ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید عومەر حەسەن حسێن ناسراو بە عومەر زێوەیی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٢/ شەهید یاسین شێخ وەسانی جێگری فەرماندەی کەرت

٣/ شەهید عەزیز مەلەکی فەرماندەی کەرت

٤/ شەهید ئەحمەد حەمەدەمین عەلی ناسراو بە ئەحمەد هەرتەلی فەرماندەی مەفرەزە

٥/ شەهید ڕەحمان حەمە لاس ناسراو بە حاجی ڕەحمان شیرەیی، فەرماندەی مەفرەزە

٦/ شەهید خدر ئیسماعیل ناسراو بە خدر ئەندێکی فەرماندەی مەفرەزە.

ڕەبیەی قۆپی سوور بە خوێنی شەش پێشمەرگە و فەرماندەی تیپی هەورێ دەستی بە سەرداگیرا کە ئەوەش خەسارەتێکی گەورە بوو لە هێزی پێشمەرگەو تیپی قارەمانی هەورێ کەوت، بەڵام لە ڕووی شەڕی پێشمەرگانەوە گرنگی گەورەی هەبوو لە دڵ و دەروونی جەماوەردا، گورزێکی گەورەش بوو لە پلانی سەربازی و ستراتیژی داگیرکەر کەوت، هێندەی تر ورەی هێزەکانی داگیرکەر داڕووخاو ورەی پێشمەرگەو جەماوەر بەرزو بڵندتر بوو.

هەوالنامەی کێبڕکێ

چـالاکی قـــۆپی سووری سەرگەڵوی مـــیراوا لە ئـــیزگەوە

هاوولاتیانی بەشەرەفی کوردستان، ئەی پێشمەرگە دلێرەکانی ڕێگەی ڕزگاریمان، ڕۆژێک نییە تێپەڕێ و کوڕانی گیان لە سەر دەستی شۆڕشی نوێمان لە هەر چوار مەڵبەندەکەی ئازاد کراوی پێشمەرگەدا بە خوێن و هەڵمەت و قوربانی داستانێکی تازەی ئازایەتی و لەخۆبوردن و گیانفیدایی ڕۆڵە دلاوەرەکانی مێژووی هەزار ساڵەمان.

ڕۆژێک نییە تێپەڕێ و دوژمنی داگیرکەرو جاش و خائین و دەسنگە خۆران جەزرەبە یەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرنەکەوێ.

ڕۆژێک نییە تێپەڕێ و قافڵەیەکی سووپای بەعسییە فاشییەکان ، سەربازگەیەکی ڕەبایەیەکی ئاگری ڕقی پیرۆزی پێشمەرگەی بە سەرا نەبارێ و کەلەلا نەکرێ.

بۆ ئەوەی ئەم قسانەمان هەر نەبێتە قسەی ڕووت و ڕازانەوەی دەموو دووی بێ ناواخن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندووی قارەمانێتی و لە خۆبووردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵۆکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان نیشان بدەین و تابلۆیەکی بە خوێن ڕەنگینی ئەو هێرش و هەڵمەتانەی ئەوانتان بخەینە بەرچاو وەرن با پێکەوە گوێ لە یەکەم هەواڵی ئەو هەڵوێانە بگرین، وەرن با پێکەوە گوێ بۆ چریکەی تیژو نرکەی شێرانەی پێشمەرگەکانی تیپی ۸۳ی هەورێ و ۷۸ی کارۆخ ڕادێرین، وەرن با پێکەوە گوێ لەو چیرۆکە خوێناوییە بگرین کە شەوی ۱۹۸٦/۳/۱۰/۹ ڕوویدا و پاڵەوانانی ئەم چیرۆکەیش ئەو شەهیدانە بوون کە ڕۆژگارو سەردەم کەمجار کەڵە پیاوانی وای دەبێ و کەم جاریش مێژووی نەتەوەیمان ئەوەندە شانازی بەخۆیەوە دەکات.

لە نێوان شەقڵاوەو هەریردا هەر بە ڕووکاری سەر شەقامی گشتی و شارێگەی ئەم مەڵبەندەدا بە سەر قوتکەیەکی سەخت و ملەیەکی عاسێ و ڕەوەزێکی هەڵەتەوە کە ناوی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوایە بەڵێ قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا بەم لوتکە عاسییەوە لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە لە (۱۹٦۱)ەوە دوژمنی داگیرکەر یەکێک لە ڕەبایە و سەنگەرە قایمەکانی خۆی وەک بەرازێکی ڕموزن لەو

ئاستەدا قوت کردووەتەوە، تەمەنی ئەم بەرازی ڕەبایەو سەنگەرە (٢٥) ساڵە، بەڵێ (٢٥) ساڵە ئەم سەنگەرەی دوژمن تانەی سەرچاوی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوایە، چاوی ڕێگەی دامێنە، بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول چەند جارێک هەوڵی گرتن و سووتاندنی ئەم دوومەڵە پیسە دراوە هەر لە شۆڕشی ئەیلولدا دوو شەهید لە ڕێگەی کوشتنی ئەم درنجەدا بوونەتە قوربانی بەڵام هەموو جارێ سەرەنجام هەر بێ هودەیی بوو، ڕەبییەی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا ببووە تەلیسم و نەدەشکا، ببووە مەحاڵ و نەدەگیرا، لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە نێو دارو باروبەندەنی ئازاد کراودا کۆمەڵە پێشمەرگەیەک گردبوونەوە بڕیاریاندا ئەم تەلیسمەی دوژمن بشکێنن بڕیاریاندا ئەبێ لە سەر ئەو ملەیە بەر لە نەورۆز ئاگری سەرکەوتن بکەنەوە، بڕیارەکە ئاسان نەبوو ئەیانزانی ڕێگە سەخت و دژوارە کەمینە لوغمە، ئەیانزانی ڕەنگە کەسیان لێنەگەڕێتەوە، ئەیانزانی ئەم سەرکەوتنە ئەم ئاگر کردنەوەیە خوێنی زۆریانی ئەوێ، گیانی زۆریانی ئەوێ، بەڵام کوا سەختی و تاریکی و ئازار لە بەردەم خۆشەویستی مەزنی ئەم خاکە پیرۆزەدا خۆی ڕاگرتووە، وایانووت دواجار هەموو دوو دڵی و دڵە ڕاوکێیەکی خۆیان خستە لاوە، کوڕانی هەورێ و خۆشناوەتی، کوڕی (ی ن ک) هاوڕێیانی شەهید حەسەن، شەهید حەسەنی سەرتیپیان سوێندیان خواردو لە شەوی ١٩٨٦/٣/١٠/٩ کەوتنە ڕێ و ڕووبانکردە ترۆپکی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا.

ڕێگە هەڵەتە بەڵام باوەڕ لەو بەهێزترە، سەنگەری دوژمن قایمە بەڵام خۆشەویستی کوردستان لەو قایمترە، لە گەڵ یەکەم قرمژنی گوللەدا گەیشتنە پەنا دیواری سەنگەر بوو بە شەڕ بەڵام شەڕی تەقە نا، ئەمجارەیان شەڕی دەستەو یەخە، شەڕە قەمە، لە ناو سەنگەرەکەداو لە پانتایی چەند مەترێکدا شەڕی نێوان ڕژێمی فاشی و کورد بوو، شەڕی ڕۆڵەکانی (ی ن ک) و بەعس بوو.

شەهید عومەر زێوەیی فەرماندەی کەرت خۆی پێشکەوتبوو، کە ئەو شەهید بوو کاکە عەزیز مەلەکی چووە شوێنی، کە ئەویش شەهید بوو یاسین عەلی شێخ وەسانی چووە شوێنی، گەڕانەوە نەبوو یان کوردستان یان نەمان بوو، کاک خدر

ئەندێکی خوێن لە لەشیەوە فیچقەی ئەکردوو بەڵام تا شەهید بوو ئەمیش لە هەڵمەت نەکەوت کاکە ئەحمەد هەرتەلی و کاکە عەبدوڵڕەحمان حەمە لاس بە لای چوار هاوڕێی شەهیدیاندا بە لای جۆگەلە خوێنی ئەواندا هەڵمەتیان تازە کردەوەو ئەوانیش هەر دووکیان دەستەویەخە بە تۆندی کەوتنە شەڕو گەڕانەوە نەبوو ئەی ئاخر سوێندیان بەم کوردستانە ئازیزە نەخواردبوو نەگەڕێنەوە، ئەی ئاخر سوێندی پێشمەرگە یانی چی ئەگەر تا سەر نەبێ، ئەی ئاخر بۆ ئەڵێین شۆڕشی نوێ.

بە شەش شەهید، شەش جۆگەلە خوێن، شەش کەڵەمێرد، شەش کڵپەی ئاگر، سەرەنجام سەنگەری تەمەن (٢٥) ساڵەی دوژمنی فاشیمان گرت.

تەلیسمی (٢٥) ساڵەی بەعسمان لە قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوادا شکاند، ئەو مەحاڵەمان ئاگر تێبەردا، بەڵێ شەش شەهید بەڵام سەرکەوتنێکی مەزن، شەش بریندی قوڵ بەڵام ئازاد کردنی لووتکەیەکی بەرزمان، هەڵکردنەوەی ئاڵایەکی گرمۆڵە بوومان.

ئەی ئاخر خۆ ئازادی خاک، ئازادی مرۆڤی کورد قوربانی ناوێ، ئەی گرتنەوەی سەنگەرێکی قایم و سەختی تەمەن (٢٥) ساڵەی سەر پلەیەکی سەختی وەکو قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا ئەوەندە شەهیدەی ناوێ، ئەی کە یەکەمجار کەوتنە ڕێ خۆیان دایاننەنابوو ئەم لوتکەیە ڕەنگە خوێنی هەموویانی بوێ ئەی خۆ ئێمە بە ناو پێشمەرگەی دانیشتووی هەندەران و قاچ لە سەر قاچ دانراوی بۆ جوانی تاقم بەستوویتر نین.

ئێمە خوێن ئەدەین و ئازادی ماچ دەکەین ئێمە لە مەیدانەکەداین.

بەڵێ بە خوێنی شەش شەهیدی کەڵەمێرد سەنگەری سەختی دوژمنمان تێکشکاند و سووتاند.

دیارە ئەپرسن ئەی دوژمن و زیانی دوژمن لە وەڵامدا ئەڵێین.....

ئەو شەش قوربانی و شەهیدە جوامێرەی ئەم داستانە نەمرەیان بە خوێنی خۆیان نووسی ئەم کەڵە مێردانە بوون:

١/ شەهید عومەر حەسەن حسێن ناسراو بە عومەر زێوەیی فەرماندەی کەرتی

تیپی ٨٣ی هەورێ.

٢/ شەهید عەزیز عەبدوڵڵا ناسراو بە عەزیز مەلەکی جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٣/ شەهید یاسین عەلی خەڵکی شێخ وەسان جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٤/ شەهید خدر حەمەد ئیسماعیل ناسراو بە خدر ئەندێکی فەرماندەی مەفرەزەی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٥/ شەهید ئەحمەد حەمەد ئەمین ناسراو بە ئەحمەد هەرتەلی فەرماندەی مەفرەزەی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٦/ شەهید عەبدولڕەحمان حەمە لاس ناسراو بە حاجی ڕەحمان شیرەی سەروو تیپی ٨٣ی هەورێ.

ئەی شەش شەهیدە قارەمانەکەی ڕێگەی ڕزگاریمان، ئەی شەش ئەستێرە سوورەکەی هەورێ و خۆشناوەتی سڵاوی گەلێکی ستەمدیدە لە ئێوە بێ، سڵاوی تەواوی پێشمەرگەی کوردستان.

ئێوە نەورۆزتان بەر لە نەورۆز کردەوە، ئێوە ئەو ئاگرەتان لە سەر قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوادا کردەوە.

بـــــەرەو ســـــەرکردایەتی

مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٦ تیپی ٨٣ی هەورێ نێردران بۆ پاراستنی سەرکردایەتی لە ئەگەری هەر پەلامارێکی دوژمن.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە مەلا سەفی ئەرکیان پێسپێردرا هاوشانی تیپەکانی سۆران، لە شارستێن، کوڕەک لە مەرگە.

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٦ جارێکیتر تیپی ٨٣ی هەورێ بانگکرانەوە سەرکردایەتی، شەڕی قەیوان ماوەت بە سەرداهات، ماوەی سێ مانگ لە خەجە لەرزۆک و دوو توێی سەرکارێزە مانەوە.

کـــــارەساتی تـــــوتمە

ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٦ کۆپتەرێک لە سەر کلاو قاسم ڕەسەدی بۆ تۆپخانەکانی دوژمن دەکرد لە ناوچەی سەر مەیدانی شەقلاوە، لە بارەگای پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی هەورێیاندا لە توتمە.

پێشمەرگەکانی تیپی هەورێ لە بەر خەستی تۆپباران بەرەو ئەشکەوتی پشتی توتمە ڕۆیشتن تۆپێک لە زارکی ئەشکەوتەکەیدا کە پێشمەرگەی تیابوو.

لە گەڵ لێدانی تۆپەکەدا ئەشکەوتەکە بە سەر پێشمەرگەکاندا ڕووخاو ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون.

شەهیدەکان

١/ شەهید قادر عەبدوڵڵا ناسراو بە شەوڕۆ جێگری کەرت

٢/ شەهید محەمەد مستەفا، دارایی کەرت

٣/ شەهید کەمال قەڵاتی پێشمەرگەی تیپی ٧٤ باڵەک بە میوانی هاتبوو بۆ لای تیپی هەورێ

٤/ شەهید مستەفا باجلوری خەڵکی دهۆک بوو هاتبوو بۆ لای قادر باجلوری برای کە پێشمەرگەی تیپی هەورێ بوو.

٥/ شەهید سەرکەوت عەزیز داود، تەمەن ٣ سالان کوڕی عەزیز داودی فەرماندە کەرت بوو

٦/ میوانێکی ئێرانی بە ناوی محەمەد شەهید بوو.

شەهیدەکان پارچە پارچە ببوون، قاچ و دەستیان پەڕیبوو، پارچە گۆشتەکانیان کردنە بەتانییەوە.

تیمی هەندەسەی ئێرانی هاتبوونە لای تیپی هەورێ بۆ دەست بە سەردا گرتنی زنجیرەی کوڕەک، زۆربەی (مین)ەکانی زنجیرەی کوڕەکیان هەڵگرتەوە.

کـــــیمیاباران- پـــــەلامار

پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ لە داستانی ڕزگاری بوون کاتێک بالیسان کیمیابارانکرا دوای کیمیابارانکردنی بالیسان شێخ وەسان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ هێزەکانی دوژمن لە خەلیفانەوە پەلاماری دۆڵی ئالانەو بالیسانیاندا.

ئەو پێشمەرگەو بەرگرییانەی لە ناوچەکەدا بوون ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٩ هێزەکانی دوژمن پێشڕەوییانکردو تەواوی دێیەکانی دۆڵی بالیسان و ئالانەیان تەختی زەویکرد.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

هێزێکی دوژمن هێرشیانکردە سەر دێی فریزی سەر بە ناحیەی خۆشناوەتی بە مەبەستی سووتاندنی.

هێزێکی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٣ هێرشیکردە سەر دێی فریز هێزی بەرگری ڕووبەڕوویان بوونەوەو لە شەڕێکی یەک سەعاتیدا شکاندیانن، لەو شەڕەدا تەنها خانوویەکی دێیەکە سووتا.

شـــــەڕی بـــــالیسان
دوای کـــــیمیاباران
1987

دوای ئەوەی سەرکەوتووانە بەشداری داستانی ڕزگاریانکرد تیپی ٨٣ی هەورێ گەڕانەوە ناوچەکانیان.

کەرتێک لە مێرگە سەر بوون، کەرتێک لە چیای هەورێ بوون، کەرتێک لە کانی بەرد بوون، سەباح مێرگە سەری و هاوڕێکانی پێشتر هەندێک خواردن و کەلوپەلیان لە بیرێکدا شاردبووەوە، لە بیرەکەدا ئاردیان دەرهێناو کولیچەیان دروستکردو نانیانخوارد.

کاتژمێر ١٢ی شەو کەسێک هاتە لایان و ووتی هەستن جاش هاتووەتە بەرانبەر نۆسەک و سەری مۆتە.

سەباح مێرگە سەری بێتەلی کردەوە لە گەڵ بێتەلی جاشەکان تێکەڵ بوو، جاشەکان دەیانووت لە سەری بنمازەیی و مۆتەین پێشمەرگەکان دۆشکەیەک و کەلوپەلیان لە هێستر بارکردبوو بەرەو شیرێ ڕۆیشتن، پێشمەرگەیەکیان نارده لای هاوڕێ کاوە لە کانی بەرد تا هەواڵەکە بگەیەنێت و لە هاتنی جاش ئاگاداریان بکاتەوە.

سەباح مێرگە سەری بێتەلەکەی نەکوژاندبۆوە، ئازاد خۆشناو لای ئەنوەر بەگ جاش بوو لە بێتەلەکەوە بە سەباح مێرگە سەری ووت تۆ کێیت، سەباح ووتی من شێخەڵڵام (١)، ئازاد ووتی چۆن بزانم شێخەڵڵایت عەدەد جیهازی لق کێن، سەباح ووتی دوو عەدەد جیهازن گەورەکە یان بچوکەکە، ئازاد ووتی تەواوە تۆ شێخەڵڵایت.

ئازاد بە سەباحی ووت کاک شێخەڵڵا[١٢] ئاگاداری خۆتان بن ئێمە لە سەری نوسەک و مۆتەین، ئێستا دەبابە و کۆپتەر و هێزدێن، کە هێز هات سێ مۆرس جیهازت بۆ لێدەدەم، سەباح گەیشتە ڕەزی باسکان کۆپتەر دەرکەوتن چوونە پشتی ئەشکەوتی بێراوێ، گوللە ئاربیجیەکیان پێبوو نایان بە کۆپتەرەکەوە دۆشکەکەیان بەڕێکرد بۆ لای عەزیز داود.

یاسین گەیشتە کانی بەرد بۆ لای کەرتەکەی هاوڕێ کاوە نانیان دەکرد تازە ڕۆژهەڵاتبوو هێزی دوژمن گەیشتبوونە ناو بالیسان.

پێشمەرگەکانی بارەگای کانی بەرد بەرەو بالیسان بەڕێکەوتن، هەر چەند پێشمەرگەو لە قۆڵێکەوە هەڵمەتیان دەستپێکرد.

جاش لە ناو بالیسان بوون هێزی پێشمەرگە هاتنە ناو بالیسان و لە جاشەکانیاندا ناقیلەیەک وەرگەڕاو ژمارەیەک جاش کوژران، شایانی باسە ٣٠٠ پێشمەرگەی پارتی لە شێخ وەسان بوون ئامادە نەبوون بەشداری شەڕەکە بکەن، بەڵام مەفرەزەیەکی پارتی تەها بێتواتەیی فەرماندەی بوو لە پێش هێزەکەی دوژمنیاندا لە مێرگە سەرو دوو سەربازیان کوشت، دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٨٧ ئەو ماڵانەی ناوچەکەیان جێهێشتبوو گەڕانەوە دێیەکانیان، چەند ماڵێک لە سەروچاوەوە گەڕانەوە.

١٢ سەباح مێرگە سەری دەیزانی ئازاد خۆشناو لە گەڵ شێخەڵڵا کە پارتی بوو پەیوەندی هەیە، بۆیە خۆی لێکرد بە شێخەڵڵا.

بەشێک لە دانیشتوانی دۆڵی باڵیسان چووبوونە دەشتی هەریر، سیساوا، باسرمە هەر ماڵەو (٥٠٠) دیناریان لە ڕژێمی عێراق وەرگرتبوو بە نیازی دروستکردنی ئۆردوگای باسرمە، ئەو ماڵانە گەڕانەوە دۆڵی باڵیسان و دۆڵی هەرووتیان و بەو پارەیە خانوویان دروستکردەوە.

ئەو ماڵانەی گەڕانەوە

١٥ ماڵ بۆ هەرووتە کۆن
٧ ماڵ بۆ سارتکە
٥ ماڵ بۆ ئەشکەوتە
١٥ ماڵ بۆ خەتێ
١٥ ماڵ بۆ سپیلکەو بێرۆ
٢٠ ماڵ بۆ توتمە
٣٠ ماڵ بۆ باڵیسان
٥ ماڵ بۆ کانی بەرد
١٢ ماڵ بۆ شێخ وەسان

ماڵەکان لە شوێنە سەختەکاندا خانوویان دروستکردەوە.

تۆپخانەی دوژمن و کۆپتەر بەردەوام بۆردومانی ناوچەکەیان دەکرد، ڕێگەکانی هاتوچۆ گیرابوون، تەنها ڕێگەی هاتوچۆ بۆ دێی زینە تیر بوو، سەرەڕای تۆپباران و بۆمباران بەڵام ناوچەکە ئاوەدانی بوو.

دوای داستانی ڕزگاری تیپی ٨٣ی هەورێ گۆڕانکاری بە سەردا هات، سابیر ڕەسوڵ فەرماندەی تیپی ٨٣ گواستراپەوە تیپی مەڵبەندی ٣ و عەلی وەیسی لە جێگەی کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ.

بـــــۆسە

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٣ی هەورێ و مەفرەزەیەکی پارتی لە شەوی ١٩٨٧/٥/٢٤/٢٣ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای گشتی خەلیفان شەقڵاوە دانا سەعات (٩)ی شەو کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان ئاگربارانیان کردن و ژمارەیەکیان لێکوشتن.

زیانی دوژمن:

تێکشکاندن و سووتاندنی (٢) جێب قیادە هەمان مەفرەزە ڕۆژی دوایی چوونە ناو شارۆچکەی هەریرو ئۆتۆمبێلێکی تویوتای سەر بە دائیرەی تووتنیان هێنایە دەرەوە.

دەستەی نوێی تیپ

- عەلی وەیسی فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ
- کاکە جوان قەمتەرانی جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ
- عومەر ڕەسوڵ ڕێبەری سیاسی تیپ
- جەمال سلیمان دارایی تیپ
- دکتۆر عەبدولڕەحمان مەلا عیسا دکتۆری تیپ
- دلێر تەق تەقی لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان
- مامۆستا زانا لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە

فەرماندە کەرتەکان

- محەمەد بیکەیسی فەرماندەی کەرت
- عەزیز داود فەرماندەی کەرت
- حسێن بەستەسێنی
- حسێن بەشان

سەنگەر فاروق لە گەڵ هاتنی سابیر ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی کەرت، ڕزگار هاودیانی چووە خولی کادیران لە تاران.

چـــالاکی

لە سەرەتای مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٨٣ی هەورێ ٣ چالاکییان لە دەشتی هەریر ئەنجامدا.

لەو چالاکیانەدا دوو ئۆتۆمبێلی بەڕازیلی ، یەک سۆپەر، یەک کۆستەر دەستیان

بە سەردا گیرا، سێ قوات خاسە و ئامر سریەیەک و کۆنە بەڕێوەبەری ناحیەی ڕەواندز دەستگیرکران.

لە شەوی ١٩٨٧/٥/٣٠/٢٩ تیپی ٨٣ی هەورێ بەشداری کارای کرد لە دەست بە سەرداگرتنی ناحیەی تەق تەق دا.

دێـــگەڵە- بـــەنی هـــــەریر

شەوی ١٩٨٧/٩/١ تیپی ٨٣ی هـەورێ بەشداریانکرد لە دەستبەسەرداگرتنی ناحیەی دێگەڵە، هاوکات لە گەڵ گرتنی ناحیەی دێگەڵەدا تیپی ٨٣ی هـەورێ و تیپی مەڵبەندی ٣ بە سەرپەرشتی سامان گەرمیانی هەڵمەتیان بردە سەر چەند ڕەبییەیەکی بەنی هەریرو دەستیان گرت بە سەر دوو ڕەبییەدا و چەندین جاش و سەرباز کوژران.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی چوار پێشمەرگە بوو:

١/ شەهید سەمەد ڕێبەری سیاسی تیپی هەورێ

٢/ شەهید عەلی عەرەب پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند

٣/ شەهید ڕەفعەت پێشمەرگەی تیپی هەورێ

٤/ شەهید ئیسماعیل پێشمەرگەی دەستەی سامان گەرمیانی

تەرمی چوار شەهیدەکە کەوتە دەستی دوژمن دواتر وەرگیرانەوەو لە گۆڕستانی شێخ مەمودیان بە خاک سپێردران.

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٥ لە تۆڵەی شکستەکەیاندا لە دەربەندی گۆمەسپان و سەری ڕەشەوە پەلاماری زنجیرە چیای بەنە باوێیاندا، تیپی هەورێ ڕۆڵی دیاریان بینی لە شەڕی ١١ ڕۆژەی بەنەباوێدا.

پـــــایزی 1987

پایزی ساڵی ١٩٨٧ جاش و سەرباز پەلاماری چیای مۆتەو بنکە و بارەگاکانی (ی ن ک)یاندا لەو پەلامارەدا:

عومەر ڕەسوڵ ڕێبەری سیاسی

عەلی دەربەندی

دکتۆر تاهیر شەهید بوون

هەر لە پایزی ساڵی ١٩٨٧ عەلی وەیسی لە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ گواستراپەوەو سەعیدی حەمە زیاد کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ.

دەستەی تیپ

- سەعیدی حەمە زیاد فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ
- کاکە جوان قەمتەرانی جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ
- جەبار سلیمان دارایی تیپ
- دکتۆر عەبدولڕەحمان عیسا دکتۆری تیپ
- مامۆستا زانا لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە
- عەبدولڕەزاق بێتواتەیی ڕێکخەری شۆڕشگێڕان

فەرماندە کەرتەکان

- محەمەد بیکەیسی فەرماندەی کەرت
- هاوڕێ کاوە فەرماندەی کەرت
- حسێن بەستەسێنی فەرماندەی کەرت
- ئەحمەد هەرتەلی فەرماندەی کەرت

تیپی ٨٣ی هەورێ تا ساڵی ١٩٨٨ بەمشێوەیە مایەوە.

لە شەڕەکانی ئەنفالی (یەک) تیپی ٨٣ لە هەرمێلەو ناوچەکانی جافەتی بوون، بەشداری قارەمانانەیان لە شەڕەکانی بەرگری لە ئەنفالی یەکدا کرد لە سەری وورچەچ ڕۆڵی دیاریان بینی.

لە ئەنفالی یەکدا سەعیدی حەمە زیاد تیپی ٨٣ی هەورێ بەجێهێشت، کاکە جوان کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ و محەمەد بیکەیسی بە جێگری تیپ.

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە تیپی ٨٣ خۆی ڕێکخستەوەو گەڕانەوە گەڕەوان- دۆڵی مەلەکان و هەندێک ناوچەیتر.

لەو کاتانەی تیپی ٨٣ی هەورێ لە شەڕەکانی گەڕەوان بوون، تیپەکانی ٢١ی کەرکوک، تیپی قەرەچوخ و مەڵبەندی ٣ لە سنووری تیپی هەورێ بوون.

مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٨ تیپی ٢١ی کەرکوک هاتنە سنووری تیپی ٨٣ی هەورێ و لە بنمازین، قەراتە جوو، قەراتێ بێسارا، سەنگەریان لێدا بارەگایان لە هەرمک دانا، تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە نوسەک بوون، تیپی مەڵبەندی ٣ لە زینە تیر بوون، دوای مانگێک شەڕو بەرگری پاشەکشەیانکرد دوای مانەوەیان لە ناوچەکانی گەرەوان مەلەکان تیپی ٨٣ی هەورێ کشانەوە کونە کۆتر.

دوای چوونە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیپی ٨٣ی هەورێ هاتنە دۆڵە کۆگە، لە سەری سادرو چەکوچ ئەرکیان پێسپێردرا، لە شەڕی (٤٠) ڕۆژەی (سادر چەکوچ) تیپی هەورێ ڕۆڵی دیاریان بینی، تیپی ٨٣ی هەورێ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ لە دۆڵە کۆگە مانەوە، تیپی ٨٣ی هەورێ جارێکیتر گۆڕانکاری بە سەرداهات جەلال حاجی کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ.

دەستەی تیپ

- جەلال حاجی فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ
- محەمەد بیکەیسی جێگری فەرماندەی تیپی هەورێ
- هاوڕێ مەغدید ڕێبەری سیاسی تیپ

فەرماندە کەرتەکان

- ئەحمەد هەرتەلی فەرماندەی کەرت
- هاوڕێ کاوە فەرماندەی کەرت
- ئیسماعیل مام عەبدوڵڵا فەرماندەی کەرت
- حسێن بەستەسێنی فەرماندەی کەرت

دوای ماوەیەک جەلال حاجی لە تیپی ٨٣ی هەورێ گواستراپەوەو عوزێر فەقیانی کرایە سەرپەرشتیاری تیپی ٨٣ی هەورێ، ساڵی ١٩٩٠ جارێکیتر گۆڕانکاری لە تیپی ٨٣ی هەورێ کرا بەمجۆرە:

- قاسمە سوور فەرماندەی تیپ
- بەهرام ڕەسوڵ خۆشناو جێگری تیپ

هەولێنامەی کتێب

- هەڵمەتە ڕەش فەرماندەی کەرت
- خەلیل چاوڕەش فەرماندەی کەرت
- ئیسماعیل پشدەری فەرماندەی کەرت
- ڕەسوڵ وەتمان فەرماندەی کەرت
- هاوڕێ مەنسور ڕێبەری سیاسی تیپ

شـــەهید بوونی غازی خـــالید بـــێرەوەیی

لە ڕۆژی ١٩٩٠/١١/٢ غازی خالید بێرەوەیی لە هاتنە خوارەوە بۆ خۆشناوەتی شەهید بوو.

ڕاپـــەڕین

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ تیپی هەورێ لە شێخێ هاتنە خوارەو گەیشتنە ناو ڕانیە.

هەوالنامەی کتێب

تـــــیپی 77ی هـــــەڵگورد
سیانزە

تـــیپی 77ی هـــەڵگورد
حـــاجی ئـــەحمەدی بـــۆڵی

تیپی ٧٧ی هەڵگورد دەکەینە دەروازەیـەک بۆ ناسینی میژووی سـەروەری و تێکۆشانی حاجی ئەحمەد سەعید حاجی مستەفا ئاغای بۆڵی و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی کە تەمەنێکی زۆری بە کوردایەتی بەخشیوە، دۆستی نزیکی هەڤاڵ مامجەلال بووە، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەڕابەڕایەتی (ی ن ک) دوو کۆڕی شەهید بووە.

حاجی ئەحمەد سەعید ئاغای بۆڵی لە ساڵی ١٩٢٠ لە کوێستانی سەرسوڵ و بناری چیای سەرکەشی کۆدۆ لە دایک بووە، کەسایەتییەکی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەر بووە، دۆستی لە میژینەی مامجەلال بووە.

دوای ئەوەی ژمارەیەک چەک لە ماڵەکەیدا لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستی بە سەردا گیرا لە گەڵ کۆڕو کەسووکارەکەیدا ڕوویانکردە شاخ و بوونە پێشمەرگە، حاجی ئەحمەدی بۆڵی ئاژەڵدار بوو خاوەنی ٧٠٠ سەر مەڕ بوو، مەڕەکانی فرۆشت و دایە چەک بۆ خزم و کەسوکارەکەی، خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە.

ساڵی ١٩٧٧ سەرەتاو دەستپێکی خەباتی نەپساوی حاجی ئەحمەد بۆڵی بوو لە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێدا.

حاجی ئەحمەد بۆڵی خۆشەویستی مامجەلال و هاوڕێی نزیکی بووە پەیوەندی بەهێزی لە گەڵ مامجەلالدا هەبووە، بە هەمان شێوە لە گەڵ کاک نەوشیروانیش پەیوەندییەکی باشی هەبووەو کاک نەوشیروان وەکو مامی خۆی ناوی هێناوە، هەر کات پێویست بووایە حاجی ئەحمەد دەچووە لای مامجەلال یان مامجەلال بانگیدەکردە لای خۆی و ئەرکی پێدەسپارد.

ئـــەو نامانەی ڕەنـــگی قـــەندیلیان گـــرتووە
یان بـــۆنی کـــوێستانی هـــەڵگورد

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا حاجی ئەحمەدی بۆڵی چەندین نامەی ئاڕاستەی جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان کردووەو وەڵامیشی وەرگرتووەتەوە هەڤاڵ مامجەلال

و کاک نەوشیروان و عومەر شێخ موس و ملازم سەید کەریم و دکتۆر کەمال خۆشناوو مەڵبەندی ٣ چەندین نامەیان سەبارەت بە هەلومەرج و پرسە جیاوازەکان ئاڕاستەی حاجی ئەحمەد بۆڵی کردووە ڕێزیان لێناوەو خۆشەویستیان بۆ دەربڕیوە لە ڕووداوەکان ئاگاداریان کردووەتەوەو بەرچاو ڕوونیان داوەتێ نامەکان تێکڕا بۆ حاجی ئەحمەد بۆڵی ناردراون و چەند نامەیەکیش بۆ محەمەدی کوڕی حاجی ئەحمەد هاتوون.

لێرەدا بە پێی کات و ڕۆژو بۆنەی ناردنی نامەکان، ناوەڕۆکی نامەکان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خوێنەر، نامەکان ڕەنگدانەوەی هەلومەرج و قۆناغەکانی تێکۆشانن هەر نامەیەک گوزارشتە لە زەمەنێک.

(1)
نامەی یەکەم

١٩٧٨/٧/٢٢

نامەی مامجەلال

برای خۆشەویستم کاک شێخەی مەلا ووسوی بەڕێز

برای خۆشەویستم کاک محمد حاج ئەحمەد سەعید ئاغای بەڕێز

سڵاوێکی کوردانەی گەرم

شادی و خۆشیتانم داوایە و ئێمەش شوکر باشین، شۆڕشە پیرۆزەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردنە حکومەت شێخ مەحموودی ناردبوو بۆ لامان ئێمەش چاوەنواڕی سەلماندنی هەقی کورد ئەکەین ئنجا گفتوگۆ ئەکرێ هەقی کوردیش دیارە چییە ؟ بەڵام هاتنەوەی خەڵک بۆ شوێنی خۆی و مانی هێزی چەکدار شەرتی بنەڕەتین.

نامەکەتان گەیشت، دوو تفەنگەکە گەیشت و فیشەکەکان گەیەندران زۆر سوپاس وا پارەو نەفەرمان ناردن تکایە چەندی هەیە چەکمان بۆ بکڕن وە چەندی دەست ئەکەوێت دریغی مەکەن بکڕن پارەکە حازرە بۆیە زۆر زۆر مەمنون ئەبین کە هەرچی زووتر چەک ٥٠٠ یا ١٠٠ دانەش هەبێت بۆمان بکڕن.

ئیتر مامە شێخە سڵاوی هەیە

هەر خۆش بن بۆ

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

(2)

نـــــامەی دووەم

نامەی مامجەلال لە وەڵامی نامەیەکی حاجی ئەحمەددا

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/

مەکتەبی سیاسی ڕۆژ/ ۱۹۷۸/۸/۵

بـرای خۆشەویستم کـاک حـاجی ئەحمەد سەعید ئـاغـای بـەڕێـز سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و بەختیاریتانم داوایە و ئێمەش باشین و هەردەم سەرکەوتنی ئێوەمان داوایە، نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس، هەرچی تێدابوو حاڵی بووم، من نیازم لە داواکەم ئەوە بوو کە ئێوەش نزیک بن لە ئێمە بۆ ئەوەی نەختێ بە دووروودرێژی پێکەوە قسە بکەین وە ڕەئیشت وەرگرین لە سەر زۆر شت لەوانە مەسەلەی گفتوگۆ لە گەڵ میری بوو.

جا مادام خۆتان پەسەندی ئەکەن کە جارێ لای خۆتان بن ئێمەش موافقین بەڵام تکام وایە:

١/ زۆر زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت- وریـا بن لە ئێران نـەوەکـا لە تۆڵەی جاسوسەکەیان بدەن بە سەرتاندا.

٢/ ئاگاتان لە خۆتان بێت لە فرت و فێڵی عێراق نەوەکا بە پیلان دەسیسەیەکتان بۆ دانێت، جا تکایە زۆر وریاو ئاگادار بن.

هەروەها دەمەوێ ئاگادارت بکەم کە پەیوەندیت ڕاستەوخۆ بە خۆمەوە ئەبێت تاکو خۆتان دێن ئەوسا شوێن و جێگەتان دائەنرێت.

شێخەی بنزێریش لە مەسئولیەت لابراوەو ئێستە تۆراوە لە منیش بۆیە تکایە هیچ ئەمرو قەرارێکی جێبەجێ مەکەن بێ ئاگاداری من.

ئیتر خۆتان وەکیلی سەلام بن لە هەموان و هەر بژی بۆ

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

(3)

نـــــامەی سێهەم

وەڵامی مامجەلال بۆ نامەیەکی حاجی ئەحمەد بۆڵی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/

سکرتێری گشتی ڕۆژ/ ١٩٧٨/٨/٢٠

بـرای خۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەد سەعید اغـای بۆڵی بەڕێز سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی کوردانە

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین نامەکەتان گەیشت زۆر شاد بووم بە ساغ و سەلامەتیتان، دیارە هەرچی بۆ ئێوە باش بێت ئەمەش بەلای ئێمەوە باشە.

بۆ مەسەلەی عومەرە شێت منیش ئاگادارم بەڵام جارێ بە نیازێک مۆڵەتم داوە، زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگاریەکانتان.

برادەران هەموو سەلامتان لێئەکەن کەی دەستتان بەتاڵ بوو سەرێکمان بدەن خراپ نییە، وەزعی شۆڕش لە هەموو لایەکەوە بەرەو باش ئەچێت ئێمەش خۆمان بۆ هەموو ڕووداوێک سـازداوە، میری ماوەیەک لەمەو پێش ناردبووی بۆ لامان ئێستەش گوایە بەتەمان خەڵک بنێرنەوە هەر چۆنێ بێت ئێمە بۆ هەقی کوردمانە، تا هەقی کورد دەستگیر نەبێت دەستمان پێ هەڵناگیرێت.

ئیتر هەر بژی بۆ

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

تکایە وەکیلی سەلامان بن لە هەموو دۆست و خزمان

*****

شەهید بوونی ڕەسوڵ حاجی ئەحمەد بۆڵی
1978/11/19

ساڵی ١٩٧٧ کاتێک حاجی ئەحمەد بۆڵی بووە پێشمەرگە لە قەندیل و سەر شێخاو زەڵێ مایەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەڤاڵ مامجەلالەوە هەبوو.

حاجی ئەحمەد فەرماندەی کەرت بوو لە قەندیل ئۆقرەی نەدەگرت و دادەگەڕا بۆ ناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی کۆیە لەو ناوچانەدا جەولەی دەکرد.

لە یەکێک لەو جەولانەداو لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٩ لە کۆدەرەی نزیک سکتان ڕووبەڕووی جاشەکانی قاسم ئاغا بوونەوە لەو شەڕەدا ڕەسوڵی کوڕی حاجی ئەحمەد بریندار بوو بۆ ڕۆژی دواتر لە ژێر کاریگەری برینەکەیدا شەهید بوو.

(4)

نامەی چوارەم

وەڵامی هەڤاڵ مامجەلال بۆ سێیەمین نامەی
حاجی ئەحمەد بۆڵی
سەبارەت بە بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمن
١٩٧٩/٦/٨

برای خۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەدی بەڕێز
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس بۆ هەستی برایانەتان، شکور پێشمەرگە لە بۆردومانەکە سەلامەت بوون، هەر تەنها زەرەری لە ژن و منااڵی برا کوردەکانی ئێرانمان دا، شەش ژن شەهید کران و هەندێکی تریش منااڵ و خەڵک بریندار کران.

وا کڵاشینکۆفێکم دا بە کاک محمد، بەشی مام حاجی ئەحمەد سەعید ئاغاش لە وەجبەی کە بە ڕێگەوەیە ئەنێرم.

زۆر سەلامم هەیە بۆ حاجی قادرو برایانی ترو پێشمەرگەکان یەکە یەکە

ئیتر هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتان
مامجەلال

هەوارنامەی کتێب

(5)

نامەی پێنجەم

حاجی ئەحمەد بۆڵی لە فەرماندە کەرتی تایبەتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەڤاڵ مامجەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هەبوو، گواستراپەوە هەرێمی ١٤ی ئاکۆ.

هەرێمی ١٤ی ئاکۆ لە نووسراوێکدا بە ئیمزای سوارئاغا فەرماندەی هەرێمەکە هەموو کەرتەکانی سەر بە هەرێمی ١٤ و دانیشتوانی سنووری هەرێمەکە لە گواستنەوەی حاجی ئەحمەد بۆڵی ئاگادار دەکاتەوە بۆ سەر هەرێمەکەیان.

ئەمەش دەقی ئاگاداری نامەکەیە:

ی ن ک

ه، ١٤ کوردستان یان نەمان ژمارە/

ڕۆژ/ ٥/١٧

بۆ هەموو فەرماندە کەرتەکانی سەر بە هەرێمی ١٤ و دانیشتوانی ناوچەی هەرێمەکان، ئاگادارتان ئەکەین کە حاجی ئەحمەد سەعید ئاغا فەرماندەی کەرتی ١٤٦ سەر بە هەرێمەکەمانە بۆ ئاگاداری و هاوکاری لە گەڵ یەک کردن.

ئیتر بۆ پێشەوە

سواره عەباس ئاکو

ف/ه/١٤

(6)

نامەی کاک نەوشیروان بۆ حاجی ئەحمەد بۆڵی
لە وەڵامی نامەیەکی گلەیی ئامێزی حاجی ئەحمەددا

دەقی نامەکە:

برای بەڕێزمان جەنابی حاجی ئەحمەد
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بە هیوای خۆشی و بەختیاریتانین، سڵاوم هەیە بۆ برا پێشمەرگەکان و هیوادارم بەختیارو سەرکەوتوو بن وەزعی ئێمە شوکور باشە، لە هەموو لایەکەوە دەنگوباسی دەست وەشاندنی قارەمانانەی پێشمەرگەیە.

نامەکەتان گەیشت و گلەییەکان هەندێکیان هەقن، بەڵام بەڕاستی ئەبێ ئێوەش سەیری وەزع و ئیمکانیاتی شۆڕش بکەن و ئێمە حەزمان ئەکرد کە بمان توانیایە هەموو پێشمەرگەو مەسئولەکان ڕازی بکەین و دڵیان خۆش بکەین و نەهێڵین موحتاج و کەم و کورتیان هەبێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو توانایەمان نەبووەو جێگەی فەخرو شانازییە کە زۆربەی خەڵک بە چەکی خۆیان و لە سەر حسابی خۆیان شەڕی دوژمن ئەکەن، هەروەها ئێمەش ئەزانین کە جەنابیشت یەکێکی لەوانەو گەلێک خزمەتی ئەم شۆڕشەتان کردووە بە خوێن و بە چەک و بە پارە، وە لە پێناوی ماندوو بوون، و بێگومان ئەمە خزمەتی گەل و نیشتمانە و ئینسانی پێ سەربەرز ئەبێ و ئەوەی ویژدانی هەبێ لە بەر چاوێتی و لە بیری ناچێت.

هیوادارم بتوانین کە لە فرسەتێکا تۆڵەتان بۆ بکەینەوە، بەڵام بەڕاستی ئێمە فەرق و جیاوازیمان نەکردووەو زۆریشمان پێ خۆشە کەوا یارمەتی شۆڕش لە بەر چاوی ئێوە ئەوەندە بە گەورە تەماشا ئەکرێ، چونکە ڕاستە یارمەتی کەرتەکانی هەرێمی ١٤ دراوە بەڵام بەو شێوەیە نیەو ئەوانیش هێشتا هەر گلەیی یان هەیە.

لە کۆتایدا ڕێزو سڵاو دووبارە ئەکەمەوە، وا (٣٠٠) دینارم بۆ ناردن بەڵکو کەلێنێکی پێ بگریت لەوە (١٠٠) دیناری بۆ منالەکانی خۆتان کە بە داخەوە بیستم لە

حاجی ئۆمەران نەماون و لەوێ ڕۆیشتوون، ڕۆژێک دێ هەموو ئەوانەی دەربەدەر بوون و لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنراون بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

ئیتر هەر بژین

١٩٨٠/١٢/٢٢

گرتنی فڕۆکەوانێکی ئێرانی

پێش کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ فڕۆکەوانێکی ئێرانی کەوتە دەست کەرتەکەی حاجی ئەحمەد بۆڵی، هێشتا چەند مانگێک بوو شەڕی عێراق ئێران هەڵگیرسابوو دوو فڕۆکەی شەڕکەری عێراق ئێران لە سنووری سەرکەپکان بە شەڕ هاتن، فڕۆکە ئێرانییەکە لە لایەن فڕۆکە عێراقییەکە تێکشکێندرا و فڕۆکەوانەکە بە پەڕەشووت خۆی هەڵدایە خوارەوەو کەوتە پشتی دەڵاڵان کەرتێکی هەرێمی ١٤ بە فەرماندەیی حاجی ئەحمەد بۆڵێ فڕۆکەوانەکەیان گرت و تەسلیمی سەرکردایەتییان کرد، سەرکردایەتیش فڕۆکەوانەکەی تەسلیم بە ئێران کردەوە.

گرتنی فڕۆکەوانە ئێرانییەکەو تەسلیم کردنی بە سەرکردایەتی جێگەی خۆشحاڵی سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگە بوو هەر بەو بۆنەیەوە چەندین نامەی دەستخۆشی ئاڕاستەی حاجی ئەحمەد کراو تیایدا ستایشی جوامێری حاجی ئەحمەدو کەرتەکەیان کرد.

دەقی نامەکان بە پێی ڕۆژی نووسینیان دەخەینە ڕوو:

(7)

نامەی حەوتەمی پیزبەندی

نـامـەی یـەکـەم، وەڵامـی نامەیەکی حاجی ئەحمەدو دەستخۆشی لـە گرتنی فڕۆکەوانەکە

برای زۆر خۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەدی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

دوای سڵاو بە هیوای خۆشیو سەرکەوتنتانین، ئومێدەوارین هـەردەم شادو کامەران بن، ئێمەش زۆر باشین و چاک و باشی ئێوەی بەڕێز ئاوات و مەبەستمانە، زۆر سڵاو ڕێزمان هەیە بۆ کاک سواراغا و هەموو برادەرانی لاتان.

نامەکەتان گەیشت زۆر دڵشاد بووین بە ساغ و سەلامەتیتان، ڕاستە مودەتێکە نامەم بۆ نەناردون بەڵام هەر کەس هەڵکەوتبێ سڵاوم بۆ ناردون، وا ماوەی دوو مانگێکە لە ئێران گەڕاومـەوە لە مەکتەبی عەسکەریم ئێوەش هەر کـارێ بە من بکرێ بە سەرچاو جێبەجێی دەکەین، زۆر سوپاستان دەکەم، ئیشەڵڵا هەر کاتێ بۆم ڕێکەوت نامەتان بۆ ئەنێرم.

کاک محمد باسی گرتنی ئەو فڕۆکەوانەی بۆ کردم دەستان خۆش بەڕاستی کارێکی مەردانەتان کردووە دیارە ئیشی وا پیاوانە هەر لە خۆتان دەوەشێتەوە، دووبارە سڵاو ڕێزم هەیە بۆ هەموو برادەران.

ئیتر هەر بژین و سەرکەوتوو بن

برای دڵسۆزتان

زێڕۆ عبدالله ڕێوی

١٩٨٠/١٢/٢٧

هەواڵنامەی کێبڕکێ

(8)

نامەی هەشتەم لە پیزبەندی

نامەی دووەم سەبارەت بە فرۆکەوانەکە/ نامەی عومەر شێخ موس ۱۹۸۰/۱۲/۲۸

برای تێکۆشەرو خۆشەویست

کاک حاجی ئەحمەد سەعید بۆڵی

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانەو داوای خۆشی و سەرکەوتنتان دەکەم، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ نامە شیرینەکەتان.

هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی زۆر بە گەرمی تقدیری هەڵوێستتان دەکەن لە گرتنی خەڵەبانەکەو ناردنی بۆ ئێرە، بە ڕاستی زۆربەی برا پێشمەرگەکانی ە (١٤) پیاوانە هاتنە پێش و بێگومان لە کاتی هاتنی چەک ئێوە قەت لە بیر ناکەین.

ئێمە ئەم کارە بە (١٠٠) عەمەلیەی عەسکەری دادەنێین، کاک نەوشیروان پێش ماوەیەک نامەی بۆ ناردن لە گەڵ یارمەتییەک کە (٣٠٠) دینار بووە، هەروەها زۆر بە پێویستی دەزانین کە نەسرییەی خۆتان لە لیژنەی دارایی هەرێم وەرگرن چونکە ئێمە ئەو پارەمان بۆ ناردبوون کە بە سەر هەموو کەرتەکاندا دابەشی بکەن، ئیتر هیوام وایە هەر چالاک بن و بژین بۆ میللەتی کورد.

هەموو برادەران زۆر سڵاویان هەیە.

برای دڵسۆزتان

هۆمەر شێخ موس

(9)

نامەی نۆیەم لە ڕیزبەندی

نامەی سێیەم- کاک نەوشیروان

برای بەڕێز جەنابی حاجی ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم، هیوادارم هەمیشە شادو سەرکەوتوو بن

عەرزی سەلام و احترامم هەیە بۆ برادەران و لە خوا ئەخوازم هیچ ناخۆشییەک نەیەتە ڕێگاتان، وەزعی ئێمە شوکر باشەو بە دڵی ئێوەیە، سووپاسی لوتفی برایەتیتان ئەکەم و خوا لە برایەتیتان کەم نەکات، خوا یار بێت بە سەر هەموو کۆسپ و ناخۆشییەک دا سەر ئەکەوین.

دوێنێ ئیوارێ گەڕامەوە بارەگاو هێشتا برادەرانم بە تەواوەتی نەدیوە، ئەگینا هەر داوایەک و ئیشێکتان هەبێت و بە ئێمە جێبەجێ بکرێ بە چاوان ئەنجامی ئەدەین، هیوادارم بتوانین داواکانتان جێبەجێ بکەین.

زۆرم پێ خۆش بوو بۆ مەسەلەی فڕۆکەوانە ئێرانییەکەو بەڕاستی ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو سەری هەموومانی پێ بەرز بووەوە، هیوادارم بەم نزیکانە بتوانین هەندێک چەکتان بۆ پەیدا بکەین.

دووبارە ڕێزو سڵاوم قبوڵ بکەن و هەر بژین.

١٩٨١/٣/١

(10)

نامەی دەیەم

مامی بەڕێزم جەنابی حاجی ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم شادو بەختیار بن شکور وەزعی ئێمە زۆر باشە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلالین بە هیواین لەم یەک دوو ڕۆژەدا بگەڕێتەوە، ئێستا پێشمەرگەمان ناردووە بە پیریەوە انشالله بە سەرکەوتوویی و مژدەی خۆشەوە ئەگەڕێتەوە، وابزانم ئەو دەم جەنابیشت سەردانی ئێرە ئەکەیت و ئەو کەموکوڕی و نوقسانیەی هەبێ بە گوێرەی توانا جێبەجێی ئەکەین.

سڵاوو ڕێزم هەیە بۆ برا پێشمەرگەکان و ئومێدەوارم دوای گەڕانەوەی مامجەلال گیروگرفتەکانی هەرێمی ١٤ چارەسەر بکەین و پاک و پیسی بکەین.

ئیتر هەر بژین بە خۆشی

١٩٨١/٦/٩

نامەی کاک نەوشیروان

(11)

نامەی یانزەیەم

برای خۆشەویستم کاک حاج ئەحمەد سەعید ئاغا

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین تکایە هەموو هێزو بارەگاکەتان کۆبکەنەوەو بچنە سەر شێخان و لە گەڵ هەرێمی (٧) یەکتر بگرنەوەو هەمووتان پێکەوە بن، چاوەڕوانی سواراغا بن تاوەکو دەگاتە لاتان.

وا کڵاشینکۆفێکم بۆ ناردی بۆم کڕیویت...

باوەڕ بکەن هەر بێت تۆم لە بیرە

ئیتر هەر بژین بۆ...

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

هەوالنامەی کتێب

(12)
نامەی دوانزەیەم

١٩٨٢/٤/١٠

برای خۆشەویستمان مام حاجی ئەحمەدی بۆڵی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین

وا کاک سمایل وەرتیم نارد تکام وایە کڵاشینکۆفێکی بۆ بگۆڕیت بە یەکێکی مزەڵی قۆنداغ ئاسنی باش.

هەر بژی بۆ...

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

(13)

نامەی سیانزەیەم

بە پێی ناوەڕۆکی نامەکە ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٣ کە پزیسکی ڕاپەڕین گەیشتە ڕانیە کە سەرەتاکەی لە ١٩٨٢/٤/٢٤ لە قەڵادزێ دەستپێکردوو گەیشتە سلێمانی و هەولێرو شارو شارۆچکەکانیتر.

دەقی نامەکە

بۆ برای بەڕێز کاک حاجی ئەحمەد پێشکەشە

سڵاوێکی گەرم...

کاکە حاجی وا دوو ووڵاخ ئەنێرین لە گەڵ (٢) دوو پێشمەرگە بۆ ئەوەی هەر ئەمشەو دۆشکاکە بگاتە لایان چونکە ئەگەر ئەمشەو نەچنە ناو ڕانیە بەیانی میری قوەت ئەهێنێت و ئیمکان نابێت ڕانیە بگیرێ ئنجا تۆ لە گەڵ ٣ پێشمەرگەی لای خۆتان بچیت ٣٠ پێشمەرگەتان لەوێ هەیە لە گەڵ سەید مەجید پێکەوە بن وا دیارە لە هەموو شارەکان ڕاپەڕین دەستی پێ کردووە.

ئیتر خۆشیت...

هەولێنامەی کتێب

بۆ دڵسۆزت

دکتۆر کەمال خۆشناو

٥/٣

(14)
نامەی چواردەیەم

بۆ برای تێکۆشەر کاک حاجی ئەحمەد پێشکەشە
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...
هیوام خۆشی و سەرکەوتنتانە برا

کاک سەید مەجید ئێستا نامەی بۆ ناردوین کە پێویستیان بە ٤ گوللەی ئاربی جی هەیە ئینجا هەر چۆنێک بێت بەڵکو لە گەڵ دوو پێشمەرگەی خۆتان بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی هەر ئێستا ڕەوانەیان بکەین بەڵکو ڕانیە بکەوێتە دەستی خۆمان.

ئیتر خۆشیت...

برات
د. کەمال خۆشناو
٥/٣

نامەی (١٣،١٤) تایبەتە بە ڕاپەڕینی ڕانیە لە ١٩٨٢/٥/٣، ئێمە بەشێکی تایبەتمان هەیە سەبارەت بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٨٢ کە سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە جگە لە دهۆک ئەم دوو نامەیە دەبووایە لە ئەو بەشە دابنرێت، بەڵام چوونکە نامەکان تایبەتە بە حاجی ئەحمەدی بۆڵی بە پیویستمان زانی هەر لێرەدا دابنرێت.

(نووسەر)

(15)

نامەی پانزەیەم

نامەیەکی کاک نەوشیروان بۆ کاک محەمەد کوڕی حاجی ئەحمەد بۆڵی دەقی نامەکە

ناوزەنگ

١٩٨٢/٩/١١

برای بەڕێزم کاک محمد

سڵاوێکی گەرم...

هیوام خۆشی و بەختیاریتانە

سڵاو لە برا پێشمەرگەکان ئەکەم، ئومێدەوارم شادو سەرکەوتو بن، وەزعی لای ئێمە باشەو زۆر پێخۆشحاڵ بووم بەوەی ڕیزەکانی خۆتان خاوێن کردەوەو باوکیشت بە سەلامەتی گەیشتەوە لاتان.

هەڵگری نووسراو کاک خدر کەریم ئەحمەد سااڵێک زیاترە پێشمەرگەی سەرکردایەتییە و پێش ئەوەی بێتە ڕیزی پێشمەرگە چەند ساڵ لە شار لە تەنزیمدا بووە، کورێکی زۆر چاک و دڵسۆزو موحتەرەمەو خەڵکی ناوچەکەیە، من ئاگادارم کرد کە نەقڵی تیپەکەی ئێوە ببێ، هیوادارم سوودی لێوەربگرن و چەکێکی باشی بدەنێ.

ئیتر هەر بژیت...

(16)
نامەی شانزەیەم

نامەی مەکتەبی عەسکەری

پێش ئـەوەی بڕیاری دروستبوونی تیپی ٧٧ی هەڵگورد دەربچێت وەک ئامادەکاری بۆ دروستبوونی تیپەکە مەکتەبی عەسکەری (ی ن ک) داوای لە حاجی ئەحمەد کردووەو داوای ناوی پێشمەرگەکانیان و جۆری چەکەکانیان کردووە.

دەقی نامەکەی مەکتەبی عەسکەری:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ٧٠٦

مەکتەبی عەسکەری ڕۆژ/ ١٩٨٢/٩/٢٣

هەڤاڵی تێکۆشەر کاک حاجی ئەحمەد بۆڵی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

هیوای باشی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، دەربارەی بوونتان بە تیپ چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین لە لایەن بەڕێزتانەوە جا تکایە بە گەیشتنی نووسراومان جێبەجێیان بکەن:

١/ تکایە لیستی ناوی پێشمەرگەکانتانمان بۆ بنێرن

٢/ ژمارەو جۆری هەموو چەکی قورس و سوک و تەقەمەنییەکانتان بە وردی بنێرن

٣/ دەربارەی ئەو جیهازەی لاتانە ئەگەر ئەتوانن لە لایەن خۆتانەوە بە کاری بهێنن ئەواپێویستە بیخەنە کارو هەموو ڕۆژێک پەیوەندی بکەن بە سەرکردایەتییەوە، خۆ ئەگەر ناتوانن بە کاری بهێنن ئەوا تەسلیممان بکەن هەتا وەها بکەین کە ئەو جیهازە بکەوێتە کار، چونکە ئەو جیهازە تەنها بۆ تیپێک نییە بەڵکو بۆ هەموو ناوچەی هەولێرە لە بەر کەمی ئەو جۆرە جیهازە وە ئێستا لە ناوچەی سلێمانی یەک جیهازمان لەو جۆرە هەیە بە (٦) تیپ بە کاری دەهێنین و لە ناوچەی قەرەداخ جیهازێکی ترمان هەیە تیپەکانی گەرمیان و قەراخ و بازیان ئەو جیهازە بەکار دەهێنن.

٤/ پێویستە تیپەکەتان هەموو لە زارگەلی بن و پارێزگاری ئەو ناوچەیە دەکەوێتە

سەر شانی بەڕێزتان هەروەکو پێویستە بارەگاتان لـەوێ بێت، جا چاوەڕوانی هیممەتتانین بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە تا فەرمانی بوون بە تیپتان دەربکەین.

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئالای (ی ن ک)دا

وێنەیەک بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری بەڕێز/ بۆ ئاگاداری مەکتەبی عەسکەری

هەوالنامەی کتێب

(17)

نامەی هەڤدەیەم

بەڕێز مام حاجی ئەحمەدی بۆڵی

سڵاوێکی گەرم...

بە هیوای خۆشیتانم سڵاوو ڕێزم بۆ هەمووتان داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی بە خزمەتتان بگەم ئەمڕۆ برادەرانی سەر جادە کارێکی پەلەیان هەبوو ئەبوایە خۆم بچم بۆ چارەسەر کردنی.

برادەرانی خۆمان لە گەڵ حزبی دیموکرات لە بێوران ئێرانیان شکاندوە تاکو سەردەشت ڕاویان ناون و دەستکەوتی چاکیان هەبوە ئەمڕۆ ئەم خەبەرەمان بۆ هات، هەر ئیش و کارێکتان هەبوو لە سەر جادەم.

دووبارە سڵاو لە هەمووتان ئەکەم هەر بژیت...

دڵسۆزتان

سەید کەریم

٩/٢٣

تێبینی:

بە پێی ناوەڕۆکی نامەکە لە ١٩٨٢/٩/٢٣ نووسراوە

(18)

نامەی هەژدەیەم

گواستنەوەی ژمارەیەک پێشمەرگە

ی ن ک ژمارە/

ک.س.ە ڕۆژ/ ١٩٨٢/٩/٢٦

بۆ تیپی کاک ئەحمەد حاجی بۆڵی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بڕیاردرا بە گواستنەوەی ئەم پێشمەرگانەی کە لە خوارەوە ناویان نووسراوە بۆ تیپە تێکۆشەرەکەتان هیوادارین سودبەخش بن.

ناوەکان:

١/ پ م ڕەسوڵ قادر

٢/ پ م ڕەسوڵ کەریم

٣/ پ م محەمەد حاجی مینە

٤/ پ م محەمەد حاجی عومەر

٥/ پ م حوسێن عەبدوڵڵا

٦/ پ م بابکر حوسێن

٧/ پ م حاجی محەمەد مستەفا

٨/ پ م حاجی عەبدوڵڵا محەمەد

٩/ پ م عەبدوڵڵا ئەبوبەکر

١٠/ پ م عەوڵا ئیبراهیم حسێن

١١/ پ م حمد امین ئەحمەد عەبدوڵڵا

١٢/ پ م حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا

١٣/ پ م حەمەد ئەمین

١٤/ پ م محەمەد مەلا یوسف

ئیتر بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن

لە ژێر ئاڵای ی ن ک دا

ک.س.ە

هەوڵنامەی کتێب

(19)

نامەی نۆزدەیەم

بۆ بەڕێز حاجی ئەحمەد بۆڵی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

هەردەم بە هیوای شادی و سەرکەوتنتم

کاکە: دەربارەی جێگەو شوێن بۆ خۆت و جەماعەتەکەت بە پێی نامەی کاک د. کەمال کە بۆم هاتووە ئێوە دەبێ بچنە زارگەلی چوونکە ئەوێ کەسی ئێمەی لێنییە جا هەر لە ئێستاوە تەرتیباتی خۆتان بکەن خانووەکانی ئەوێ چاک بکەنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە...

ک.س.ە

١٩٨٢/٩/٢٦

(20)
نامەی بیستەم

١٩٨٢/١٠/٣

برای خۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەدی بۆڵی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

شادی و خۆشی و سەرکەوتنتانم داوایە، تکایە بە گەیشتنی نامەکەم خۆتو هەموو پێشمەرگە چەکدارەکانت بەرەو سەرکردایەتی بکەونە ڕێ تەنانەت لە بارەگاکەشت پێشمەرگەی بێ چەک بە جێ بهێڵن تکایە زۆر بە پەلە وەرن.

سڵاوم بۆ گشت هەڤاڵانی پێشمەرگە

تکایە بەتانی و کەلوپەلی پێویستیش بهێنن

ئیتر هەر بژی بۆ...

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

هەوالنامەی کتێب

(21)
نامەی بیست و یەك

ی ن ک ژمارە/

کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر ڕۆژ/ ١٩٨٢/١١/٨

بۆ بەڕێز کاک حاجی احمد بۆڵی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بە هیوای شادیتانین

بۆ ئاگاداری ئەمڕۆ بروسکەی بە پەلەی بەڕێز مامجەلال هاتووەو سڵاوی بۆت هەیە داوا دەکات بە پەلە پێشمەرگە بنێرن بۆ لای بۆ ئەوەی کە ئەوانەی دەیانێرین بگەنە لای و محەمەدو ئەوانیتر ئیزن بدات، و داوا لە سواراغا و قادر خەبات و تیپی سۆرانیش کراوە ئەوانیش پێشمەرگە بنێرن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پێشمەرگەکانیان و بگەڕێنەوە و کاک قادر خەباتیش خۆی دەچێت جا دەبێ دوو بەیانی بە بێ دواکەوتن پێشمەرگەکانتان بەڕێبکەون و بچنە لای مامجەلالی بەڕێزەوە بۆ ئەوەی محەمەد و جەماعەت بگەڕێنەوە، جا هەر چۆنێ بێت دەبێ دوو بەیانی پێشمەرگەکانتان بڕۆن و لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە، چوونکە بروسکەی مامجەلال بە پەلەیەو نابێ دوا بکەوێت بە نەناردنی بەرپرسیارن.

ئیتر بۆ پێشەوە...

کۆمیتەی سەرکردایەتی/ هەولێر

تێبینی/ ئەو پێشمەرگانەی کە ڕەوانەیان دەکەیت، پێویستە بە قەد ئەو پێشمەرگانە بن کە ئێستە لای مامجەلالن.

(22)

نامەی بیست و دوو

بڕیاری دروستبوونی تیپی ٧٧ی هەڵگورد

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/

مەکتەبی سیاسی ڕۆژ/ ١٩٨٢/١٢/٨

دانانی فەرماندەی تیپی ٧٧/ هەڵگوردی تێکۆشەر

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاریدا بە دانانی هەڤاڵ حاج ئەحمەدی بۆڵی بە فەرماندەی تیپی ٧٧/ هەڵگورد تێکۆشەر هیوادارین بە هاوکاری هەموو لێپرسراوو پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپەکەیان سەرکەوتوو بێت لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

پێویستە هەموو هەڤاڵانی تێکۆشەر یارمەتی پێویستی بدەن و هاریکاری تەواوی بکەن لە هەڵسان بە کاروبارەکانی خۆی.

ئیتر بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن

لە ژێر ئاڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا

مەکتەبی سیاسی

وێنەیەک بۆ:

- مەکتەبی عەسکەری تێکۆشەر
- مەڵبەندی تێکۆشەر
- هەڤاڵی تێکۆشەر

هەولێر کتێب

تیپی 77ی هەڵگورد

لە دەرچوونی بڕیاری دروستبوونی تیپی ٧٧ی هەڵگوردەوە تا ساڵی ١٩٨٦ فەرماندەی تیپ و جێگرو فەرماندە کەرتەکان بەمجۆرە بوو.

- حاجی ئەحمەد ئاغای بۆڵی فەرماندەی تیپی ٧٧ی هەڵگورد
- محەمەد حاجی ئەحمەد بۆڵی جێگری تیپی ٧٧ی هەڵگورد
- عومەر حاجی ئەحمەد لێپرسراوی دەستەی تیپ

فەرماندە کەرتەکان

- مستەفا پیرداود فەرماندەی کەرت
- عەبدوڵڵا قادر ڕەسوڵ فەرماندەی کەرت
- عەبدوڵڵا ئەحمەد سەعید فەرماندەی کەرت
- عەزیز داود فەرماندەی کەرت
- حسێن بندایزانی فەرماندەی کەرت
- شێخ محەمەد قەسری فەرماندەی کەرت

بارەگای تیپی ٧٧ی هەڵگورد لە زارگەلی وەرتێ بوو.

ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپی هەڵگورد بەردەوام لەنێوان (٨٠ بۆ ١٠٠) پێشمەرگەدابوو.

کەرتەکانی تیپی هەڵگورد بە مەفرەزە دەچوونە نازەنین، جەلی، حاجی ئۆمەران، قەسرێ، چۆمان- ناوچەی خۆشناوەتی.

پێشمەرگەکانی تیپی هەڵگورد لە شاخی زارگەلی ئەرکیان پێسپێردرا بوو کەرتەکان بە نۆرە یەکتریان دەگۆڕی و دەچوونە شوێنی یەکتر.

بۆ هەر ئەرکێکی پێشمەرگانە گەر پێویستی بکردایە لە لایەن مەڵبەندی (٣)و سەرکردایەتییەوە داوا دەکران، تیپێکی چالاک و پابەند بوون بە بڕیارو ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی (ی ن ک) و بە تایبەتی هەڤاڵ مامجەلالەوە.

(23)

نامەی بیست و سێ

هەڤاڵ سکرتێری گشتی (ی ن ک) لە ئاگادارینامەیەکدا بۆ تیپەکانی مەڵبەندی (٣) چەندین خاڵی خستۆتە ڕوو بۆ جێبەجێکردنی وێنەیەک لەو ئاگادارینامەیە نێردراوە بۆ تیپی ٧٧ی هەڵگورد.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/

مەڵبەندی (٣) ڕۆژ/ ١٩٨٢/١٢/٢٣

بۆ هەموو تیپ و ئەو کەرتانەی سەر بە مەڵبەندی (٣)ن:

وا لە خوارەوە دەقی ئاگادارینامەی سکرتێری گشتی (ی ن ک) تان ئاڕاستە دەکەین بۆ جێبەجێکردن و ڕێنمایی کردنی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانتان بەرانبەر بەو خاڵانەی لە دەقی ئاگاداری نامەکەدا هاتووە.

دەقی ئاگاداریيەکە

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/

سکرتێری گشتی ساڵی/ ١٩٨٣

بۆ گشت مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بۆ ڕێکخستنی هێزی بەرگری نیشتمانی لە سەرانسەری ناوچە ڕزگار کراوەکاندا بە گشتی و لە ناوچە سنووریە ڕاگوێزراوەکاندا بە تایبەتی پێویستە هەوڵدەین بۆ:

١/ هاندانی هاوواڵاتییەکان بۆ کڕینی چەک و دروستکردنی هێزی چەکداری خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک واتە ڕێکخستنی چەکدارەکان بە شێوەی مەفرەزەو گەر کرا کەرت.

٢/ هاوبەشی کردن و هاوخەباتی کردنیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی هێرشی دوژمندا بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان و هاوخەباتی و هاوبەشی

هەوڵنامەی کتێب

هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە گەڵ ئەوان لە کاتی هێرشی میری بۆ سەر خەڵک و ناوچەکانی سنوور بە تایبەتی کە میری هەڕەشە دەکات لەوانەی دێهاتەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە.

٣/ ناردنی کادرو ڕێبەرە سیاسیەکان بۆ ناو خەڵکە چەکدارەکە بۆ هوشیارکردنەوەیان و باشتر نزیک کردنەوەیان لە (ی ن ک) و شۆڕش.

٤/ ناردنی لێپرسراوی عەسکەری لێهاتوو شارەزا بۆ ناویان بۆ مەشق پێکردن و ڕاهێنانیان بە سەنگەر لێدان و کونە فڕۆکە دروست کردن بۆ خۆپاراستن لە هێرشی فڕۆکەی دوژمن.

٥/ سەردانی لێپرسراوەکان بە گشتی و لێپرسراوی ناو خەڵک بە تایبەتی لە ناوچەکانی سنوور بۆ هاندانی خەڵک بۆ هاتنەوەو خۆ چەکدار کردن و خۆڕاگرتن لە ڕووی دوژمنی داگیرکەردا .

٦/ سووک کردنی باری خەڵکی دێهاتی سنوور بگرە یارمەتی دانیان بە پێی پێویست تاکو بتوانن لە دێهاتەکانیان بمێننەوە و ببوژێنەوەو دێهاتەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، ماوە مەدەن پێشمەرگە و ڕێبوار خەڵکەکە بێزار بکەن و مەهێڵن کەس ئازاریان بدات یان کۆسپ بهێنێتە ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ دێهاتی خۆیان.

٧/ ئەنجومەنی دێیەکان بە گشتی و هی دێهاتی ئاوەدانکراوەی سنوور بە تایبەتی، هەرچی زووە بە هەڵبژاردنی ئازاد و سەربەست و ڕاستەوخۆ دروست بکەن، دەبێ کارێ بکەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر حورمەتی ئەنجومەنەکان بگرێت و یارمەتیان بدات لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان.

لە دواییدا بە هیوای سەرکەوتن و سەربەرزیتان هەر شادبن...

سکرتێری گشتی

(24)
نامەی بیست و چوار

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ن
مەڵبەندی سێ ڕۆژ/ ٨/ / ١٩٨٣
بۆ هەڤاڵانی تێکۆشەر
- کاک حەسەن کوێستانی فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران
- قادر خەبات فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک
- ئەحمەد مەولود فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ
- حسن احمد عبدالله فەرماندەی تیپی ٧٩ی شەهیدان
- حاجی ئەحمەد بۆڵی فەرماندەی تیپی ٧٧ی هەڵگورد
- عبدالله حاجی شێخە فەرماندەی تیپی ٧٥ی کۆدۆ
- ئەحمەدە ڕەش کەرتی قەندیل
- کاک خان ئاودەل کەرتی حەریرو باتاس

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

هیوامان شادی و سەرفرازیتانە لە خەباتی پیرۆزو ڕەوای گەلە چەوساوەکەماندا هەڤاڵانی تێکۆشەر...

لە سەر زمانی بەڕێز سکرتێری گشتی هەڤاڵ (مام جەلال) پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ئەو چەکە زیادانەی لە لاتانە تەسلیم بە مەڵبەندی سێی بکەن بە بێ دواکەوتن، بە پێچەوانەوە بەرپرسیارن.

ئیتر بۆ پێشەوە...

وێنەیەکی بۆ:
١/ بەڕێز سکرتێری گشتی بۆ ئاگاداری
٢/ بەڕێز م.ع بۆ ئاگاداری

ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێ

هەوالنامەی کیب

(25)
نامەی بیست و پێنج

وەڵامی هەڤاڵ مامجەلال بۆ نامەکانی محەمەد حاجی ئەحمەد بۆڵی
۱۹۸۳/۲/۲۸

برازای خۆشەویستم کاک محمد حاج ئەحمەد
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە، نامەکانت گەیشت سووپاس

من ئەوەندەی لە دەستم بێت و بۆم بکرێ بە پێی پەیڕەوی (ه پ ک) هەوڵدەدەم حورمەت و ڕێزی ئێوە بپارێزم، تۆش هەقە یارمەتی من بدەیت تاکو بتوانم سەرکەوم، یارمەتیدانی منیش بەمە دەبێت کە تۆ خۆت و چەکەکانی تیپەکەتان بە موڵکی شۆڕش بزانیت و گوێ ڕایەڵی کۆمیتەی مەڵبەند بی، ئەوسا منیش دەتوانم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیتان بدەم، بەڵام من دژایەتی مەڵبەندم پێ ناکرێ، خۆت دەزانی لە شۆڕشی ئێمەدا سەرکردایەتی کردن بە کۆمەڵە: ئەمە جاری جاران مەلا مستەفا هەمە کارەو هەموو شت بوو لای ئێمە مامجەلال هەر سکرتێری گشتی و خاوەنی یەک دەنگە، بەڵام دیارە گوێشی لێڕادەگیرێت، جامنیش بە هەموو جۆرێک هاوکاریتان دەکەم بەڵام دەبێ هەموومان بە پێی پەیڕەوی ه پ ک ڕەفتار بکەین.

وا نامەشم بۆ مەڵبەند نووسیوە زۆرم گلەیی لێکردوون، تۆش نەدەبووایە لێیان یاخی ببیت و هەڵگەڕێیتەوە، دەبوایە بچیت بۆ لایان و من ئاگادار بکەیت.

ئیتر هەر بژی بۆ...

مامی دڵسۆزتان
مامجەلال

(26)
نامەی بیست و شەش

١٩٨٣/٣/٢٧

بۆ برای زۆر بەڕێز کاک حاجی ئەحمەد پێشکەشە

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

هیوامان خۆشی و سەرکەوتنتانە، کاکە هەروەک بیستوومە کەوا نەقڵ کراون بۆ سنووری مەڵبەندی ئێمە و ئەگەر ڕاستە ئەوەمان زۆر پێ خۆشە و حەز ئەکەین بە زووترین کات بگەنە لامان چوونکە لە مەڵبەند پێویستمان بە هێز هەیە هەروەها دۆشکەکەی کە دراوە بە ئێمە هەندێ شتی لە گەڵ نەبووە:

١/ شەبەکەی سەر دۆشکە

٢/ شریتی سەر دۆشکە

٣/ قائیدە

ئیتر خۆشیت...

سڵاوم بۆ برا پێشمەرگەکان هەیە

براتان

د. کەمال خۆشناو

هەوالنامەی کتێب

(27)
نامەی بیست و حەوت

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ٥٧
مەڵبەندی ٣ ڕۆژ/ ١٩٨٣/٤/٢

بۆ گشت تیپ و هێزەکانی سەر بە مەڵبەندی (٣)

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بە هۆی ناتەواوی بارودۆخی پەیوەندییەکانمان و تەقینەوەی هەندێ ڕووداو لە سنووری مەڵبەندی یەک لە گەڵ چەکدارەکانی (ق.م) و حسک، تکایە هەموو هێزەکانتان با لە «انزار» دا بن و بەملاو لادا دابەش نەبن و ئاگاداری خۆیان بن، بۆ ئەوەی لە هەر لایەک پەلامارمان کرایە سەر بە توندی و بێ سڵەمینەوە دەستیان لێبووەشێنین، بەڵام ئێمە شەڕ بە کەس نافرۆشین، ئەوەش شەڕمان پێبفرۆشێ بە توندی بەرپەرچی دەدەینەوە.

ئەوە بۆ ئەوەیە کە هیچ مەفرەزەیەکی متفرقە و دابڕاو نەهێڵن، نەوەک شەڕەکە بە هەموو لایەکدا بڵاو ببێتەوە، تکایە لە هاتنە پێشەوەی هەر ڕووداوو دیاردەیەک ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە...

مەڵبەندی ٣

(28)
نامەی بیست و هەشت

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ٥٩
مەڵبەندی ٣ ڕۆژ/ ١٩٨٣/٤/٧
بۆ / تیپی ١٢ی سۆرانی تێکۆشەر
تیپی ٧٤ی باڵەک
تیپی ٧٧ی هەڵگورد
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

شادی و سەرفرازیتان لە خەباتی نەپساوەی میللەتە چەوساوەکەماندا هەمیشە هەر بە ئاوات دەخوازین.

نیشانە بە بڕووسکەی سەرکردایەتی لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٨ دا پێویستە ئەم کەرتانەی خوارەوە لە تیپەکانتاندا بە زووبی ئامادەیان بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٣دا بەڕێیان بکەن بۆ سەرکردایەتی.

١/ لە تیپی ١٢ی سۆران کاک سەعید حەمە زیادو هەموو پێشمەرگەکانی کەرتەکەی

٢/ لە تیپی ٧٤ی باڵەکدا کاک کەمال حاجی خدر ئینزی لە گەڵ هەموو پێشمەرگەکانی کەرتەکەی.

٣/ لە تیپی ٧٧ی هەڵگورد کەرتەکەی کاک شێخ محەمەد و هەموو پێشمەرگەکانی بەڵام لە جیاتی کاک شێخ محەمەد سەعیدی برای بچێت.

جا تکایە تیپی ١٢ی سۆران بە زووبی ئاگاداری کاک سەعید بکات بە پەلە خۆیان کۆکەنەوەو لە کاتی دانراو بەڕێ بکەون بەرەو سەرکردایەتی.

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئاڵای (ی ن ک)

مەڵبەندی (٣)

هەواڵنامەی کێبڕکێ

(29)
نامەی بیست و نۆ

١٩٨٣/٤/١٤

تیپی ٧٧ی هەڵگوردی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بە هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتانین، نامەکانی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٤ تان گەیشت وا لە خوارەوە وەڵامەکەیەتی:

١/ دەربارەی قائیمەی مەسروفاتی کەرتی (٣)، خۆتان ئاگادارن و بڕیاری سەرکردایەتیمان دەرچوو بۆمان ناردن، کە لە پارەی ئازوقە زیاتر ناتوانین سەرف بکەین، تکایە ئێوەش کە بڕیارێک دەردەچێ پەیڕەوی بکەن و خۆتانی لێ لامەدەن.

٢/ دەربارەی عەمەلیاتی کەرتی شەهید احمد خان گەیەنرایە ئیزگە

٣/ دەربارەی ناردنی ماڵەکان بۆ دۆڵێ، کارێکی چاک نیە و لامان پەسەند نیە لە ئارادا، ئەو کارەش دەبێتە مایەی دابەزینی ورەی خەڵکەکەش بۆیە بە هیچ جۆرێک ڕازی نین بە ناردنی ماڵەکان بۆ هیچ شوێنێک و لایەک، وە هەر کاتێک زانیمان مەترسییەک هەیە ئەو کاتە خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوەو هاوکاریش لە گوێزانەوەیاندا دەکەین.

٤/ وا (١٦٠) دینارمان بۆ ناردن حقی ئەو دەمانچە (ویلتەر)ەی کە لە نێوان دا فەوتاوە، تکایە تەسلیم بە خاوەنی دەمانچەکەی بکەن و لە گەیشتنی ئاگادارمان بکەنەوە.

بۆ پێشەوە...

مەڵبەندی (٣)

(30)
نامەی سییەم

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ٦٠
مەڵبەندی (٣) ڕۆژ/ ١٩٨٣/٤/١٦
بۆ/ هەموو تیپەکانی سەر بە سنووری چالاکی مەڵبەندی (٣)
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...
سەربەرزی و سەرکەوتنتانمان داوایە

بە هۆی دڕووستبوونی باڕێکی ئاڵۆزو سەپێندراو لە لایەن هێزە چەکدارە هەست نەکردووەکانی حسک و ق.م و حشع هەوە لە ئەرکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ئەستۆیان و لە بەر ئەو پیلانە نامەبدەئیانەی کە دایانناوە بۆ لێدانی هێزو ڕۆڵە هەرە تێکۆشەرەکانی یەکێتی مان لە کاتی تووشبوونیان بە ژمارەی کەم و بە ئەمینییەوە، ودەست وەشاندنیان لە مەفرەزەکانمان بە شێوەیەکی نامەردانە، ئاگادارتان دەکەینەوە کە دەبێ یەجگار وریا و وشیار بن و زۆر بە ئیلتزامەوە و بێ لە خۆبایی بوون پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١/ کۆکردنەوەی فەرماندەی کەرت و مەفرەزەکان و وشیارکردنەوەیان بۆ وریایی کردنی تەواو لە خۆیان و لە سنووری چالاکییەکانیان و بارەگاکانیان.

٢/ گرنگیدانێکی تەواو بە حەراسەت و کەمین لە شەودا

٣/ پەرش و بڵاونەبوونەوەو دوورنەکەوتنەوەیان لە مەفرەزەکانیان

٤/ پێویستە لە سەر تیپەکانی ١٢ی سۆران، ٧٤ی باڵەک، ٧٧ی هەڵگورد، ٧٨ی کاروخ ڕۆژانە ئاگاداری یەکتر بکەن لە هەموو جموجۆڵ و هەڵسوکەوتێکی حسک و ق.م و حشع وە لە هەمان کاتدا ئاگاداری مەڵبەند بکەنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئاڵای (ی ن ک)دا...

وێنەیەک بۆ:
لقی هەولێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی تێکۆشەر بۆ ئاگاداری
کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ ئاگاداری
مەڵبەندی (٣)

(31)

نامەی سی و یەك

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ژمارە/ ٦٢

مەڵبەندی (٣) ڕۆژ/ ١٩٨٣/٤/١٧

بۆ/ هەموو تیپە تێکۆشەرەکانی سەر بە مەڵبەندی (٣)

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بە هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتانین لە خەباتی سەختی نەپساوەی دژ بە داگیرکەران و جاشە خۆفرۆشەکانی ڕژێم و جاشە شەڕ فرۆشەکانی حسک و ق.م/ی بەکرێگیراوو گێرە شێوێن

بە هۆی هەڵسانی حسک و ق.م/ی شەڕە فرۆش و کورد کوژ بە دەست پێشکەری لە هەڵگیرساندنی شەڕو دەست وەشاندنی نامەردانە لە هەڤاڵان، هاوڕێیان و هێزەکانمان، و لە سەر بڕیاری م.س و سکرتێری گشتی بەڕێز ئاگادارتان دەکەین کە پێویستە زۆر بە تووندی و بە گرنگییەوە پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١/ دەبێ هەموو پێشمەرگەو مەفرەزەو کەرتەکان لە ئینزارێکی زۆر توندا بن و هەموو هێزەکانتان کۆمەڵ کەن و ڕێگەی ئیجازەو بڵاوبوونەوە بە هیچ جۆرێک نەدەن.

٢/ ڕێگە نەدەن بە هیچ جۆرێک حسک و ق.م بە سنوورتان و بە ناوتاندا تێپەڕ بن و هاتووچۆ بکەن و زۆر بە تووندی لێیان بدەن و کەمینیان بۆ دابنێنەوە بۆ ئیبادە کردنیان.

٣/ چەند دەتوانن لە گەڵ حزبی شیوعی دا ئیجابی بن و هەوڵدەن لە هەموو کێشەیەکدا بە هێمنی و ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکەن.

ئیتر بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن لە ژێر ئاڵای (ی ن ک)دا...

وێنەیەک بۆ:

لقی هەولێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

مەڵبەندی (٣)

(32)

نامەی سی و دوو

بە بۆنەی شەهید بوونی یوسف حاجی ئەحمەد بۆڵی لە زارگەلی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نامەیەکی ماتەمینی و سەرەخۆشی ئاڕاستەی حاجی ئەحمەد بۆڵی فەرماندەی تیپی ٧٧ی هەڵگورد و باوکی شەهید یوسف کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەڵبەندی (٣)

بۆ/ هەڤاڵ حاجی ئەحمەدی بۆڵی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بە ڕاستی زۆر خەمناک و دڵگرانین بە بیستنی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنە و جگەر بڕە کە بووە هۆی شەهید بوونی پ.م ی جوانەمەرگ «کاکە یوسف» لە کانگای دڵمانەوە هاوبەشی خەم و پەژارەتانین هیوادارین خوای مەزن ئارامیتان بدات و تەمەنی درێژ بۆ خۆت و کوڕەکانت و کەسووکارەکانت بێت داوای لێبوردن دەکەین کە لەم کاتەدا ناتوانین لە پرسە لە گەڵتاندا دابنیشین، و لە هەمان کاتدا هەڤاڵ کاک برایم جەلال بە کاری شۆڕش هاتۆتە خوارەوەو دێتە لاتان و بە ناوی مەڵبەند بەشداری پرسەتان دەکات.

لە کۆتایدا داواکارین خوای مەزن لە هەموو جۆرە دەردو بەڵایەک بمانپارێزێت..

مەڵبەندی (٣)

١٩٨٣/٤/١٨

(33)

نامەی سی و سێ

بۆ برای بەڕێز کاک حاجی ئەحمەد پێشکەشە

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

پاش سڵاو هیوام خۆشی و سەرکەوتنتانە، کاکە دەربارەی مەفرەزەکان هەر وەکو خۆتان باستانکرد کەوا محەمەدی کوڕت ئێستە لە خوارەوەیە (لە گەرەوانە) ئنجا بەڵکو خۆت ئاگاداری بکەیت لە گەڵ کاک سەید کەریم بچێت و ئەگەر گەڕاوەتەوە هەوڵ بدەن سێ پێشمەرگەتان لە گەڵ یەک ئار بی جی لە گەڵ کاک سەید کەریم بچێت و ١٠ کەس یا خود ٥ کەس لە گەڵ:

١/ یەک ئار بی جی

٢/ یەک گرینۆف یا خود ڕەشاش

لە گەڵ کاک سەید مەجید بچن و ئیمڕۆ نامەمان نارد بۆ ئیزگە کەوا چالاکی عەسکەری ئێوەش بخوێننەوە، ئنجا ئەم مەفرەزەیە کە لە گەڵ کاک سەید مەجید دەچێت سبەی سەعات (٨) ی بەیانی بگەنە لامان.

ئیتر خۆشیتان...

زۆر سڵاوم بۆ کاک حاجی عبدالله و کاک مەلا عبدالله هەیە.

برای دڵسۆزتان

د. کەمال

(34)
نامەی سی و چوار

ی ن ک ژمارە/ ن
مەڵبەندی ٣ ڕۆژ/ ١٩٨٣/٧/٥

بۆ هەموو تیپە تێکۆشەرەکانی مەڵبەندی (٣)
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
بە هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتان

هەروەک ئاگادارن کە لە شۆڕشە نوێیەکەماندا چەندین جار جەربەزەی زۆر سەختمان خواردووەو چەندین کادری عەسکەری و سیاسی و پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و بێ بایەخدان بە دوژمن و بەکارهێنانی سەیارەو تراکتۆر لە سەر جادە گشتییەکان و سنووری هێزەکانی دوژمن و جاشە خۆفرۆشەکان و بەرەی شۆڕشی چەواشە هەر لە شەهیدان سیروان و هاوڕێکانی تا ئەم زیانە گەورەیەی کە لەم ڕۆژانەی دوایدا لێمان کەوت کە ١٩ پێشمەرگەو دڵسۆزی یەکێتیمان تیایدا شەهید بوون.

بۆیە لە سەر بڕووسکەی بەڕێز سکرتێری گشتی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٥ ئاگادارتان دەکەینەوە کە پێویستە بە هیچ جۆرێک سەیارەو تراکتۆر لەو شوێن و جێگایانەی کە لە سنووری دەسەڵاتی دوژمن دایە بە کارنەهێنن و چەند بکرێ بەکارهێنانی سەیارەو تراکتۆر قەدەغە بکەن لە مەفرەزەو کەرتەکان مەگەر لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت.

ئیتر بۆ پێشەوە بە هیوای سەرکەوتن...

مەڵبەندی (٣)

وێنەیەک بۆ:
لقی هەولێری تێکۆشەر
کەرتی ڕێکخستنی چۆمانی تێکۆشەر
کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزی تێکۆشەر

(35)

نامەی سی و پێنج

بەڕێز مام حاجی ئەحمەد بۆڵی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

بە هیوای سەرکەوتن و خۆشیتانین و سڵاوو ڕێزمان هەیە بۆ هەموو برایانی پێشمەرگە

دوێنێ بە بڕووسکە لە ئیزگەی خۆمان ئاگاداریان کردم ئەو تیپەی ئێوە ژمارەیەک پێشمەرگەی چەکدار بنێرن بۆ قەڵاتوکان، جا بە نیسبەت تیپی ئێوە دەبێ ۳۰ تا ۳۵ پێشمەرگەی بە چەک ڕۆژی ۹/۱۵ بگەنە قەڵاتوکان ئەبێ ئار بی جی و ڕەشاشیش ببەن مامۆستا ئەنوەر لەوێ چاوەڕوانیانە.

چوونیان بۆ هێنانی چەکە ئەگەر پێشمەرگەشتان ئیجازەن ئەتوانن ئەمڕۆو بەیانی کۆیانکەنەوە، جا هیوادارم ڕۆژی ۹/۱۵، (۳۰ تا ۳۵) پێشمەرگە بگەنە قەڵاتوکان مەسئولێکی ڕێکوپێکیان لە گەڵ بنێرە هەموویان بە قسەی بکەن.

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئالای (ی ن ک)دا...

برای دڵسۆزتان

سەید کەریم

۹/۱۳

(36)
نامەی سی و شەش

٩/١٦

بۆ برای بەڕێز کاک حاجی ئەحمەد پێشکەشە

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

هیوام خۆشی و سەرکەوتنتانە، کاکە هەڵگری نامە کاک سلیمان دێت بۆ لاتان بۆ چاوپێکەوتنی جیهازەکە بۆ ئەوەی بزانین بۆ نەبەستراوە و نەخشەکەمان بۆ ڕەوانە بکات ئینجا حەز ئەکەین جیهازەکە لە شوێنێکی باش هەڵیگرین کە کەس دەستی لێنەدات هەتاکو بۆمان ئەگەڕێننەوە.

زۆر سڵاوو ڕێزم بۆ کاک محەمەد و هەموو برا پێشمەرگەکان هەیە ئیتر خۆشیت...

هەواڵنامەی کێبڕکێ

برای دڵسۆزتان

د. کەمال خۆشناو

تیپی ٧٧ی هەڵگورد تا ساڵی ١٩٨٦ دڵسۆزانە بەردەوام بوو، لە بەر ئەوەی حاجی ئەحمەدی بۆڵی بە تەمەندا چووبوو باری تەندروستی تەواو نەبوو لە ساڵی ١٩٨٦ لە مااڵی خۆی دانیشت تا لە ساڵی ١٩٩٠ بە ئومێدی بینینی ڕۆژی ڕزگاری گەلەکەی بە نەخۆشی چاوەکانی لێک ناو مااڵوایی لە ژیان کرد.

حەیف حاجی ئەحمەد ڕاپەڕینی بە چاوی خۆی نەبینی.

*هەموو ئەو نامانەی کە لێرەدا بڵاوکراونەوە لە لایەن کاک محەمەدی کوڕی حاجی ئەحمەد پارێزرابوون، بەڕێزەوە نامەکانمان لێوەرگرتن تا لە تیاچوون و وون بوون و کاڵبوونەوە پارێزراو بن و ڕووناکی ببینن، بیانخەینە بەر چاوی ئێوەی خوێنەری تامەزرۆی ئەو ڕۆژە سەخت و دەگمەنانە کە هەرگیز دووبارە نابنەوە.



۱۹۷۸/۷/۲۰

برای خوشەویستم کاك شێخی مەلا و سوی بەرز
برای خوشەویستم کاك محەمەد حاجی ئەحمەد سەیداغان بەرز

سڵاوێکی گەرمانەی لێ بگرە

شادی و خۆشیتانم داوایە ڕێیەکی شۆکر باشە.
شۆرشی پیرۆزە کە ماڵ ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە کردنە.
حکومەتی شێخ محمودی نارد بۆ بۆ لامان ئێمەش چاوەڕوانی
سەلماندن هەتا گەڕدێنەوە ئێرە گفتوگۆ دەکەین.
هەتا گەردیش دیارە چی بە؟ بڵێم هاتنە وەی خاڵێک بۆشوێنی
خۆی و ماڵی هێزێک چەکدار شەڕی بێنەرەتێ.
نامەکەتان گەیشت. دوو تفەنگەکەیشت. فیشەکەکان گەیاندران.
زۆر سوپاس. وا بیرەوەنە خەرمان ناردن تفایە چەندی
هەیە چەکان بۆبکەن وە چەندی دەستە کە ویت
دریغی مەکەن، بکەن پارەکە هازرە. بۆیە زۆر زوو
مەمنوون ئەبین کە هەرچی زووتر چەك (۵۰) یا (۱۰۰)
دانەشی هەبێت بۆمان بکەن.

ئیتر ماڵە شێخە سڵاوی هەیە

هەر خۆشەویستان
بۆ دڵسۆزتان
مام جەڵاڵ



یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

ژمارە /
رۆژ ١٩٧٨/٨/٥

بۆ هۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەد سەعیدا غای بەرێز

سڵاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرم

شادی و بەختیارییتانم داوایە وئیمەش باشین وهەردەم سەرکەوتنێوەمان داوایە.
نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس. هەرچی تیدا بووحاڵی بووم. من نیازم لە داواکەم
ئەوە بوو کە ئیوەش نزیک بن لە ئێمە بۆ ئەوەی نەختێ بەدوورودرێژی پێکەوە
قسەبکەین وە ڕەئیشتاوەرگرین لەسەر زۆرشت لەوانە مەسەلەی
گفتوگۆ لەگەڵ میدیا بوو.

جا مادام خۆتان پەسندی ئەکەن کە جارێ لای خۆتان بن، ئیمەش موافقین
بەڵام تکام وایە ① زۆر زۆر ئاگاتان لەخۆتان بێت - وریابن لەئێران
نەوەکا لەتۆڵەی جاسوسەکەیان بەرەن بەسەرتانەوە ② - ئاگاتان
لەخۆتان بێت لە مەترسیی عێراق نەوەکا بەپێلان دەسیەکتان
بوەدانێت. جا تکایە زۆر زۆر وریا و ئاگادار بن.

هەروەها دەمەوێ ئاگادارت بکەم کە بەپلەی یەکەم پێویستە وخۆ بەخۆوە
ئەبێت تاکو خۆتان دێنە سەر شوێنی وجێگەتان دائەنرێت.
شێخی بنزیرێشم لەمەسئولیەت لابراوە وئیستە تۆزێکە لەمێشک.
بۆیە تکایە هیچ ئەمرو قەرارێکی جیاجێگەی ئێمە ئاگاداری من.

ئێمە خۆشان وەکیلی سڵامان بۆ لەخۆمان

وهەر ئەبێ بۆ
برای دڵسۆزتان
مەم جەلال

صلاح.

هەوڵی تاملەی کتێبخانە



یەکێتی نیشتمانی کوردستان
سکرتێری گشتی

ژمارە/
ڕۆژ ۱۹۷۸/۸/۱۰

بۆ هۆشەویستم کاک حاجی ئەحمەد سەید ئاغای بۆلی بەڕێز
سەرۆکی شۆڕشگێڕانەی کوردانە
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئیرەش باشین.
نامەکەتان گەیشت زۆر شاد بووم بە ساغ و سەلامەتیتان. دیارە
هەرچی پێویستە باش بێت تەمەشی بەرای ئێمەوە باشە.
بۆمەسەلەی عوقدەی شێخێت، منیش ئاگادارم بەڵام جاری بە پێویست
نەزانیوە. زۆر سوپاس بۆ ئاگەدارکردنەوەی یەکانتان.
بڕاوڕای هەموو سەرکردایەتی لێرەکان. کەی دەستتان
بەتاڵ بوو سەردێکمان بدەن خراپ نییە.
وەزیری بەرگری لە هەموو لایەکەوە بەردەوام ئیشی خۆی
بۆهەموو دەوڵەتێک ساڕدانەوە. هیچ ماوەیەک لەمەوپێش ئاردانەوی
بۆهەموو دەوڵەتێک ساڕدانەوە. هیچ ماوەیەک لەمەوپێش ئاردانەوی
بۆلامان ئیشتەش گوایە بەتەمان فڕۆکە بێنێرێتەوە. هەرچۆنێ
بێت ئێمە بۆهەڵمەتی کوردمانە. تاڵەتی کورد دەستگیر نەبێت
دەستمان ناهەڵناگرێت.
ئیتر هەر بژی بۆ
برادەرتان
مەسعود بارزانی

تکایە وەکیل سەلامان بێ لە
هەموو دۆست و خزمان.



١٩٧٩/٦/٨

بۆ خۆشەویستم کاک حاجی أحمد بەریز

سڵاوێکی گەرمی گیانەوەی لێدەکەم

شادی و سەرکەوتنتم داوایە وشیەش باشین نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس بۆ هەستی برایانەتان، شوکر بێشەرگە لە بوردمانەکە سڵامەت بوون، هەرچەندە زەرەری لە ژینۆسایدی بڕاگەیەندە کانی ئێرانمان دا. شەش ژن شەهید کران و هەندێکی تریش منال و مەڵک بریندار کران..

واکلا شنیکو فیکم دایە کاک محمد) بە شێوەی ئاماژە حاجی أحمد رەشید ئاغا ش لەو وەختەی کە بەرێگەوە یە ئەیزم. زۆر سڵامم هەیە بۆ حاجی خادر و برایانی تر و بێشەرگەکان یەکە یەکە.

ئیتر هەر بژێن بۆ

برا دڵسۆزتان

مەچەڵال

جەلە.

هەڵاوسی کێبڕکێ



ژمارە /
٥/١٧/
رۆژ

ک . ن . ک
ھ / ١٤

کوردستانی یەکگرتوو

بڕیارە لەم ماڵەوە کە ڕەتە کاغەز بە ژمارە ١٤ و داشتوانی ناوچەی
ھەریمی کەرکوک
ئاگادارکرانەتەوە کە بڕیارە ماڵەوە کە ڕەقم ١٤٤ بە ژمارە
کە ماڵەوە ئاگادارەوە کارەکانی خۆی بەڕێ بکات

ھ / ١٤



بۆ بەڕێزان جەنابی حاجی ئەحمەد
سڵاوەکانی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بە هیوای خۆشی و بە خێر و شیانین. سڵاوم هەیە بۆ
هاوبیشەی ڕەنگاڵەکان و هیوادارم [illegible] خێر و سەرکەوتوبن.
وەزعی شیعە شۆڕشگێڕ باش. لەهەموو لایەکەوە دەنگۆباسی
وەسڵ و شاندی جارەجارانی بیشەی ڕەنگەڕێ.
نامەکەتان گەیشتا و گەلەیی بەجێ هەندێکیان هەقن، بەڵام
بەداستی بۆچی شیعە سەربەخۆ و ڕاگەیەنەری شۆڕشێکی
شیعە هەڵنەکرد کە جێی خۆیەتی هەموو بیشەی ڕەنگەو
هەستەکانی ڕازی بکەین و دڵنیان خۆش بکەین و بڵێین
موحتاج وکەم وکوڕی یان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئامانجەکا
نەوتوانیمان نەبووە و جێگەی [illegible] خۆشمانە کە زۆربەی
خەڵک بە چەکی خۆیان و لەسەر حسابی خۆیان شەڕی
دوژمن دەکەن، هەروەها ئێستا ئەزانین کە جەنابیشت
بەکەڵکی لەوانە و گەلێک خزمەتی ئێمە شۆڕشەکانت کردووە بە خۆشیەوە
بە چەک و بە پارە، وە لەیتیادیا ماندوبون ... وە بێگومان



کە هەموو خزمەتی گەلەکەمان نەوانی بۆ سەربەخۆیی و
پێشکەوتنی وڵاتی خۆیی لەبەر چاوێتی وڵەبەری ناچێت.

هیوادارم بتوانین کەڵکی زۆرتان بۆ بگەیەنین،
بەڵام بەداستی ئێمە هێزێکی وەهامان نەکردووە و زۆرجاران
بۆ خۆشی، کەوا یارمەتی شۆڕشی لەبەرچاوی ئێمە نەدەنە
بگرەوە تەماشا دەکرێ، چونکە داستە یارمەتی کەڕەکانی
هەرێمی (١٤) دراوە بەڵام بەوشێوەیە نییە کە دانیشتی
هەشتیا هەزار گەلەیی بیان هەبێ.

دکۆڕانی دا بژێوی ساڵانە دوبارە نەکەمەوە. وەدا (٣٠٠)
دینارم بۆناردون بۆ کۆلینکای بۆ بگەڕێتەوە (١٠٠) دینارش بۆ
منداڵەکانی خۆتان کە بۆ داهێنە بیستبێ لەهاڵەتۆمەزان نەماوەتەوە
لەوێ ڕۆشتون. ڕۆژێک دێ هەموو ئەوانەی دەربەدەربون وەلەسەر
ماڵ وحاڵی خۆیان هەڵگەڕێنەوە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

ئیدی هەرچۆنێ

[illegible]

١٩٨٠/١٢/٢٢



برای زندە خۆشەویستم کاک حەمە ئەحمەدی بەرێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

دوای سڵاوی گەرمی خۆشەویستی برایەتی. ئومێدەوارین هەردەم شاد و کامەران بن. ئێمەش زۆر باشین و چاوەڕێی هەواڵێکی بەرێزتان دەکەین بەم نزیکانە. زۆر سڵاو و ڕێزمان هەیە بۆ کاک ئەحمەد و هەموو برادەرانی لای ئێوە.

نامەکەتان گەیشتە زۆر دڵشاد و بەختیار بە ساغ و سڵامەتیتان. ئاگەدارمان بوونەتەوە نامەمان بۆ نارد بوون بە سڵاوم بۆنارد بوون. وا ئامادەیە دوو فانگیلە لە ئێران گەڕاوەتەوە لەگەڵ بەرێز کاک ئەحمەد بۆ لای ئێوە بگەڕێنەوە بۆ من کەبڕێ بە سەرچاو و جێگەی کەوتن. زۆر سوپاستان دەکەم ئینشاءاللە هەرکاتێ بۆم ڕێکەوت نامەتان بۆ دەنێرم. کاک حەمە باسی گرتنەکەی خۆی و هاوڕێکانی بۆ کردم دەستتان خۆش بێ بۆ ئەو کارەی هەوڵتان دا و دیارە ئێستا ئازادن هەموو لە خۆشیدا دەژین. دووبارە زۆر سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو برادەران.

دژی بژێوی و سەرکەوتن

برای دڵسۆزتان

۱۹۸۰/۱۱/۲۷ زێڕەوانی عەبدوڵڵا ڕەسوڵ



برای تیکۆشەر و خوشەویست
کاک حاجی احمد سعید بۆلی،
سڵاو و یەکێ گەرمی هۆرشگیرانە و داوای خوشی
و هەر کە دڵتەنگ دە کەم، زۆر هیوا دەکەم دە کەم
بۆ نامە شیرینەکەتان،
هەموو ئەو ئاماژەی سەرکردایەتی وەک کتەبی سیاسی زۆر
بەگەرمی تەقدیری هەلوێستان دە کەن لە گرتنی
فەلەبانە کە وناردنی بۆ ئێرە. بەراستی زۆر بەی
برا پیشمەرگەکانی هەڵ(١٤) پیاوانە هاتنە پێش، وەک
گوومان لە کاتی هاتنی هەندێ ئیوە جەت لە بیرناکەین،
ئیمە ئەم کارە بە (١٠٠) هەزار عملیەی عسکری دادەنێین،
کاک نەوشیروان پێمان ماوە پێلە نامەی بۆ نارین
لە گەڵ یارمەتیێک کە (٣٠٠) دینار بووە. هەر
وەها زۆر بە پیویستی دەزانین کە نزیکی
خۆتان لە لجنەی داراییی هەرێم هەرگرن چونکە
ئیمە لەو پارەمان بۆ نارد بوون کە بە سەر
هەموو کەرتەکانیدا دابەش بکەن،
لەبەر هیواش وایە هەر چاودێر بن و بژین بۆ
هیللەتی کورد،
هەموو برادەران زۆر سڵاویان هەیە،

بۆ دڵسۆزتان
هۆگر شێخموس



۳۷۳



حاجی نورمحمد جناب جلال الدین
سلام دوستانه گرم
امیدوارم شادمان و تندرست باشید.
چاپ دوازدهم گزارشهای ملا جلالی بر امیدوارم به زودی
بگیرد و شما بیشتر گرفتار نشوید. بپرسید.. آن والله
سرگردانی و خشونتی خوشی و نگرانی بود. و ابزارم نمودم
جناب شما سرزنش نکنید که تنها و تنها که موکدا و نوشتنی
خوش بگذرد تا جلد بعدی بگیرد.
سلام و درود گرم مرا به همسر گرامی و دختر نازنین
و پسر گرامی برسانید
دوستدار گزارشهای ملا جلالی گزیده گزارشهای ۱۴ جلدی
بگیرید و پاک و بیمیل بگیرید.
تندرست و خوشی
۱۹۸۱/۶/۱۹



برای خوشەویستم کاک حاجی ئەحمەد سەعید ئاغا

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

شادی و سەرکەوتنەتان داوایە وئێش بکێشن.

تفاڵیە هەموتان کو بگەڕنەوە

بچوونە سەر شێخان و لەگەڵ هەرێمی

(۷) یەکگرتوو بگرنەوە و هەموتان پێکەوە بن

چاوەڕوانی سوراغەبن تاکو دەگاتە لاتان.

وا کڵاشنیکوفێکم بۆ ناردی

بۆم گرێویت ... باوەڕ بکەن

هەر بێت تۆم لە بیرە.

ئێتە هەر بژیت بۆ

براو دڵسۆزتان

مەجەلال

جەلال



١٩٨٤/٤/١٠

برای خوشەویستمان مام حاجی
ئەحمەدی بۆلی بەڕێز

سڵاوێکی شۆرشگێرانە

شادی وەسەرکەوتنتانە داواییەوە
باشیە. تەقام دێ
داکاک سمایل عەبدی تەهیناردە
سلۆشینکۆفیکی بۆ بگوێزیت بەیەکێکی
حەلالی قوناغ ئاسنگی باش.

هەر بژی بۆ
ئازادی کوردستان
مەجەلال

جەلال

هەولێر کتێب





هەولێر کتێبخانەی گشتی



نامەی گیان
۸۰/۱۹/۱۱
برای بەڕێز کاک محمد
سڵاو دەکەم
هیوادارم خۆشی و بەختیار بیت.
سڵاوەکەم بۆ هێشە ئاگرکان بڵێ. ئومێدوارم شاردە
سەرکەوتوبن. وە هیچ کێشەیان نەبێت و زوو زوو پێکەوە بن
بەوەی ڕێزەکانی خۆتان فراوان کردووە و یادگێشتە بەسەرهاتی
گەشتەکەتان.
هەوڵدەدەن نووسراوی کاک ئەحمەد بگەیەنن
زایەڵە هێشە ئاگری سەرکردایەتیە و پێشمەرگەی هێشە
ڕزگاریبەخش ئاگر چەند ساڵ لەمەوبەر لە تەزیم را بوون
کەوتبوونە ڕێ چاک و دڵسۆزە محەمەد و خەڵکی ناوچەکەیە.
هەر ئێستا ئاگادارم کرد کە نامەکەی بۆ بنێرێ. هیوادارم
سەردانی دەڤەرەکەتان و چەکەکانی باشی بدەنێ.
تێبینی هەر بڕێتە

یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی عەسکەری

ژمارە / ٧٠٦
رۆژ ٢٣ / ٩ / ١٩٨٣

هەفالی تیکۆشەر ـ کاك حاجی ئەحمەدی بولی ٠ـ

سلاویکی شۆرشگیرانە ٠
هیوای باشی و سەرکەوتنتان دەخوازین ٠
دەربارەی پرۆنتان بە تیپ چاوەروانی چی بە چی کردنی ئەم خالانەی خوارەوە دەکەپن لە لایەن بەریزتانەوە جا تکایە بە گەیشتنی نوسراومان چی بەچی ـ یان بکەن :

١ ـ تکایە لیستەی ناوی پیشمەرگەکانتان مان بۆ بنێرن ٠
٢ ـ ژمارەو جۆری هەموچەکی قورس و سوك و تەقەمەنیەکانتان بە وردی بنێرن ٠
٣ ـ دەربارەی ئەو جهازەی لاتانە هێزگەر ئەتوانن لەلایەن خۆتانەوە بەکاری بهێنن ئەوا پێویستە بێخەنە کارو هەموو رۆژێك پەیوەندی بکـــــەن بە سەرکردایەتیەوە بۆئەوەی گەر ناتوانن بەکاری بهێنن ئەوا تەسلیمان بکەن هەتا وەها بکەین کە ئەو جهازە بکەوێتە کار چونکە ئەو جهازە تەنها بۆ تیپێك نیە بەڵکو بۆ هەموو ناوچەی هەولێرە لەبەر کەمی ئەو جۆرە جهازە وە ئێستا لە ناوچەی سلیمانی یەك جهاز مان لەو جۆرە هەیە بە (٦) تیپ بەکاری دەهێنن وە لە ناوچەی قەرەداغ جهازێکی ترمان هەیە تیپەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بازیان ئەو جهازە بەکار دەهێنن ٠
٤ ـ پێویستە تیپەکەتان هەموو لەزارگەلی بن وە پاریزگاری ئەو ناوچەیە ـ ئەکەوێتە سەر شانی بەریزتان هەروەکو پێویستە بارەگاتان لەوێ بێـــت ٠
جا چاوەروانی هیمەتتانین بۆ چی بەچی کردنی ئەم خالانەتا فەرمانی بۆن بـــە تیپەتان دەربکەین ٠

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئالای
ی ٠ ن ٠ ك دا

مەکتەبی عەسکەری

وێنەیەك بۆ /ـ
کومیتەی سەرکردایەتی هەولێری بەریز / بۆ ئاگاداری



ی . ن . ك
ك . س . ه

ژمارە/
رۆژ/٢٦/٩/١٩٨٢

بو/ تیپی كاك ئەحمەد حاجی بولی تیكۆشەر

سڵاوێكی شۆڕشگێرانە .....

بڕیار درا بەگواستنەوەی ئەم پێشمەرگانەی كەلە خوارەوە ناویان نووسراوە بو تیپی تیكۆشەرەكەتان و هیوا دارین سود بەخش بن

ناوەكان/

١- پ . م رسول قادر
٢- " " رسول كەریم
٣- " " محەمەد حاجی مینە
٤- " " محەمەد حاجی عومەر
٥- " " حوسین عەبدولا
٦- " " بایكر حوسین
٧- " " حاجی محەمەد ستەفا
٨- " " حاجی عەبدولا محەمەد
٩- " " عەبدولا ئەبو بەكر
١٠- " " عەولا ابراهیم حوسین
١١- " " حمدامین احمد عەبدولا
١٢- " " حاجی ئەحمەد عەبدولا
١٣- " " حەمەد امین احمد عەبدولا عومەر حەمەد
١٤- " " محەمەد مەلا یوسف

ئیتر بو پێشەوەو سەركەوتن
لەژیر ئالای ی . ن . ك دا .

ك . س . ه

حەوشەی كتێب





١٩٨٠/١/٣

برای خوشەویستم کاک حاجی ئەحمەدی بوکی

بەڕێز

سەرەتای شوڕشگێڕانەی گەرم

شادی و خۆشیی وسەرکەوتنتانم دڵایە. تکایە بەگەیشتنیامەکەم خۆتو لە هەر پێشمەرگە چەکدارەکانت جێ و سەرکردایەتی بکەونەوە ئێمەش لە بارەگاکە شتێکی پێشمەرگەیی چڵ بەجێ بهێڵین. تکایە زوو بەپەلە وەڵم. سەردەم بۆگشت لە خاڵێکی پێشمەرگە. تکایە بتانیاوکە لویەلی پیویستیش بهێنن

شێخە لەڕێبابو

برای کۆنەپشتیوان

مام جەڵال

هەولنامەی کتێب



یەکیتیی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

ژمارە: خ
رۆژ: ١٨/١٢/٨

دانانی فەرماندەی تیپی ٧٧/م.ل تیکۆشەر

کومیتەی سەرکردایەتی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان بریاری دا بە دانانی هەڤال عارف محمد بۆلی بەفەرماندەی تیپی ٧٧/م.ل تیکۆشەر.
هیوادارین بە هاوکاری هەموو لیپرسراوو پیشمەرگە نەبەزەکانی تیپەکەیان سەرکەوتووبیت لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شۆرش و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان.

پێویستە هەموو هەڤالانی تیکۆشەر یارمەتی پێویستی بدەن و هاریکاری تەواوی بکەن لە هەلسان بە کاروبارەکانی خوی.

ئیتر بو پیشەوە رووەو سەرکەوتن
لەژیرئالای یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان دا

مەکتەبی سیاسی

وێنەیەک بو
- مەکتەبی عەسکەری تیکۆشەر.
- مەلبەندی تیکۆشەر.
- هەڤال تیکۆشەر.



یەکیتی نیشتمانی کوردستان
مەلبەندی (٣)

ژمارە/
ڕۆژ/ ٢٣/ ١٢/ ٨٢ ؟

بۆ هەموو تیپ و ئەو کەرتانەی سەر بە مەلبەندی (٣) یەن
وا لە خوارەوە دەقی ئاگاداری نامەی سکرتێری گشتی (ی . ن . ک) تان ئاراستە دەکەین . بۆ
جێبەجێ کردنی و ڕێ نمایی کردنی لە ڕاپەراندنی ئەرکی سەرشانتان بەرانبەر بەو خالانەی لە دەقی
ئاگاداری نامەکە هاتووە .

دەقی ئاگاداریەکە ـــــ

ژمارە: ٨/١
ساڵی: ١٩٨٣

یەکیتی نیشتمانی کوردستان
سکرتێری گشتی

بۆ گشت مەلبەندەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان
ـــــ لاوێکی شۆرشگێڕانە

بۆ ڕێکخستنی هێزی بەرگری نیشتمانی لە سەرانسەری ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بە گشتی و لە ناوچە سنوورییەکان
ڕاگوێزراوەکاندا بە تایبەتی پێویستە ئەم ڕێنمایانە جێبەجێ بکرێن :

١ــ هاندانی هاووڵاتیەکان بۆ کرێنی چەک و دروست کردنی هێزی چەکداری خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک .
واتە ڕێکخستنی چەکدارەکان بە شێوەی مەنزەوە و گەرکرا کەرتیان .

٢ــ هاوبەشی کردن و هاوخەباتی کردنیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی هێرشی دوژمنداربۆ
سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان ، و هاوخەباتی و هاوبەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان . پێش لەگەڵ ئێوان لەکاتی
هێرشی هێزی بۆ سەر خەڵک و ناوچەکانی سنوور : بەتایبەتی کە هێزی هەرەشە دەکات لەوانەی دیهاتەکانیان
ئاوەدان دەکەنەوە .

٣ــ ناردنی کادر و ڕێبەرە سیاسیەکان بۆ ناو خەڵکە چەکدارەکە بۆ هۆشیار کردنەوەیان و باشتر نزیک
کردنەوەیان لە (ی . ن . ک) و شۆرش .

٤ــ ناردنی لیپرسراوی عەسکەری لیهاتوو و شارەزا بۆ ناویان بۆ مەشق پێ کردن و ڕاهێنانیان بە سەنگەر
لیدان و گونەفڕێکە . دروست کردن بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی فڕۆکەی دوژمن .

٥ــ سەردانی لیپرسراوەکان بە گشتی و لیپرسراوی ناو خەڵک بە تایبەتی لە ناوچەکانی سنوور بۆ هاندانی
خەڵک بۆ ماتنەوە و خۆ چەکدار کردن و خۆ ڕاگرتن لە ڕووی دوژمنی داگیرکەردا .

٦ــ سووک کردنی بار خەڵکی دیهاتی سنوور بگرە یارمەتی دانیان بە پێ پێویست تاکو بتوانن لە
دیهاتەکانیان بمێننەوە و بەوژینەوە و دیهاتەکانیان ئاوەدان بکەنەوە . ئەوە مەدەن پێشمەرگە و ڕێبوار خەڵکەکە
بێزار بکەن و مەهێڵن کەس ئازاریان بدات یان کوسپ بەرێنیتە ڕێگەی ئەرکەکانیان بۆ دیهاتی خۆیان .

٧ــ ئەنجوومەنی دێیەکان بە گشتی و هی دیهاتی ئاوەدان کراوەی سنوور بەتایبەتی هەرچی زووە بە هەڵبژاردنی
ئازاد بۆ سەربەست و ڕاستەوخۆ دروست بکەن . هێزی کاری بکەن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان زور-ورمێ
ئەنجوومەنەکان بگرێت و یارمەتیان بدات لە جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانیان .

لە دوایین بە هیوای سەرکەوتن و سەربەرزیتان .

سەرشار ـــــ

سکرتێری گشتی

یەکیتی نیشتمانی کوردستان
مەلبەندی سی

ژمارە:ن
ڕۆژ: ۸/ / ۹۸۲

بو هەفالانی تیکۆشەر

ـ کاك حەسەن کویستانی	ـ	ـ	فەرماندەی تیپی ۱۲ ی سۆران
ـ ـ قادر خەبات	ـ	ـ	ـ ۷ ی بالەك
ـ ـ احمد مولود	ـ	ـ	ـ ۷۸ ی کاروخ
ـ ـ حسن احمد عبدالله	ـ	ـ	ـ ۷۹ ی شەهیدان
ـ ـ حاجی احمد بولی	ـ	ـ	ـ ۷۷ ی هەڵگورد
ـ ـ عبدالله حاجی شیخە	ـ	ـ	ـ ۷۵ ی کودو
ـ ـ احمدە ڕەش	ـ	ـ	ـ کەرتی قەندیل
ـ ـ کاك خان ئاودەڵ	ـ	ـ	ـ کەرتی حەڵبجە و باتاس

سلاوێکی شۆرشگێرانە

هیوامان شادی و سەرفیرازیتانە ،لە خەباتی بەردوو ڕەوای گەلە چەوساوەکەماندا •

هەفالانی تیکۆشەر:

لەسەر زمانی بەڕێز سکرتێری گشتی هەفال (مام جەلال) ،پێویستە لە ماوەی (۱۰) دە ڕۆژدا ئەو چەکە زیادانەی لە لاتانە تەسلیم بە مەلبەندی سێی بکەن بەبێ دواکەوتن •بەپێچەوانەوە بەرپرسیارن•

ئیتر بو پێشەوە

وێنەیەکی بو:

۱ ـ بەڕێز سکرتێری گشتی بو ئاگاداری

۲ ـ بەڕێز م•ع بو ئاگاداری

ڕاگەیاندنی مەلبەندی سی

هەواڵنامەی کێبڕکێ



۱۹۸۳/۶/۲۸

برازای خۆشەویستم کاك محەمەد حاج ئەحمەد

سڵاوێکی گەرمی گیرانە

شادی و سەرکەوتنتانم دڵەیە. نامەکانت گەیشت سوپاس. من ئێوەندەی لەدەستم بێت و بۆم بکرێ بە ئاڵای پێشمەرگەی ه.پ.ك لەدەستی خەڵکەدەم خەرمانت وێڕای ئێوە بپارێزم، تۆش لەقەڵەم مەدە بۆمبێت تاکو بتوانم سەردانت بکەم: پارەکەی داوای منیش بەم دەدە بێت کە: تۆ خۆتو چەکەکانی پێشمەرگەتان بە هەوکی شۆرشی بزانیت وگوێرایەڵی کۆمیتەی هەرێمەکەی بن. ئەوسا منیش دەتوانم بە هەموشیوەیەك یارمەتیتان بدەم. بەڵام دەبێ ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ئاگرێ لە شۆرشی ئێمە دابگیرسێنی کردن بە کوردێکە: ئەمە جارێ جارێ هەڵەستە فاڵ هەموکارە و هەموشتێ بوو! لەو ئێمە بەجۆرێ هەرسکەتیرەگرتن و خاوەنی یەك دەنگە! بەڵام وریا گوێشی لێ دەگیرێت. جامێشت بەهەموجۆرێك هاوکاریتان دەکەم بەڵام دەبێ هەموو ئەو ئاڵا بە ئاڵای پێشمەرگەی ه.پ.ك رەفتار بکەین.

وانامەشم بۆمبێنە نوسیوە زووم گلەیی لێ کردووی، تۆ شانەدەبوایە لێیان یاخی ببیت و هەڵگەڕێتەوە دەبوایە بچیت بۆلایان و من ئاگادار بکەیت.

ئێستا هەر بۆمبار

ماڵاوا کەژاڵ

مەهڵاڵ



۹۸۷/۲/۲۷

برای زهیر بەیز کاک حاجی احمد
پیشکەشت

سەدەکی شۆرشگێرانەی گەرم

هیوادارم خوشی سەدەکی و تەندروستانەی کاکە هەروا
بەردەوام کەوا نقل کراوە بۆ سەرەتای هەلبەستی تیمە و
دیگەر راستە نەوەک هیچ زەرەری خوشی و هەزکردنی پێ
بە زووترین کات بگەنە لادامان چونکە لە هەلبەستیاندا
بە هیچ هەرەوەها دۆشکە کێشی کە دەڵێ بە تیمە
هەندێ شتی لاگەل نەبووە ـ ۱ ـ وەک شۆرشگێری سەر
دۆشکە ۲ ـ تریلی سەر دۆشکە ۳ ـ قاچەرە.

خێش خۆشیت.

سەروەم بۆ هەمیشە گەرمە
هەریە

براتان
د. کەمال خۆشناو

هەواڵنامەی کێبڕکێ





یەکێتی نیشتمانی کوردستان
حەلەبجە ٢

ژمارە : ٥٩
ڕێکەوت : ١٩٨٤/٤/٧

بۆ تیپی ٧٤ی شۆڕشی تێکۆشەر
" ٧٤ی باڵەک
" ٧٧ی چۆگدەری

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

شادباد سەرفرازیتان لەخەبات و بەدەست هێنانی هیلانەتە چەوساوەکەماندا
هەمیشە هەربەئاواتی دەفرازین.

بێشانە بەرووکەی سەرکردایەتی لەڕۆژی ١٩/N/١٩٨٤ دا بەستبووبە
نیهەم کۆبوونەوەی خاڕەوەی لێپرسینەوەی ئامادەیان کۆن
بۆنەوەی لەڕۆژی ١٧/٩/١٩٨٤دا بەڕێیان کەن بەسەرکردایەتی.

١- لێپرسینەوەی ئەو کۆمەڵە سەیرەی هەموو پێکەوە ڕێکخستبوو
لەدرێژەدان.
٢- لێپرسینەوەی ٧٤ی باڵەکی کۆمەڵ کەمال عاجی خەڵیفەی ئەندێ
هەموو پێکەوەکانی لەدرێژەدان.
٣- لێپرسینەوەی ٧٧ی چۆگدەرە لەبەرگرتنی کۆمەڵ شێخ محمد
پێشەوەکان بەڵام لەجیاتی کۆمەڵ شێخ محمد، سەیدی
کۆمەڵ بگیرێت.

هاوکات بێشانەی تیپی ٧٤ی شۆڕش بۆ ئەوەی ئامادەبن
کۆمەڵ سەیدی بگەیەنن بۆ ئەوەی لەبۆنەوەی کۆمەڵ دانراوە
بەشداریەکەی بکەن لەسەرکردایەتی.

شەڕێکی پڕشکۆ و لەڕێگەی ئازادی

ی. ن. ک



٩٨٣/٤/١٤

تیپی ٧٧ هەڵگرو/ی پێنجوێن.

سەرۆکی شۆڕشگێڕان

بەهۆی سەردانی سەرۆکەوە دڵنیامان. ناوەکانی ڕۆژی ٩٨٣/٤/١٤ ساڵ ڕابێنتە والەخوارەوە وەڵامی بڕێ.

١- دەربارەی تاوانەکانی سەروماڵ مەقبوڵەکە ژمارە ٣، خۆتان ئاگادارن و بڕیاری سەرکردایەتیمان دەرچوو و بڕیارمان نارد، کە لەبارەی ئاستی تاوانەکانی سەرەتا بکرێت. تەنیا ئەوەندە ئاگادارتان دەکەینەوە کە بڕیارێک دەردەچێ بەپێی ئەوەی کە خۆتان دەڵێن لامەوەیە.

٢- دەربارەی ئەو ئەسلیحانەی کە لە ئەحمەد ئاغا دەستمان کەوتووە.

٣- دەربارەی ئاردی هاوڕێکانی بۆ دۆڵ، هاوڕێکان چاکبێنەوە و لامان بەستەبێ چۆنێتی چۆنیەتی هەڵسوڕانیان لە ئاراداچوونەکەدا بێتە ڕوونکردنەوەیەکی وا کە ئێمەش بۆی بچینە ڕای ئێوە بۆ ئاردی هاوڕێکانی بۆ چوونە ئێرەیان دڵنیابین. دەشمانەوێ زانیاری هەڵسوڕانی هەریەک لە ڕاوەستاوە خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە و هەواڵەکەیشتان لێ ونبێ ئاگادارمان بکەنەوە.

٤- وا (ـ ر-١٦) سەدوشەستا دینارمان بۆ ئاردی حەقدەوەدە ماڵێکی (وێلیەر)ەی کە لێتوان دامەزراوە. تەنیا ئێمە بەهاوەی دەماڵێکی بکڕێت و لەپێشتر ئاگادارمان کردەوە

بڕێز وە







هاوڵاتی کتێب



ی.ن.ك

ژمارە / ن

مەلبەندی (٣)

رۆژ / ٥/ ٧/ ١٩٨٣

بو هەموو تیپە تیکوشەرەکانی سەر بە مەلبەندی(٣)

سلاویکی شورشگیرانەی گەرم

بەهیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتان

هەروەك ئاگادارن کە لە شورشە نوی یەکماندا چەند ین جار جەزرەبەی زور سەختمان خوارد ووە و چەند ین کادری عەسکەری وسیاسی وپیشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون لە ئەنجامی کەم تەرخەمی وبی بایەخدان بە دوژمن و بەکارهینانی سیارە و تراکتور لەسەرجادە گشتیەکان و سنووری هیزەکانی دوژمن و جاشخوفروشەکان و بەرەی شورشی چەواشە ، هەر لەشەهیدان سیروان و هاوریکانی تا ئەم زیانەگەورەی کەلەم روانەی دایبدا لیمان کەوت کە ١٩ پیشمەرگە و دلسوزی یەکیتیمان تیادا شەهید بوو • بویە لەسەر بروسکەی بەریز سکرتیری گشتی رۆژی / ٧/ ١٩٨٣ ئاگادارتان دەکەینەوە کە پیویستە بە هیچ جوریك سیارە وتراکتور لەو شوین وجیگایانەی کە لەسنووری دەسلاتی دوژمن دایە بەکارنەهینن و چەند بکری بەکارهینانی سیارە وتراکتور قەدەغە بکەن لەمغرەزە و کەرتەکان مەگەر لەکاتی زور پیویست دا نەبیت •

ئیتر بو پیشەوە بە هیوای سەرکەوتن

مەلبەندی (٣)

وینەیەکی /

بو لقی هەولیر / تیکوشەر

بو کەرتی ریکخستنی جەرمان / تیکوشەر

بو کەرتی ریکخستنی رانیە / تیکوشەر

بو کەرتی ریکخستنی رەواندز / تیکوشەر





هەولێری کتێب





١٩٧٨/٧/٢٧

براى خوشەويستم كاك محمد حاجى محمد سعيد اغاى بيارز

سەروبكى گوردانەى گەرم.

شادى و خوشيتانم داوايە وئيمەش سوكر باشين.

شەرشە پيروزە كەمان روز بەروز لەگەشە كردنە.

حكومەت شيخ محمودى نارد بو لامان ئيمەش چاوەنوارى

سلمانىن هەتى گوردەكەين ئينجا گفتوگو ئەكريّ.

هەتى گورديش دياردە چيبيّ بەلام هاتنە وەى خەلك بو شۆرشى

خۆى و مانى هێنك چەندە شەرەتيە.

نامەكەتان گەيشت. دوو تفە نگەكە گەيشتن. فيشەكەمان گەيشتن.

زۆر سوپاس. ئا بەرەو نەخۆمان ناردن تفاية چەندى

هەيە پێمان بو بكەن وە چەندى دەيتە ئەكەويت

دريغى مەكەن، بكەن پارەكە حازرە بەيە زۆر زوو

مەمنوون ئەبين كە هەرچى زووتر چەك (٥٠) يا (١٠٠)

دانەش هەبيت بومان بكەن.

ئيتر مانە شيخ سەروى هەيە

هەر خۆشەويستتان

براى دلسوزتان

مەحەلال

هەولێر شاری کتێب



ی ۰ ن ۰ ك
ك ۰ س ۰ ه

ژمارە ـــــ
رۆژ ۱۹۸۲/۹/۱۸

بۆ/ تیپی کاك حاجی ئەحمەدی بۆلـــــی

ـــــ کۆپی شۆرگیرانە ۰

ئاگـــــەر بۆیاری ی ۰ ن ۰ ع ۰ ك بەرێز پ ۰ ی " شـــــۆر گیرێم " و -
" ـــــیرزاد ئەحمەد کەریم " مان ڤواستەوە بۆ تیپەکەتان ، کەلە بارەگای
ـــــکرتاریەت پێـــــدرۆ بوون ، هیوادارین ســـــوود بەخش بن بۆ
تیپـــــەکەتان ۰

ئیتر بۆ پێشـــــەوە رووەو سەرکەوتن لەژیر

ئالای ی ۰ ن ۰ ك دا

ك ۰ س ۰ ه



تیپی 19ی کوردەك
چـــــواردەم

تیپی 19ی کوڕەك

لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ تیپی ١٩ی کوڕەک پێکهێنرا، پێکهێنانی تیپی ١٩ی کوڕەک لە ئەنجامی فراوانبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فراوانبوونی بازنەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بوو، عەبدوڵڵا بۆر کرایە فەرماندەی تیپەکە.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ تیپی ١٩ کۆڕەک پێکهێنرا عەبدوڵڵا بۆر کرایە فەرماندەی تیپەکە،

پێکهاتەی تیپی 19 کۆڕەك

تەشکیللەی تیپی ١٩ی کۆڕەک کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بەمشێوەیە بوو

١-عبدڵڵا مصلح_عەبدڵڵا بۆر_فەرماندەی تیپ

٢-ڕەسوڵ ئەحمەد حەمە _جێگری فەرماندەی تیپ

٣-مامۆستا ڕەشاد سەبری_ڕابەری سیاسی تیپ

٤-مەلا بایز_ئیدارەی تیپ

٥-حکیم تاهیر_کادیری کۆمەڵە

٦-مەلا هیوا_کادیری تیپ

فەرماندەی کەرتەکان

١-مام شوان/فەرماندەی کەرت شاکر عبدڵڵا سەرانەیی/جێگری کەرت

٢-عمر مصلح حمد امین/ فەرماندەی کەرت برایمی تاهیری/جێگری فەرماندەی کەرت

٣-حەمە ئاغا/فەرماندەی کەرت ئەنوەر ئاکۆیی/ جێگری فەرماندەی کەرت

٤-مەلا کەمال فەقیانی/فەرماندەی کەرت

٥-حەمە حەمید/فەرماندەی کەرت

بارەگای تیپ لە قوتابخانەی دێی گەرەوانی سەروو بوو

سنووری تیپەکە لە سەرەتادا لەگەڵ تیپی ١٢ی سۆران تێکەڵاو بوو.

پێکهاتەی تیپەکە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ بەو شێوەیە مایەوە.

*ساڵی ١٩٨٤ (محەمەد قلۆ) لە تیپی ١٢ی سۆران گواستراپەوە تیپی ١٩ وەک فەرماندەی کەرت

هەواڵنامەی کێبڕکێ

گواستنەوەی تیپی کوڕەك

مامۆستا سەفین ڕۆژێک سەردانی تیپی ١٩ کوڕەک و کاک عەبدوڵڵا بۆری کرد ووتی دەنگۆی ئەوە هەیە یەکێک لە دوو تیپی ١٩ کوڕەک و ١٢ سۆران بگوێزرێتەوە دۆڵی هەرووتیان من پێمباشە تۆ بێیت بۆ ئەوێ، عەبدوڵڵا بۆر ووتی لەبەر چی پێتباشە من بێم بۆ ئەوێ مامۆستا سەیفەدین ووتی لەبەرئەوە پێمباشە سنووریکی فراوانە ئێمە وەکو ڕێکخستن هاوکاریت دەکەین، نەک هەر هاوکاریت دەکەین ئەوپەڕی هاوکاریت دەکەین هەم وەکو ڕێکخستن و هەم وەکو شەخسی خۆم.

عەبدوڵڵا بۆر پەیوەندی دێرینی لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین هەبوو بۆیە پێیخۆشبوو دوای ئەوە جەولەیەکیکرد بۆ دۆڵێ هەرووتیان جەمال هەرووتی بینی ئەویش بەهەمان شێوە ووتی حەزدەکەم بێیتە ئەودیو ئێرە سنورەکەی فراوانە منیش دێمە لای تۆ، لە پایزی ١٩٨٥ سامان گەرمیانی و مامۆستا بەکر هاتنە لای عەبدوڵڵا بۆر ووتیان لەو دوو تیپانە یەکێکیان دەگوازینەوە حەزدەکەین تۆ بێیت چونکە ئێرە سنورەکەی بەر تەسکە دوو تیپ هەڵناگرێ عەبدوڵڵا بۆر ووتی منیش پێمخۆشە بێمە ئەو دیو، بارەگای تیپەکەیان گواستەوە دێی بناوێ، خانویەکی چۆڵ نزیک مالّی حاجی برایم بوو، حاجی برایم ناردی بەدوای عەبدوڵڵا بۆردا دیوەخانێکی دایە بۆ پێشوازی لە خەڵک و میوان و کارووباری تیپ.

دوای گواستنەوەی تیپی ١٩ی کۆرەک بۆ دۆڵی هەرووتیان گۆڕانکاری لە کەرتەکان کرا بەم شێوەیە

١-مام شوان/فەرماندەی کەرت	غازی اسعد ماوەرانی/جێگری کەرت
٢-حسین خدر گەرەویی/فەرماندەی کەرت	عوزێر فەقیانی/جێگری کەرت
٣-جەمال هەرووتی/فەرماندەی کەرت	نەجات/جێگری فەرماندەی کەرت
٤-مام قاسم بلەیی/فەرماندەی کەرت	محەمەد سەعید/جێگری کەرت
٥-حەمە ئاغا/فەرماندەی کەرت	ئەنوەر ئاکۆیی/جێگری کەرت
٦-محەمەد قلۆ/فەرماندەی کەرت	لە سالّی ١٩٨٥ دابڕا

کادیرانی حزبی تیپی ١٩ی کۆرەک

١-مامۆستا سەیفەدین عەلی لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنووری تیپ.
٢-ڕێبین محەمەد سۆفی ڕێکخەری کۆمەڵە لە سنووری تیپ
٣-شاسوار ڕەسوڵ کادیری کۆمەڵە لە سنووری تیپ
٤-مامۆستا هێرش کادیری کۆمەڵە لە سنووری تیپ
٥-هەژار (شبیب) لێپرسراوی کارووباری کۆمەڵایەتی لە سنووری تیپ
٦-دکتۆر هیوا ڕابەری سیاسی تیپ-کۆمەڵە
٧-ئەزوەر چۆمانی لێپرسراوی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕان لە سنووری تیپ
*لە ساڵی ١٩٨٧ حسین بندایزانی گواستراوەتە تیپی ١٩ وەک فەرماندەی تیپ

دەشـــــتی هەریر 1985

تیپی ١٩بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لە ساڵی ١٩٨٥ بۆسەیەکیان لە نێوان سیساوا و باویان دانا، هێزێکی جاش و سەربازکەوتنە بۆسەکەوە لەو بۆسەیەدا ژمارەیەک جاش و سەرباز بەدیل گیران

دەستکەوت

٢٠ کلاشینکۆف

گـــرتنی جاشێك

مەفرەزەیەکی تیپی ١٩ کۆرەک لە شەوی ٢٩-١٩٨٥/٤/٣٠ چوونە ناو شاری ڕەواندوز بە دوای چەند خۆفرۆشێکدا گەڕان، لە ئەنجامدا جاشێکیان دەستگیر کرد بە کەفالەت ئازادیان کرد

لێدانی دوو ڕەبیبە هاوینی 1985

تیپی ١٩ی کۆڕەک و ٨٣ ی هەورێ بەرنامەی لێدانی دوو ڕەبیبەیان دانا، لە دەربەندی شەقڵاوە تا قاسمیبە چاودێری ڕەبیبەکانیانکرد دوو ڕەبیبەکەیان هەڵبژارد بۆ لێدانیان.

بەرنامەی لێدانی هەر دوو ڕەبییەکەیان داڕشت کە کەوتبوونە دەربەندی شەقڵاوە تا خوار هەریرو باتاس تیپی ١٩ی کۆڕەک ڕەبییەی سور سووڕەیان هەڵبژارد هێرش بکەنە سەری.

تیپی ٨٣ی هەوریێ ڕەبییەیەکیان لە سەر جادە دەستنیشانکرد هێرش بکەنە سەری، لە کاتی دیاریکراودا هێرشیانکردە سەر هەر دوو ڕەبییەکەو دەستیان بە سەردا گرت.

بـــــۆسە

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک بۆسەیەکیان لە نێوان حامیەی سەربازی ڕەواندز جوندیان دانا ئۆتۆمبیلێکی تەنکەری ڕژێم کەوتە بۆسەکەوەو ڕانەوەستا پێشمەرگەکان ئازایانە ئاگربارانیانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (٢) سەرباز

سووتاندنی تەنکەرەکە

سنووری چالاکی تیپی ١٩ی کۆڕەک لە بناوێ، خەتێ، ئالانە، دەشتی هەریرو ناوچەی هەریر بوو.

تیپی ١٩ی کۆڕەک دەیان بۆسەیان لە هەریرو دەشتی هەریر بۆ دوژمن دانا، دەیان جار چوونە ناو شاری هەریرو شەقڵاوەو سزای خۆفرۆشانیاندا.

لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٦ لە سەر ڕێگای سیساواو باویان بۆسەیەکیان دانا، هەر چوار دەوری پێشمەرگەکان ڕەبییەی دوژمن بوو، لەو بۆسەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازو سیخوڕو پیاو خراپیان دەستگیر کرد، ٣٠ کەس لە سەربازو جاش بەچەکەوە دەستگیر کران.

لێدانی ڕەبییەی بەنزیخانە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک لە شەوی ١٩٨٦/١/٢/١ چوونە ناو شاری ڕەواندز و هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی بەنزیخانە هێرشەکە هێندە

بە دەست و برد بوو کەس لە دوژمن فریای دەستدانە چەک نەکەوت و لە ماوەی (٥) دەقیقەدا هەموویان دەستگیر کران.

دەستکەوت:

١ قەننـاس و ٤ مەخزەن

٥ کلاشینکۆف و ١٩ مەخزەن

بـــۆسە- هـــەریر

پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ کۆڕەک لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٩ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەریر شەقلاوە دانا ئۆتۆمبێلێکی جاش کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرکانی کۆڕەک لێیاندان

زیانی دوژمن

کوژرانی جاشێک

بەدیلگرتنی ٨ جاش

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

١٠٠ فیشەک

٣ نارنجۆک لەگەڵ تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلێکی سۆپەر

هەوالنامەی کتێب

ئەرکی پێشمەرگانە

ساڵی ١٩٨٦ تیپی ١٩ی کۆڕەک لە زنجیرەی دابان هەلاج ئەرکیان پێسپاردن، دوو کەرتی تیپی ١٩ی کۆڕەک بە سەرپەرشتی جەمال هەرووتی چوونە شاخی دابان هەلاج بە بناری چیای کۆسرەتدا دێ بە دێ ڕۆیشتن بارەگای تیپی ٩٩ی بیتوێن لە شوشکە بوو پەیوەندییان بە تیپی ٤٣ی ئاسۆسەوە کرد مەفرەزەیەک بنێرن بە دوای هێزەکەی تیپی ١٩ی کۆڕەکدا هەتا چاوساخیان بکەن.

تیپی ١٩ی کۆڕەک چوونە تۆربە هەتا لەوێ بپەڕنەوە کە چوونە ناو دێی تۆربە

ژنەکانیان هەموو ڕەشپۆش بوون دێیەکە پیاوی کەم تیا بوو لە ژنەکانیان پرسی کوا پیاوەکانتان ژنەکان دەستیانکرد بە گریان ووتیان (٢٠) ڕۆژ پێش ئێستا کۆپتەر لە بەلەمەکانی ناو ڕووباری تۆربەیدا (١٩) کەسی لە پیاوی ئەم دێیە شەهید کرد.

تیپی کوڕەک بە سواری بەلەم پەڕینەوە، پێشمەرگەکانی تیپی ئاسۆس دیار نەبوون کە بڕیار بوو بێن بەدوایاندا.

پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەک بڕیاریاندا بەرەو مەرگە بڕۆن هەرچی ڕەبییە و مۆڵگەی دوژمن هاتە ڕێیان دەستبەسەردا بگرن، تیپی کوڕەک تەنها شارەزایان جەمال هەرووتی بوو ئەویش جارێک مەرگەی دیبوو.

پێشمەرگەکانی کوڕەک بە ئاڕاستەی مەرگەدا جوڵان هەستیان بە جوڵە کرد (٥٨) پێشمەرگە تفەنگیان ڕاکێشا، ووتیان مەکەن ئێمە تیپی ئاسۆسین هاتووین بەدواتاندا، تیپی ئاسۆس پێش تیپی کوڕەک کەوتن تا مەرگە.

تیپی کوڕەک بارەگایان لە قەرەنگوێ دانا، بەشێکیان لە سەر شاخی هەللاج ئەرکیان پێسپێردرا، کەرتەکان بە نۆرە لە سەر هەلاج ئێشکگر بوون، ماوەی مانگێک لە چیای هەلاج مانەوە.

هەندێک چەکی ئاربیجی، بیکەیسی ، کلاشینکۆف بۆ هێزی پێشمەرگە هاتبوو، تیپەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) و تیپەکانیتر هاتنە سەرگەڵو بۆ وەرگرتنی چەکەکان.

چەکەکان لە ئەشکەوتی گوێزیلە دانرا بوون هەر تیپە و مەفرەزەیەکی هات بۆ بردنی بەشە چەکی خۆیان.

دۆشکەی سەر بارەگای ڕاگەیاندن دەستی بە تەقەکرد فڕۆکەکانی دوژمن سەرگەڵویان بۆردومانکرد باوکێک دوو کوڕی بەر بۆردومانی فڕۆکە کەوتن و شەهید بوون، پێشمەرگەش شەهید و بریندارى هەبوو.

تیپەکان چەکەکانیان وەرگرت و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، دوای مانگێک مانەوە لە چیای هەلاج تیپی ١٩ی کوڕەک نێردرانە بەرزاییەکانی سەر کونە ماسی.

شەڕی سەرگۆڕا
زنجیرەی کۆڕەك شەوەی 10-1987/2/11

(1)

کاک کۆسرەت ناردی بە دوای عەبدوڵڵا بۆر و ڕبیین محەمەد سۆفیدا و ووتی بەتەماین کۆڕەک بگرین، کوڕەک دەگیرێت یان نا .

عەبدوڵڵا بۆر وەڵامیدایەوە و ووتی کاک کۆسرەت من بیرم لە گرتنی کۆڕەک نەکردووەتەوە کاک کۆسرەت ووتی بە تەماین کۆڕک بگرین کەپکە قەل بۆ ئەنگۆ دادەنێیین عەبدوڵڵا بۆر ووتی کاک کۆسرەت گرتنی کەپکەقەل زەحمەتە، کاک کۆسرەت پرسی بۆ زەحمەتە عەبدوڵڵا بۆر بۆی ڕوونکردەوە و ووتی دەبێت ڕەبیەی بەردە گەورە بگیرێت ڕەبیەیەک لەسەر ڕێیە ڕەبیەی مزگەوتی پێدەڵێن لە نێوان کەپکە قەل و ڕەبیەی مزگەوتێ ڕەبیەیەکیتر هەیە دەبێت ئەویش بگیرێت ئەوجا دەچێتە کەپکەقەل.

کاک کۆسرەت ووتی خەڵک هاتیە دەستی لەسنگیدایە دەڵێ من دەیگرم عەبدوڵڵا بۆر ووتی بینێرە ئەگەر گرتی دەستێکی من ببڕە ئێمە شارەزای ناوچەکەین ئەگەر ئێمە نەتوانین بیگرین بەکەسیتر ناگرێت باوەڕناکەم.

کاک کۆسرەت لە وەڵامدا ووتی فەوجێکی جەیشی شەعبی لەناو خەلیفانە ئەوەتان پێدەگیرێت، عەبدوڵڵا بۆر ووتی بە چەپڵەی دەست دەیگرین کاک کۆسرەت ووتی باشە. بڕیارەکە ئەوەبوو چالاکییەکە لە قەڵاتێ بایز بێت هەتا دەچێتە لۆفەی کاولۆکان.

لە دیوی ڕەزانـدز لە ملتەوە کرەوە هەتا دێتە فەوجەکەی سەر سپیلکان و ڕەبیەکانی دۆڵی ئاکۆیان بگیرێت.

کاک کۆسرەت بە عەبدوڵڵا بۆری ووت فەوجی ناو خەلیفان جێدەهێڵین لەسەر گۆڕاو لۆفەکانی کۆڕەکی هەتا سەرێ شوێنێکی لێیە مقەڕی فەوج بوو ئێستە سریەیەکی تێدایە سێ دەبابەی تێدایە ئەنگۆ ئەوێ بگرن، کاک ڕبێبین شارەزاتان بۆ پەیدا بکات هەر ڕەبیەی دوو کەس، عەبدوڵڵا بۆر و ڕبیین گەڕانەوە و هاتنەوە لای مستەفا ووتیان هەر ڕەبیەی دوو شارەزاو دوو شەڕکەر ئامادەبکە لە برادەرانی

هەوالنامەی کێبڕکێ

ڕێکخستن ڕێبین محەمەد سۆفی هەندێک خەڵکی باشی ئامادەکرد هەر ڕەبییەی دوو کەسی بۆ ئامادەکرا.

بەر لەوەی بڕۆن بۆ شەڕەکە عەبدوڵڵا بۆر لە تاراوای کۆبونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد ووتی برادەران ئەمشەو بەنیازین چالاکییەک بکەین کێ ئامادەیە دەستەی هجوم بێت دەست بەرزبکاتەوە هەموو پێشمەرگەکان دەستیان بەرزکردەوە عەبدوڵڵا بۆر ووتی برادەران لە ئێستەوە شوێنەکانی خۆمانگرت شەڕ ورەدەیکات.

دوو ڕەبییە و مقەڕ سریەی کۆنەفەوجەکە بۆ تیپی کۆڕەک دانرابوو، ڕەبییەی سەر شەڕکان و ڕەبییەی جۆلەمێرگ لەگەڵ مقەڕی سریەکە، عەبدوڵڵا بۆر بۆ مقەڕی سریەکە و مام قاسم کرایە کەمین، عەبدوڵڵا بۆر بە هێزەکەی ووت ئەگەر ڕەبییەیەک نەگیرا ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەبییەش بگرین ئەگەر لای ئێمە نەگیرا ئێوە وەرن.

مقەڕ سریەکە سێ دەبابەی تیابوو مەترسی زۆر بوو، سەرگۆڕا تەخت بوو هیچی لێنەبوو پێش ئەوەی بەڕێکەون عەبوڵڵا بۆر سەردانی کاک کۆسرەتیکرد پێیووت ئەوانەی سەر شاخی زەحمەتە بگەنێ کاک کۆسرەت ووتی منیش دەزانم ناگەنێ بەس من لە تۆم دەوێت سێ دەبابەبگریت ناوت دەگۆڕم بۆ عەبدوڵڵا دەبابە، عەبدوڵڵا بۆر پێی ناخۆش بوو ووتی من شەڕ بۆ ناو گۆڕین ناکەم بەڵام بەڵێن دەدەم یان دەیگرین یان نایەینەوە کاک کۆسرەت ووتی وامەڵێ ئیشەڵڵا سەلامەت دەبیت دێیتەوە .

هێزەکان بەڕێکەوتن گەیشتنە نزیک ڕەبییەو سریەکە هەر هێزە چوو بۆ شوێنی خۆی مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ بیتوێن بە فەرماندەیی خەلیل چاوڕەش لەگەڵ عەبدوڵڵا بۆر بوون پێشمەرگەکان چوونە ساتری دەوری ڕەبییەو سریەکە کاتژمێر ٢,٢٧ دەقیقەی شەوی ١٠-١٩٨٧/٢/١١ بوو هێشتا سێ دەقیقە مابوو بۆ کاتی دیاریکراو لەناو لۆفەکان تەقە دروست بوو پێشمەرگەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییە و سریەکە.

عەبدوڵڵا بۆر گەیشتە سەر دەبابەکان تفەنگەکەی مەخزەنی حەفتاو پێنجی لەسەر بوو وەستا ووتی مستەفا مەخزەنێکم بدەرێ مەخزەنەکەی گڕداری لەسەر بوو

عەدولّلا بۆر سەرکەوتە سەر دەبابەیەک و تەقەیکرد دەبابەکە گرپگرت. مام شوان نارنجۆکی خستە ناو دەبابەیەکەوە و سووتاندی لە ماوەیەکی کەمدا سێ دەبابەکە گیران.

لەو هەلّمەتەدا تەنها ڕەبییەیەک نەگیرا کەبەسەر دیوی شەڕکاندا دەیڕوانی ڕەبییەی سەر جۆلەمێرگ و مقەڕ سریەکە گیرا لە ڕەبییە نەگیراوەکەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو بەناوی عەبدۆ عومەر شارسینەیی .

هاوکات لەگەلّ هەلّمەتی پێشمەرگەدا تۆپخانەی شۆڕش تۆبیارانی مقەڕاتی خەلفی فەیلەقی (٥) لە دەشتی دیانە و حامیەی ڕەواندزو مونەزەمەی حزبی بەعس و مەشروعی ئاوەکەیانکردوو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

هەر لەو شەوەدا پێشمەرگەکانی تیپی (١٩) کۆڕەک و مەلّبەندی (٣) بە تۆپ و کاتیۆشا تۆپبارانی (مەرصەد فەلەکی) کۆڕەک و سەنگەرەکانی دەوروبەری مقاوماتی سەر کۆڕەک و سەربازگەکانی دەوروبەریانکردوو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

ئەو پێشمەرگەو فەرماندانەی بەشداری شەڕەکەیانکرد

ڕێبین محەمەد سۆفی ڕێکخەری کۆمەلّە لە سنووری تیپ،مام شوان فەرماندەی کەرت، حاجی ئەسعەد ماوەرانی جێگیر، جەمال هەروتی فەرماندەی کەرت، نەجات قادر جێگر حەماغا فەرماندەی کەرت، بەکرە گۆچ جێگر، عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت ئەنوەر ئاکۆیی جێگیر، مام قاسم بلەیی فەرماندەی کەرت، محەمەد سەعید جێگر، حسێن خدر گەرەوەیی فەرماندەی کەرت، محەمەد حاجی قادر ئاکۆیی جێگر.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٣٥ سەرباز و چەکداری دوژمن

گرتن و سووتاندنی سێ دەبابە و حەوت ئۆتۆمبیلی پیکاب و بەڕازیلی و هەموو کەلوپەلی ناو مقەڕ سریەکەو ڕەبییەکان.

بەدیلگرتنی ١٧ سەرباز و چەکدار

دەستکەوت

١٩ کلاشینکۆف

١ قەناس

١ ئاربی کەی
١ هاوەنی ٦٠ ملم
١ پەڕەشوت
١ جیهازی ١٠٥
قوربانی
شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی (عەبدۆ عومەر شارسینەیی)

گرتنی مقەڕ فەوجی 128-2 مقەڕ سریە 13 ڕەبییە (2)

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەقارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) لە کاتژمێر ٢,٥ی شەوی ١٠-١٩٨٧/٢/١١ لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن بەمجۆرە.

قۆڵی یەکەم

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٧٨ی کاروخ و ٨٣ هەورێ و کەرتی ١و٢و٣و٥و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی هەولێر و کەرتی ١و٢و٣ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی (٣) و هێزی پشتگیری سنووری تیپی ١٢ی سۆران و ٧٨ی کاروخ هێرشیانکردە سەر مقەڕ فەوجی ١٢٨ی ڕەواندز و هەموو ڕەبییەکانی دەوروپشتی کە پێکهاتبوون لە ١١ ڕەبییە، لەماوەیەکی کەمدا دەستیان گرت بەسەر مقەڕ فەوجەکە و ١١ ڕەبییەکەدا، تا کاتژمێر ٦ی بەیانی مانەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ سەرباز و چەکدار
بەدیلگرتی ٨ چەکدار

زیانی دوژمن

سووتاندنی مقەڕ فەوجەکە و ڕەبییەکە
تەقاندنەوەی مەشجەبێکی گەورە
گرتنی ٣ دەبابە و سووتاندنیان

گرتن و سووتاندنی ٣ دۆشەکەی چوار لولە
تێکشکاندنی یەک تۆپی دوور هاوێژ
دەستکەوت
٤ دۆشکە ١٢,٧ ملم
٢ ئاربی جی
٢ دیکتاریۆف
١ ڕەشاشی گرینۆف
٢٧ کلاشنکۆف و مەخزەن
دەمانچەی تەنویر

قۆڵی دووەم
پێشمەرگەکانی ئەم قۆڵە پێکهاتبوون لە تیپی ١٩ی کۆڕەک و کەرتێکی تیپی ٩٩ بیتوێن و بەشێک لە تیپی ٨٧ی قەڕەچۆخ، پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەم قۆڵە هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەی پشتی شەڕکان لەسەر جادەی جۆلە مێرگ و شاخەکانی کۆڕەک لەگەڵ ڕەبییەی حیمایەی سریەکە، لەماوەی ١٥ دەقەدا دەستیان بەسەرداگرتن
زیانی دوژمن
کوژرانی ٣٥ سەرباز و چەکدار
گرتن و سووتاندی ٣ دەبابە و ٧ ئۆتۆمبێل و کەلووپەلی ناو مقەڕ سریەکە و ڕەبییەکان
بەدیلگرتنی ١٧ سەرباز و چەکدار
دەستکەوت
١٩ کلاشینکۆف
١ قەناس
١ ئاربی کەی

هەوڵدەر کێب

١ هاوەن ٦٠ ملم
١ پەڕەشووت
١ جیهازی ١٠٥
قوربانی پێشمەرگە لە هەردوو قۆڵەکە چوار شەهید بوو

هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگە تۆپخانەی شۆڕش بەخەستی تۆپبارانی بارەگاکانی دواوەی فەیلەقی (٥)ی دەکرد لە دەشتی دیانە، هەروەها تۆپبارانی حامیەی ڕەواندز و مونەزەمە و مەشروعی ئاوەکەیان کردوو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

هەریر- شەقلاوە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٩و بارەگای مەڵبەندی (٣) ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ بۆسەیەکیان لە لۆفەکانی سپیلک دانا ناقیلەیەک کەوتە بۆسەکەوەو ئاگربارانیانکرد لە ئەنجامدا ناقیلەکە تێکشکێندرا.

مەفرەزەیەکی بارەگای مەڵبەندی (٣) لە سەر جادەی گشتی هەریر شەقلاوە لە چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیانداو بووە هۆی تێکشکاندنی (٢) جێب قیادەو بریندار کردنی سەرنشینەکانی.

شەهید بوونی ڕەسوڵی حەمەد ئاغا

تیپی ١٩ی کوڕەک هاوشانی تیپەکانیتری مەڵبەندی (٣) لە شەوی ١٩٨٧/٥/٢٩ لە داستانی گرتنی ناحیەی تەقتەق و داموودەزگاکانی ئەو شارەدا بەشدار بوو.

لەو داستانەدا ڕەسوڵی حەمەد ئاغا جێگری تیپی ١٩ی کوڕەک بە تەقینی (مین) شەهید بوو.

هەمان شەو عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت (مین)ی لە ژێر پێدا تەقی و بریندار بوو.

دوای شەهید بوونی ڕەسوڵی حەمەد ئاغا حسێن بندایزانی کرایە فەرماندەی تیپی ١٩ی کوڕەک لە هەمان ساڵدا ئەویش شەهید بوو.

شەهید بوونی حسێن بندایزانی

لە شەڕی ٩ ڕۆژەی سماقولی تیپی ١٩ی کوڕەک بەشداری کاریگەریان کرد لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە یەکەم پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە یەکەم پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی ١٩ی کوڕەک لە قۆپی گەروەتەو دارەبەن و سەندنەوەی قۆپی دارەبەن لە دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٨ حسێن بندایزانی فەرماندەی تیپی ١٩ی کوڕەک شەهید بوو.

پێش شەهید بوونی حسێن بندایزانی فەرمانی سەر تیپی ١٩ی کوڕەکی بۆ دەرچوو بوو بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا وەکو فەرماندەی تیپ دەست بە کار بێت.

چوونە ناو خەلیفان 1987

دوای شەهید بوونی حسێن بندایزانی فەرماندە لە شەڕی سماقولی ئامر سریەیەکی جاش لە خەلیفان وتبووی من حسێن بندایزانیم کوشتووە لە سەفین.

کەرتێکی تیپی ١٩ی کوڕەک بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانی شەوێک چوونە ناو خەلیفان ئامر سریەکە بکوژن بەڵام بەردەست نەکەوت.

پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەک لە ناو خەلیفاندا تووشی شەڕ بوون، پێشمەرگەیەک بە ناوی عومەری حاجی مەلا شەهید بوو.

تیپی کوڕەك لە ساڵی 1988

ساڵی ١٩٨٨ گۆڕانکاری لە فەرماندەی تیپی کوڕەک کرا، جەلال حاجی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەستەی تیپ

- جەلال حاجی فەرماندەی تیپ
- جەمال هەرووتی جێگری فەرماندەی تیپ
- ڕێبین محەمەد سۆفی لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ

چەکی کیمیایی

مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٨ (١٢) فڕۆکەی سیخۆ لە شەڕگەی قۆپی جوانەگا-ڕەشکی لە سەر دووکەڵی (سپی)یان بەردا ئاڕاستەی بایان وەردەگرت تا بە کیمیایی لێبدەن.

فڕۆکەکان لە سەر خەتێ، بناویە، شارستێن بۆردومانیان دەکرد کیمیایی لە شارسێنەی دا بەڵام ئاڕاستەی بایەکە بەرەو خەلیفانی برد لەوێ خەڵکی بریندار کرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەکانی دوژمن لە جیاتی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە بۆمبی کیمیایی لە فەوجێکی جاشیاندا فەوجەکەیان بە پەلە گواستەوە.

دوای ئەنفال

دوای ئەنفال و کۆتایی هاتنی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) تیپی ١٩ی کوردەک وەکو باقی تیپەکانیتر بەرەو سنوور پاشەکشەیانکرد، بەشێکیان بە پارتیزانی مانەوە.

شەهیدانی تیپی 19ی کوردەک

تیپی ١٩ی کوردەک لە سالانی خەبات و تێکۆشانیدا قوربانی زۆری بە کوردستان و (ی ن ک) بەخشی، کە هەریەکە لە چالاکییەک و لە سەنگەرێکدا شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید حسێن بندایزانی فەرماندەی تیپی کوردەک

٢/ شەهید سەلاح خوشکانی ڕابەری سیاسی تیپی ١٩ی کوردەک- لە چەقەری بێرمێ شەهید بوو

٣/ شەهید نەجات قادر هەروتە کۆن لە کێل کێل شەهید بوو

٤/ شەهید کەریم عەولا سەر ڕەش گەرەوانی لە کونە کۆتر شەهید بوو

٥/ شەهید عەبدولموتەڵیب ئەسعەد ماوەرانی لە خوڕ خوڕە شەهید بوو

٦/ شەهید عەبدوڵڵا شارسینەیی لە بناری کوردەک لە سەر گۆڕان شەهید بوو

٧/ شەهید عوسمان عەبۆ فەقیانەیی لە ئەنفالی یەکدا لە خوڕ خوڕە شەهید بوو

٨/ شەهید حسێن فەقیانەیی لە کێل کێل سەری جوانەگا لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوو

٩/ شەهید کامەران گەردی لە چیای پیربایز و لە ئەنفالی یەکدا شەهید بوو

١٠/ شەهید مەهداوی لە خورخورە شەهید بوو
١١/ شەهید ئارام لە خورخورە شەهید بوو
١٢/ شەهید ئازاد دیبەگەیی لە خورخورە شەهید بوو
١٣/ شەهید ڕەمەزان حەمەد ڕەسوڵ لە خورخورە شەهید بوو
١٤/ شەهید محەمەد قادر ئاکۆیی لە دەشتی کۆیە شەهید بوو
١٥/ شەهید ڕەسوڵی حەمەد ئاغا جێگری تیپی ١٩ی کوردەک لە گرتنی ناحیەی تەقتەق شەهید بوو
١٦/ شەهید تەقییەدین گەرەوەیی لە بناوێ شەهید بوو
١٧/ شەهید عومەر ڕماوێژی لە ناو خەلیفان شەهید بوو
١٨/ شەهید مەلا محەمەد شێخ وەسانی ناسراو بە مەلا ڕەش لە کیمیابارانکردنی شێخ وەسانان شەهید بوو
١٩/ شەهید باپیر مەلەکی لە سەرکردایەتی شەهید بوو
٢٠/ شەهید کەریم فەرەج ڕەواندزی دوای ئەنفالەکان دەستگیر کراو دواتر لە سێدارە درا.

ڕاپەڕینی 1991

پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ی کوردەک لە چوارچێوەی تیپ و بەتالیۆنەکاندا لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەریانکرد لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

داستانی کۆڕێ
1991/4/11 1991-/4/7

